# ڕووداو
RÛDAW

ژمارە (486) دووشەممە 2017/12/18 - 27ی سەرماوەزی 2717 (750) دینار


## ڕۆژانە لە کوردستان 31 ژن تەڵاق دەدرێن

**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی ئامارێکی ئەنجوومەنی دادوەری، لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا مارەبڕین لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان ساڵ بەساڵ کەمی کردووە و لەبەرامبەریشدا تەڵاق و جیابوونەوە ڕووی لە هەڵکشان بووە.

لە چوار ساڵ و شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 33 هەزار و 468 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمار کراون، ساڵ بەساڵیش ژمارەکە لە زیادبووندا بووە. ئەگەر پشووەکانی ئەو چوار ساڵە دەربهێنین کە ساڵانە لە هەرێمی کوردستان 125 ڕۆژ پشووە و لە ماوەی ئەو چوار ساڵ و نیوەدا 1079 ڕۆژ لە دادگاکانی کوردستان دەوام کراوە، ئەوا ڕۆژانە زیاتر لە 31 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە لە دادگاکان تۆمارکراون.

بەگوێرەی ئەو ئامارە، پارێزگای سلێمانی بە پلەی یەکەم دێ لە حاڵەتەکانی تەڵاقدا کە لەو ماوەیەدا 13 هەزار و 243 حاڵەتی تێدا تۆمارکراوە، دوای ئەویش هەولێر بەتۆمارکردنی 12 هەزار و 243 حاڵەت پلەی دووەمی گرتووە و دهۆک و پاشان گەرمیانیش لە پلەی سێیەم و چوارەم دێن، بەڵام لەدوو ساڵی ڕابردوودا هەولێر پێش سلێمانی کەوتووە.

«12

**گوتەبێژی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان بۆ (ڕووداو):**

## هیچ ئەگەرێک نییە بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسی ئێزدییەکان

5

**عەلی دۆڵەمەڕی بۆ (ڕووداو):**

## فەرەنسا داوایەکی عێراقی بۆ داخستنی نوێنەرایەتییەکەمان ڕەتکردەوە

4

## گۆڕان لە حکوومەت دەکشێتەوە و لە ئیدارەی پارێزگاکان دەمێنێتەوە

3

**بودجەکەیان 320 ملیار دینارە**

# 105 ملیار دینار لە بودجەی هێزە ئەمنییەکان کەمدەکرێتەوە

2



ئابووری 8

## 214 هۆتێل و مۆتێل لە کوردستان داخراون



ڕاپۆرت 3

**گوتەبێژی پارتی لە سلێمانی:**

## سلێمانی بێ دەرگا و پەنجەرەیە

ژنان 12

## ژنێک بە بەرچاوی چوار منداڵەکەیەوە دەکوژرێ



تاراوگە 11

## کۆچبەرێکی کورد چوار مانگە لە بولگاریا بزرە





## کچە کوردێک دەبێتە فیتەر

**رووداو- هەولێر**

لە شاری مەڵەتییەی باکووری کوردستان کچە کوردێک وەکو یەکەم کچ دەستیکردووە بەکاری فیتەری و دەڵێت، حەز و خولیا وایکردووە ئەو پیشەیە هەڵبژێرێ. گوڵجان جۆشکونی تەمەنی 19ساڵە و لە منداڵییەوە خولیای فیتەری بووە و ئێستا بە ئاواتەکەی گەیشتووە. پیشەی فیتەری یان میکانیک پیشـــەیەکی باوی پیاوانە لە کوردســـتان و ناوچەکانی دیکە، بەڵام گوڵچان ســـەلماندی کە کچانی کوردیش دەتوانن ئەو کارانە بکەن. گوڵجان دەڵێت "لە منداڵییەوە خولیای ئەم کارە بووم و ئۆتۆمبێلم خۆشدەویێت، بۆیە زیاتر حەز بەم کارە دەکەم. هێندەی ئەوەی کە ئافرەتێک دەتوانێت زیاتریشی دەکەم و هەوڵی خۆم دەدەم".

## بودجەکەیان 320 ملیار دینارە

# 105 ملیار دینار لە بودجەی هێزە ئەمنییەکانی کوردستان کەمدەکرێتەوە

فەرماندەیەکی یەکێتی

**خەڵک هەیە یەک رۆژ پێشمەرگە نەبووە، بە شەش ملیۆن دینار خانەنشین کراوە**

وەزارەتی دارایی

**داوامان کردووە مووچەی پێشمەرگەی بێ پلە کەمترین ئازاری بەرکەوێ**



هێشتا روون نییە کەمکردنەوەی مووچەی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیسی کوردستان چۆن و بە چ ئالیەتێک دەبێ

### 30%ـی هێزە ئەمنییەکان پلەدارن

رابەر سدیق، بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری دەڵێ "بەپێی ئامارەکان 30%ی هێزە ئەمنییەکان پلەدارن".
مستەفا چاوڕەش، بەرپرسی مەکتەبی رێکخستنی پێشمەرگەکانی یەکێتی ئەو زانیارییەی وەزارەتی دارایی پشتڕاست کردەوە و بە (رووداو)ی گوت: "پلەدارەکان لە سەربازەکان زیاترن، چونکە کاتی خۆی خەڵکێکی زۆر بە سەقەتی لەسەر میلاکی پێشمەرگە دامەزراون و خانەنشین کراون.. پلەداری وا هەیە تەنیا خانەنشینییەکەی شەش ملیۆن دینارە، ئەمە جگە لە ئیمتیازات".

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

ئەنجوومەنـی وەزیرانـی حکومەتـی هەرێمی کوردستان، هێزە ئەمنییەکانی کوردستانی ئاگادار کردووەتەوە کە مووچەکانیـان کەم دەکرێتەوە، بریـکاری وەزارەتـی داراییش دەڵێـت: "داوامان لە فەرماندەکانی پێشـمەرگە کـردووە ئەزیەتی مووچەی پێشمەرگەی ئاسایی نەدرێ".

فەرماندەیەکـی پێشـمەرگەی یەکێتـی دەڵێـت: "خەڵکێکـی زۆر بە سـەقەتی لەسـەر میلاکی پێشـمەرگە دامەزراون، هەیـە یەک رۆژ پێشـمەرگایەتی نەکـردووە. ئێسـتاش دەبـێ باجەکەی بدەین".

هێشـتا روون نییە کەمکردنـەوەی مووچەی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیسی کوردستان چۆن و بـە چ ئالیەتێـک دەبێ، کـێ دەگرێتەو و کێ ناگرێتەوە؟

حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بڕیاریداوە بەهۆی کەمیی داهات، دەسـتکاری سیسـتەمی مووچـەی هێـزە ئەمنییـەکان بـکات و کەمـی بکاتەوە، وەک چۆن پێشتر مووچەی فەرمانبەرانی کـەم کـردەوە. (رووداو) زانیویەتـی مووچـە و خەرجیی مانگانەی سەرجەم هێزە ئەمنییەکانی کوردسـتان (پێشـمەرگە، ئاسـایش و پۆلیس) 320 ملیـار دینارە، ئێسـتا حکومـەت دەیەوێ 105 ملیـار دیناری لـێ کەم بکاتـەوە، بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە فەرماندەکانی پێشمەرگەیان گوتووە، دیراسەیەک بکەن کە چـۆن دەتوانن مانگانە ئەو 215 ملیار دینارە بەسەر پێشمەرگەدا دابەش بکەن.

تاوەکـو پێـش 16ی ئۆکتۆبـەر، حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان مانگانـە 656 ملیار دینار داهاتـی هەبوو، بـەڵام پـاش 16ی ئۆکتۆبەر و لەدەسـتدانی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک کە رۆژانـە 360 هەزار بەرمیل نەوت لەو کێڵگانەوە هەنـاردە دەکـرا و داهاتەکـەی بـۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، ئێستا داهاتی حکومەت بە گوتەی بەرپرسـانی وەزارەتی دارایی مانگانە تەنیا 400 ملیار دینارە، هەر ئەو کەمبوونەوەی داهاتـە وایکرد کە حکومەت ئەمسـاڵ تەنیا نۆ مووچەی بەپێی سیسـتمی پاشەکەوتی مووچە پێ بدرێ.

رابەر سـدیق، بریـکاری وەزارەتـی دارایی و ئابووری لە بارەی کەمکردنەوەی مووچەی هێزە ئەمنییـەکان کە ئاخۆ پێشـمەرگەی بێ پلەش دەگرێتەوە؟ بە (رووداو)ی گوت: "بەڵێ بودجەی دەزگا ئەمنییـەکان هەمـووی کەمکراوەتـەوە، ئەوەی بۆیـان دیاریکراوە دراوەتە خۆیان، دەبێ خۆیـان بڕیاری لەسـەر بدەن کە چـۆن دابەش بکـرێ و هەماهەنگی لەگـەڵ وەزارەتی داراییش دەکەن".

رابـەر سـەدیق روونیکردەوە کـە "داوامان لە وەزارەتی پێشمەرگە کردووە لە دەستکاریکردنی مووچە، ئەزیەتی مووچەی پێشـمەرگەی بێ پلە نەدەن، بەڵکو بەشێوازێک بێ کەمترین مووچەیان لێ کەمبکرێتەوە".

فەرماندەیەکی وەزارەتی پێشمەرگە کە لەسەر داوای خـۆی ناوەکـەی بڵاوناکرێتـەوە، لەبارەی میکانیزمی کەمکردنەوەی مووچەی پێشمەرگە بە (رووداو)ی گـوت: "ئەگەر ئەو بودجەیەی دانراوە بۆ مووچەی پێشمەرگە، تەنیا لە پلەدارەکان کەم بکرێتەوە، مووچەی هەموو پلەدارەکانیش سـفر بکەین هەر بەش ناکات، بۆیە ناچارین بەشێک لە مووچەی پێشمەرگەی بێ پلەش کەم بکەینەوە".

یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی بەردەم هێزە ئەمنییەکان و پێشـمەرگە، زۆریی پلەدارەکان و خەڵکانێکـن کە پێیاندەگوترێ بندیـوار و دەوام ناکەن، بەڵام مووچەش وەردەگرن، ئەمەش بووەتە بارێکی گران بەسەر بودجەی پێشمەرگەوە.

## سەفین دزەیی، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ (رووداو):

# دوای ئەڵمانیا سەردانی چەند وڵاتێکی دیکەش دەکەین

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

گوتەبێـژی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان رایگەیانـد کـە دوای ئەڵمانیـا سـەردانی چەند وڵاتێکـی دیکـەش دەکـەن و پەیوەندییەکانیان لەگـەڵ تورکیـا بـەرەو ئاسـاییبوونەوە دەچێ، هەروەهـا گوتـی کە ئەمریـکا و وڵاتانـی دیکە گوشـاریان خسـتووەتە سـەر بەغدا بـۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ هەولێر بکات.

رۆژی 2017/12/2 نێچیرڤـان بارزانـی، سـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ قوباد تاڵەبانیی جێگری، لەسەر داوای سەرۆکی فەرەنسـا گەیشتنە پاریس، بەمەش ئەو ئابڵوقە دیبلۆماسـییەی بەغدا خسـتبوویە سەر هەرێمی کوردسـتان، لەلایـەن فەرەنسـاوە شـکێنرا. وا بڕیـارە ئەمـڕۆ دووشـەممە 2017/12/18 شـاندێکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بە سـەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی، لەسـەر داوای حکومەتی ئەڵمانیا سەردانی ئەو وڵاتە بکەن.

سـەفین دزەیی کە ئەندامێکی شاندەکەیە بۆ سـەردانەکەی ئەڵمانیا بە (رووداو)ی راگەیاند: "یەکێـک لـە ئامانجەکانـی حکومەتـی عێـراق لـەو ئابڵوقەیەی خسـتوویەتییە سـەر گەشـتە نێودەوڵەتییەکانـی فڕۆکەخانەکانـی هەرێمـی کوردسـتان، ئەوەیـە کـە هەمـوو دەرگاکانـی هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ وڵاتانـی جیهـان دابخـات، بۆ ئەوەی بەرپرسـانی جیهان نەتوانن سـەردانی هەرێمی کوردسـتان بکەن و راستیی رووداو و سـەرپێچییەکانی بەغـدا بەرامبـەر هەرێمـی کوردسـتان بزانـن، بـەڵام پلانەکانی سەری نەگرت، ئەوە ئێمە سەردانی فەرەنسامان کرد و دەچینە ئەڵمانیاش".

سـەفین دزەیی باسـی وێسـتگەی داهاتووی شـاندی حکومەتی هەرێمی کوردسـتانی کرد و گوتی "دوای ئەڵمانیا، بەریتانیاش داوای کردووە سـەردانیان بکەین و رەوشـی کوردسـتانیان بۆ روون بکەینەوە، بۆیە جگە لە ئەڵمانیا، بەنیازین سەردانی چەند وڵاتێکی دیکەی ئەورووپا و جیهان بکەین".

بـەر لـە ئەنجامدانـی گشتپرسـی، هەرێمی کوردستان، پشتیوانییەکی نێودەوڵەتیی بەهێزی هەبـوو، بـەڵام دوای گشتپرسـی دەرکەوت ئەو پشتیوانییە تەنیا پەیوەندی بە شەڕی داعشەوە هەبوو، چونکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە کردار هیـچ کاردانەوەیەکی نەبوو بەرامبـەر پەلاماری هێزەکانی عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بۆ سـەر کەرکووک، هەروەها ئەو سـزایانەی کە حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق بەسەر هەرێمی کوردستانیدا سەپاند، لەوانەش راگرتنی گەشـتە نێودەوڵەتییـەکان لـە فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستانەوە.

بەرپرسـانی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان چەندینجـار ئامادەیـی خۆیـان نیشـانداوە بـۆ گفتوگـۆ و دانوسـتاندن لەگـەڵ بەغـدا، بـەڵام بەغـدا چەند جارێک رایگەیاندووە کە بە مەرجی هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجامـی گشتپرسـییەکەی 25ی ئەیلـول دێتـە ژێربـاری گفتوگـۆ لەگـەڵ هەرێمی کوردستان.

**لەگەڵ تورکیاش پەیوەندیمان دروست بووە**

سەفین دزەیی لەبارەی دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا دەڵێت: "زۆر گەشبینم بە داهاتووی هەرێمی کوردستان، ئەم رەوشە بەردەوام نابێ، وڵاتانـی جیهـان زۆر لە هەڵوێسـتی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان رازین کـە ئامادەیی خۆی بـۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا نیشـان داوە. ئێسـتا گوشـارێکی زۆر لەسـەر بەغدا هەیـە بۆ ئەوەی دەسـت بە گفتوگـۆ لەگەڵ هەرێمی کوردسـتان بکات".

تورکیـا یەکێک بوو لەو وڵاتانەی کاردانەوەی تونـدی بەرامبـەر گشتپرسـییەکەی باشـووری کوردستان هەبوو. سەبارەت بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ تورکیـا، گوتەبێژی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان گوتی: "ئێسـتا پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا دروستبوونەتەوە، بـەڵام هێشـتا نەگەیشـتووەتە پەیوەندیـی راستەخۆ، هەوڵەکان بەردەوامن و بە ئومێدین لە ماوەی داهاتوودا جارێکی دیکە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیا ئاسایی ببنەوە".

گوتیشی: "بەخۆشحاڵییەوە تورکیا دەرگای بۆ کردینەوە و شاندەکانی حکومەت لە تورکیاوە دەگەنە وڵاتانی ئەورووپا".

## سوپای عێراق نایکاتەوە

# پێشمەرگە رێگای شنگال –دهۆک دەکاتەوە

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

هێزەکانی پێشـمەرگە لە میحوەری رۆژئاوای دیجلە بڕیاریان داوە، رێگای نێوان قەزای شنگال و پارێـزگای دهـۆک بکەنـەوە، بـەڵام سـوپای عێـراق ئامـادە نییە رێگاکە بکاتەوە. سـەرۆکی ئەنجوومەنـی ناحیـەی زوممار دەڵێـت پەیامی پێشـمەرگەمان گەیاندە فەرماندەکانی سـوپای عێراق، بەڵام ئەوان گوتیان کردنەوەی رێگاکە لە دەسەڵاتی ئەواندا نییە.

دوای ئـەوەی هێزەکانـی عێراق و حەشـدی شـەعبی لە 17ی ئۆکتۆبـەری رابردوو بەبێ هیچ بەرگرییەک هاتنە نێو قەزای شـنگال و ناحیەی سـنوونێ، لـەو رۆژەوە رێگای نێوان شـنگال و دهۆک داخراوە، لەو کاتەوە چەندین کەسایەتی و رێکخراوەکانی کوردی ئێزدی داوای کردنەوەی ئەو رێگایەیان کردوە.

ئێلیاس خەلەف، کوردێکی ئێزدییە و لە کەمپی شـاریا لە دهۆک نیشتەجێیە دەڵێت "گرتنی ئەو رێگایـە زۆربەی خێزانەکانی شـنگالی لە یەکدی دابڕاندووە، بەشـێکیان لێرەن و بەشێکیشـان لە شـنگالن، ئێسـتا دوو لە کوڕەکانم لە شـنگالن، چاوەڕێی کردنـەوەی ئەو رێگایەین بۆ ئەوەی بە یەکدی شادببینەوە".

پێشتر خەڵکی شنگال لە دهۆک بە دوو کاژێر دەگەیشـتنە نێو ناحیەی سـنونێ، بەڵام ئێستا دەبـێ بە رێگای خازردا بچنە مووسـڵ، لەوێ بۆ تەلعەفەر، ئینجا بۆ شـنگال، ئەوەش پێنج کاژێر دەخایەنێ.

بابەکر زێبـاری، سەرپەرشـتیاری هێزەکانی پێشـمەرگە لـە میحـوەری رۆژئـاوای دیجلە بە (رووداو)ی راگەیاند"لەسـەر داوای خەڵکـی شنگال، وەزارەتی پێشمەرگە بڕیاری داوە رێگای دهۆک- شنگال بکاتەوە. دوای کردنەوەی رێگاکە بازگەیەک لە زوممار دادەنێین".

هەروەها ئاشتی کۆچەر، بەڕێوەبەری ئاسایشی رۆژئـاوای دیجلـە بـە (رووداو)ی گـوت "بڕیاری کردنەوەی رێگاکە دراوە، تەنیا ئەوە ماوە کە چۆن کۆنترۆڵی هاتوچۆی خەڵک بکەین". سەبارەت بە هەڵوێسـتی سـوپای عێراقیش، ئاشـتی کۆچەر گوتی "نازانین هەڵوێستی ئەوان چی دەبێ، بەڵام ئێمە بڕیاری خۆمان داوە رێگاکە بکەینەوە".

ئەحمەد مەلا حەسـەن سەرۆکی ئەنجوومەنی ناحیـەی زوممـار کـە ئـاگاداری هەوڵەکانـی کردنەوەی ئەو رێگایەیە بە (رووداو)ی گوت "دوای ئەوەی پێشمەرگە ئامادەیی خۆی دەربڕی رێگاکە بکاتەوە، رۆژی 2017/12/17 سەردانی هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵمان کرد لە زوممار، ئەوان گوتیان بەبێ بڕیاری سەرووی خۆمان رێگاکە ناکەینەوە".

# هەڵمەتێکی گەورەی هاوکاری بۆ دەربەندیخان لەڕێی رووداوەوە

**رووداو – دەربەندیخان**

(تـۆڕی میدیایـی رووداو) کەمپینێـک بەناوی (رووداوی دەربەندیخـان) رادەگەیەنـێ، بەهۆیەوە خێرخوازان بە سـەتان هەزار دۆلار و پێداویستییان پێشکەشـی زیانلێکەوتووانی بومەلەرزەکەی مانگی رابردوو کرد.

رۆژی 2017/11/12 بومەلەرزەیەک باشـوور و رۆژهەڵاتی کوردستانی هەژاند، بەهۆیەوە 8 کەس لە دەربەندیخان گیانیان لەدەستدا و چەندین خانوو و باڵەخانە و فەرمانگەی حکومەت و رێگەوبان زیانیان بەرکەوت.

شەوی شـەممە 2017/12/16 رەنج سەنگاوی، پێشکەشـکاری بەرنامـەی لەگـەڵ رەنـج لـە دەربەندیخانەوە کەمپەینی "رووداوی دەربەندیخان"ی راگەیانـد، دوای کەمپینەکـە هاوکارییەکـی زۆر بۆ لێقەوماوانی بومەلەرزەکە کۆکرایەوە.

### هاوکارییەکانی سەرمایەداران تا ئێستا:

– خالیـد وەلـی سـاڵح، بەڕێوەبەری گشـتیی دەزگای خێرخوازیـی حاجـی یەحیـا، 150 ملیۆن دینار هاوکاری بۆ کەمپینەکە راگەیاند.

–زاگرۆس فەتاح، بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی پلاندانـان بەناوی حکومـەت و وەزارەتی پلاندانان بڕی 1000 تۆن چیمەنتۆ.

– عەلـی، خاوەنی کارگەی شیشـی (ئێف ئێف ستیل) 100 تۆن شیش.

– رەسوڵ شـێخ نووری، خاوەنی گرووپی کات، ئامادەیـی دەربڕی شـەقامێکی یـەک کیلۆمەتری دروست بکات.

– عومـەر ئیسـماعیل، بەڕێوەبـەری رێپێدراوی کۆمپانیای ماس بۆ پیشەسـازیی چیمەنتۆ، 1000 تۆن چیمەنتۆ.

– عوسـمان قـادر محەممـەد، لـە کۆمپانیـای سلێمانی ستیل، 20 تۆن شیش.

– سـەعد حاجی فایەق، بەڕێوەبەری پایۆنیر بۆ پیشەسازیی دەرمان دوو ساردکەرەوە و پێداویستیی دیکەی دەرمان. وەکو بنەماڵەکەش 500 سـۆپا بۆ زیانلکەوتووانی رووداوەکە.

– یاسین رەسوڵ، نوێنەری گرووپی کۆمپانیاکانی هەڵەبجە، بەناوی بنەماڵەی حاجی محەممەد بامۆکی و ئاسـۆ محەممەد بامۆکی دابینکردنی 100 هەزار خشت.

– سـیروان حەسـەن، بەڕێوەبـەری کارگێڕیـی کۆمپانیـای سـەردار گـرووپ لـە سـلێمانی پێشکەشکردنی شۆفلێکی لە جۆری شانتور

– د.بـارام رەسـوڵ، بەڕێوەبـەری کۆمپانیـای ئاوامێدیـکا بـۆ پیشەسـازیی دەرمان لـە هەولێر، پێشکەشـکردنی پێداویستییەکانی دەربەندیخان لە دەرمان.

– حاجـی عیماد میقداد نەجار، خاوەنی گرووپی کۆمپانیاکانی ڤانە لە هەولێر گەیاندنی بارهەڵگرێک لـە جلوبـەرگ بۆ منداڵان و ئافرەتـان و پیاوان بۆ خەڵکی دەربەندیخان.

– حاجی ئیدریس، 50 ملیۆن دینار.

– عەبدولڕەحمـان حاجـی عەلـی، خاوەنـی کۆمپانیای بەرلین کێبڵ، 50 کارتۆن وایەری سیمس.

– شـێخ مەحموود بەرزنجـی، خاوەنی گرووپی کار، پێشکەشـکردنی 2000 تـۆن چیمەنتۆ و 50 هەزار دۆلار.

– سـالار مستەفا حەکیم، لەگەڵ نیعمەت خانی حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا، 10 هەزار دۆلار.

– حاجـی ئـازاد، خاوەنی گرووپـی کۆمپانیای جیهان، 150 ملیۆن دینار.

– حاکـم قـادر حەمەجـان، ئەندامـی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، 50 سۆبە.

– دکتۆر ئالان لە کۆمپانیای نیڤار 100 سۆبە.

– کۆمپانیای پایۆنێر جگە لە دەرمانی ئەم وەرزە و چەنـد خێمەیەکی بچـووک، خێمەیەکی گەورەی 200 مەتر چوارگۆشەی بۆ گەڕەکێکی دەربەندیخان دابینکرد، بەهای خێمەکە 25 هەزار دۆلارە.

راپۆرت
رووداو
ژمارە (486) - دووشەممە 2017/12/18



## نێچیرڤان بارزانی نامەیەک بۆ پەرلەمان دەنێرێ

**رووداو- هەولێر**

رۆژی 2017/12/17، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لەبارەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، نامەیەکی ئاراستەی پەرلەمان کرد و داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەماوەی سێ مانگ تێپەڕنەکات. نامەکەی نێچیرڤان بارزانی، وەڵامی یاداشتێکی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بوو. نێچیرڤان بارزانی لە نامەکەدا دەڵێت "دوای سەردانمان بۆ لای زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و تاوتوێکردنی دۆخی سیاسیی کوردستان و زەرورەتی پاراستنی یەکریزی ناوخۆیی و زەمینەسازی بۆ هەڵبژاردنەکان، بەو ئەنجامە گەیشتین کە گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی گەل و ئەنجامدانی هەڵبژاردن باشترین بژاردەیە بۆ زامنکردنی یەکریزی و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان".

## جڤاتی گشتی بڕیاری داوە

# گۆڕان لە حکومەت دەکشێتەوە و لە ئیدارەی پارێزگاکان دەمێنێتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

دوو رای جیاوازی نێو بزووتنەوەی گۆڕان چاوەڕوانی کۆبوونەوەی رۆژی سێشەممەی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەکەن بۆ ئەوەی چەند پرسێکی گرنگی تایبەت بەو بزووتنەوەیە یەکلایی بکەنەوە لەبارەی مانەوە یان کشانەوەی یەکجاری لە حکومەت. ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ "ئەگەر بەپێی دەنگی ئەندامانی جڤات بێت، رۆژی سێشەممە گۆڕان کشانەوەی وەزیرەکانی لە حکومەت رادەگەیەنێ". بەڵام بۆچوونێکیش هەیە کە پێیوایە دەبێ تاوەکو هەڵبژاردن بمێننەوە.

شێروان ئیبراهیم، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان، هەرچەندە هێشتا دڵنیانییە لەوەی ئەنجامی کۆبوونەوەکەی رۆژی سێشەممە چۆن دەبێ، بەڵام ئاماژە بۆ کۆبوونەوەی رۆژی پێنجشەممەی رابردووی جڤاتی گشتیی بزووتنەوەکەیان دەکات کە بە زۆرینەی دەنگ کشانەوەیان لە حکومەت پەسەند کرد: "بەپێی زانیارییەکانی من لە کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانیش بە زۆرینەی دەنگ هەمان بڕیار دەدرێ".

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ، ئەوان پێشتر ژمارەیەک کۆبوونەوەیان لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی و قەوارەکەی بەرهەم ساڵح کردووە و دۆخی دوای کشانەوە لە حکومەتیان تاوتوێ کردووە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی رزگاریی نیشتمانی، یان حکومەتێکی کاتی. بەڵام دەڵێ: "ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە لەو کۆبوونەوەیەدا، تەنیا بڕیاری کشانەوە نییە، چونکە دەبێ بە وردی گفتوگۆش لەسەر ئەوە بکرێ لە قۆناغی دوای کشانەوە، گۆڕان چی دەکات و چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە دەکات و پلان و کارنامەی چی دەبێ، پرس و رایەکان جیاوازن، بەڵام بۆچوونی زۆرینە ئەوەیە بکشێینەوە و وەزیرەکانمان دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان رابگەیێنن".

دوای دەستبەرداربوون لە پۆستی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی لە ساڵی 2006، نەوشیروان مستەفا خۆی تەرخانکرد بۆ قۆناغێکی دیکەی کاری سیاسی. سەرەتا بە دامەزراندنی کۆمپانیایەکی راگەیاندن و دواتر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی 2009 دا لیستێکی بەناوی گۆڕان خستە نێو کێبڕکێی هەڵبژاردنەوە و 25 کورسی پەرلەمانی بردەوە. دواتر لەگەڵ هەریەک لە کۆمەڵ و یەکگرتوو بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنیان پێکهێنا. لە هەڵبژاردنی دوایی پەرلەمانی کوردستانیشدا، نەوشیروان مستەفا رێبەری کۆچکردوی بزووتنەوەکە 4 ساڵی ئارامی راگەیاند و بڕیاری بەشداریکردنی لە حکومەت دا، بەڵام هەر ساڵ و نیوێک بەسەر ئەو بەشداریکردنەدا تێپەڕی و بەهۆی ناکۆکیی گۆڕان و پارتی لەسەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، کێشەکان ئاڵۆز بوون و وەزیرەکانی گۆڕان رێگرییان لێکرا و لەوکاتەوە ئەوان بەبێ ئەوەی کاری خۆیان بکەن، وەک وەزیر ماونەتەوە.

بەڵام چەند رۆژێکی کەمە هەڤاڵ ئەبوبەکر، وەک پارێزگاری سلێمانی دەستبەکار بووە. ئەوەش پرسیارێکە لە بەردەم بزووتنەوەکەدا کە ئاخۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو پۆستانە دەکات لە حکومەتە خۆجێییەکانی سلێمانی و هەڵەبجە؟ کوێستان محەممەد، پەرلەمانتاری بزووتنەوەکە لە خولی پێشووی پەرلەمان و هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ "مەرج نییە کشانەوەی گۆڕان لە حکومەت بەمانای کشانەوە لە ئیدارەی پارێزگای سلێمانی بێت". گوتیشی: "هەڤاڵ ئەبوبەکر وەک پارێزگاری سلێمانی دەمێنێتەوە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (رووداو) لە چەند بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕانەوە دەستیکەوتوون، عومەری سەید عەلی، رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان و ژمارەیەک لە ئەندامانی خانەی راپەڕاندن، هێشتا بڕوایان وایە کشانەوە لە حکومەت و پەرەسەندنی نارەزایەتییەکان و ئەگەری سەرهەڵدانی پشێوی، بەگشتی بۆ ئەزموونی هەرێمی کوردستان خراپ دەکەوێتەوە. تەنانەت رێکخەری گشتیی بزووتنەوەکە بە ژمارەیەک لە بەرپرسانی بزووتنەوەکەی گوتووە دەکرێ گۆڕان رەچاوی ئەوە بکات کە ئێستا هەرێمی کوردستان بارودۆخێکی تەواو جیاوازی لە ساڵانی پێشوو هەیە و دەستگرتن بەسەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لەلایەن حەشدی شەعبی، نموونەیەکی نزیکە.

بەڵام هەموو ئەو ئەگەرانەی بەشێک لە بەرپرسانی بزووتنەوەکە لەبەرچاویان گرتووە، وای نەکردووە سەرکردەی وەک قادری حاجی عەلی کە بە جوڵێنەری داخوازیی کشانەوە لە حکومەت و هەڵوەشاندنەوەی سەرکردایەتی هاوبەشی گۆڕان و یەکێتی دەزانرێ، سارد ببێتەوە لە داخوازییەکانی. ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، پێیوایە لە دوو ساڵی رابردوودا گۆڕان دەیتوانی شەقام بە قورسی بجوڵێنێ و حکومەت بخاتە لێواری مەترسی هەڵوەشانەوە "بەڵام ئێمە پێمانوابوو یەکێتی و پارتی ملدەدەن بۆ ئەوەی بەدەم داخوازییەکانی گۆڕانەوە بێن، ئێستاش پێکهێنانی حکومەتی کاتی یان حکومەتی رزگاری نیشتمانی، بژارەیەکی باشە ئەگەر پەسەندی بکەن".

گۆڕان لەوەتەی دامەزراوە، زۆرترین پرۆژە و پاکێج و راگەیێندراوی هەبووە. دواهەمین پرۆژەشی کە رادەستی تەواوی لایەنەکانی کردووە، حکومەتی کاتییە کە ئامادەکاریی بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو بکات، بەڵام ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان پێیوایە پارتی بەو پرۆژەیە رازی نابێ، بۆیە وەڵامیان ناداتەوە.

شێروان ئیبراهیم دەڵێ ئێمە پێش ئەوەی کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانی بکەین، لەگەڵ کۆمەڵ دادەنیشین تاوەکو بزانین ئەوان چی دەکەن و بڕیاری چی دەدەن "لە هەموو حاڵەتێکدا کشانەوە لە حکومەت قۆناغی یەکەمە و رەنگە لە قۆناغی دووەمدا ئەگەر پێویستی کرد، بیر لەوە بکەینەوە کە ئاخۆ لە ئیدارەی خۆجێیی پارێزگاکانیش دەکشێینەوە یان نا".

## گوتەبێژی پارتی لە سلێمانی:

# سلێمانی بێ دەرگا و پەنجەرەیە

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

چەندین گرووپی ناڕازی لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بڕیاریان داوە ئەمڕۆ دووشەممە خۆپیشاندان بکەن، بەهۆیەوە بزووتنەوەی گۆڕان کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانی بۆ بڕیاردان لەسەر کشانەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بوونە ئۆپۆزسیۆن دواخست، گوتەبێژی سەرکردایەتی پارتیش لە پارێزگای سلێمانی-هەڵەبجە دەڵێت ترسیان لە دەستێوەردانی دەرەکی هەیە "چونکە سلێمانی بێ دەرگا و پەنجەرەیە".

بڕیارە رۆژی 2017/12/18 ئەنجوومەنی مامۆستایانی ناڕازی لەبەردەم پەروەردەی رۆژئاوای سلێمانی خۆپیشاندان لەدژی دواکەوتنی مووچەکانیان بکەن، بەڵام نایانەوێ هیچ حیزبێک خۆی بکاتە خاوەنی خۆپیشاندانەکە. عادل حەسەن، ئەندامی ئەنجوومەنی مامۆستایانی ناڕازی بە (رووداو)ی راگەیاند: "داوامان لە حیزبەکان کردووە خۆپیشاندانی مامۆستایان و چین و توێژەکانی کوردستان بۆ مەرامی سیاسی بەکارنەهێنن، سوپاسی پشتیوانییان دەکەین، بەڵام با لە مینبەرەکانی خۆیانەوە پشتیگریمان بکەن".

ئەگەرچی خۆپیشاندان لە کوردستان بە یاسا رێکخراوە و پێویستی بە مۆڵەتی یەکەی ئیداریی ناوچەکە هەیە، بەڵام ئاوات محەممەد، قایمقامی قەزای ناوەندیی سلێمانی و سەرۆکی لیژنەی ئەمنیی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت: "هیچ کەس مۆڵەتی بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان وەرنەگرتووە، بەڵام ئێمە تەواوی رێوشوێنە ئەمنییەکان و ئامادەباشییەکان دەگرینەبەر، رێگاش نادەین کەس ئاسایشی سلێمانی و هاونیشتمانیان تێکبدات".

### پارتی لەگەڵ خۆپیشاندانە

لەگەڵ بەرێوەچوونی هەر خۆپیشاندان و

> **هیچ حیزبێک ناتوانێت سواری شەپۆلی خۆپیشاندان بێت**
>
> مامۆستایانی ناڕازی لە هەڵەبجە

> **مانگرتنی سەرتاسەری رادەگەیێنین**
>
> بەرەی خەڵک لە راپەڕین

نارەزایەتییەکی جەماوەری لە سنووری پارێزگای سلێمانی، خەیاڵی زۆر کەس بەلای پەلاماردانی بارەگاکانی پارتیدا دەچێ، چونکە زۆر کەس پێیوایە پارتی بەرپرسیاری یەکەمی قەیرانەکانە، بەڵام عادل حەسەن دەڵێ "ئاراستەی خۆپیشاندانەکانی ئێمە بەردەم دامەزراوە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقە، نەک بارەگای حیزبەکان".

عەتا شێخ حەسەن، گوتەبێژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی لە سلێمانی- هەڵەبجە بە (رووداو)ی گوت: "ئێمە لەگەڵ تەواوی داخوازییە رەواکانی خەڵکی کوردستانین، خۆپیشاندانیش مافێکی رەوای خەڵکە، بەڵام هەندێک حیزب و لایەن دەیانەوێ ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بگۆڕن و داخوازییە سیاسییەکانیان لە رێگای خۆپیشاندانەوە بهێننەدی".

عەتا شێخ حەسەن رەتیکردەوە داوایان لە دەزگا ئەمنییەکانی سلێمانی کردبێت بارەگاکانیان بپارێزن و گوتی: "پارتی لەڕووی مەعنەوییەوە لە سلێمانییە، هیچ جومگەیەکی حوکمڕانی لەم شارە لەدەستی ئێمە نییە".

عەتا شێخ حەسەن ترسی حیزبەکەی لە شێواندنی دۆخەکە ناشارێتەوە و دەڵێ: "ئێمە خوازیارین خۆپیشاندان بە ئاشتیانە بەڕێوەبچێ، بەڵام ئەوەی هەندێک بەرپرسی یەکێتی لە چەند رۆژی رابردوو بانگەوازی بۆ دەکەن خۆپیشاندان نییە، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ دواوە، کوردستان بە دۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت، بەداخەوە سلێمانی ئێستا بێ دەرگا و پەنجەرەیە، ترسمان لە دەستێوەردانی دەرەکی و قوڵکردنەوەی ناکۆکیی لایەنە سیاسییەکان هەیە".

### مامۆستایان چاودێری خۆپیشاندانەکەی هەڵەبجە دەکەن

لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی سەنتەری پارێزگای سلێمانی، لە پارێزگای هەڵەبجە و دەڤەری راپەڕین و گەرمیان هەماهەنگی بۆ خۆپیشاندان دەکرێ، بەڵام تاوەکو ئێستا بڕیاری خۆپیشاندانی سەرتاسەری لە رۆنی سەوز نەدراوە.

دانا عەبدول، ئەندامەی دەستەی مامۆستایانی ناڕازی لە پارێزگای هەڵەبجە بە (رووداو)ی راگەیاند: "هەماهەنگی هەیە، بەڵام ئێمە نامەوێت هیچ لایەنێک لە هەڵەبجە سواری شەپۆلی نارەزایەتیی خەڵک بێت و خاوەنداریێتی خۆپیشاندانەکان بکات".

دانا عەبدول گوتی کە بۆ خۆپیشاندانەکانیان مۆڵەتیان وەرنەگرتووە "ئێمە شوێن و کاتی گردبوونەوە و خۆپیشاندانەکان دیاری دەکەین و ئامادەکاری باشیش دەکەین، جگە لە پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، خۆشمان 160 مامۆستا وەکو چاودێری خۆپیشاندانەکە دادەنێین، بۆیە ناهێڵێن هیچ حیزبێک خۆی بکاتە خاوەنی".

### راپەڕین باوەڕی بە مۆڵەت نییە

لە دەڤەری راپەڕین بەرەیەک بە ناوی داکۆکی لە مافەکانی خەڵک دروستکراوە. یاسین عەبدوڵڵا،

> **ناچینە بەردەم بارەگای حیزبەکان**
>
> مامۆستایانی ناڕازی لە سلێمانی

ئەندامی ئەو بەرەیە بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەو بەرەیەی رامانگەیاندووە سەرجەم چین و توێژەکان لەخۆدەگرێ، ئێمە ئامادە نین مۆڵەت وەربگرین، چونکە شتێک نەماوە بە ناوی حکومەت، خۆمان ئامادە دەکەین مانگرتنی سەرتاسەری لە دەڤەری راپەڕین رابگەیەنین و دامودەزگاکانی حکومەت دابخەین".

داواکاری بۆ بەرێوەچوونی خۆپیشاندانی سەرتاسەری تەنیا لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەیە، هیچ کەس و لایەنێک داوای مۆڵەتی خۆپیشاندانی لە سنووری پارێزگای هەولێر نەکردووە. تاهیر عەبدوڵڵا، جێگری پارێزگاری هەولێر بە رووداوی راگەیاند: "هەر کەس و لایەنێک داوای بکات بەپێی یاسا و رێوشوێنەکان مۆڵەتی پێدەدەین".

### گۆڕان چاوەڕێی خۆپیشاندانەکانە

کۆتایی هەفتەی رابردوو، جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان پێشنیازی کشانەوەی گۆڕانی لە حکومەت و ئۆپۆزسیۆنبوونی پەسەندکرد، بڕیاربوو لە سەرەتای ئەم هەفتەیە بە فەرمی جڤاتی نیشتمانی ئەو بڕیارە پەسەند بکات، بەڵام دەنگۆی ئەنجامدانی خۆپیشاندانی سەرتاسەری لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە کۆبوونەوەکەی گۆڕانی دواخست.

چالاک موهەندیس، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان بە (رووداو)ی راگەیاند: "کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانی لەبەر هەستیاری ئەو بارودۆخە بۆ کاتێکی نادیار دواخراوە، یەکێکیان بەهۆی بانگەوازانەیە کە بۆ خۆپیشاندان دەکرێت، گۆڕان بە بەرپرسیارییەتییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە دەکات، دەمانەوێ تاوتوێی کشانەوە لە حکومەت و ئیدارەی پارێزگاکان بکەین، چی گونجاو بێت بۆ خەڵک بەم شێوەیە بڕیار دەدەین، بەڵام ئۆپۆزسیۆنبوون بەهێزترین بژارەیە".

لە بارەی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکانی ئەمڕۆ، چالاک موهەندیس گوتی "خۆپیشاندان دوایین بژارەمانە، گۆڕان بزووتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەرییە بژارەی زۆری هەیە، شەڕی ئێمە شەڕێکی سیاسی و دیبلۆماسییە بە پلەی یەک لەگەڵ پارتی و پاشان یەکێتی. بە قەناعەتی ئێمە یەکێتی و پارتی یەک مەعدەنن، تەنیا ناو و رەنگیان جیاوازە. گۆڕان ئەگەر بیەوێت خۆپیشاندان بکات لە هەموو شارەکان بە گەورە و بەرفراوانی دەیکات".

### ئیسلامییەکان لەگەڵ خۆپیشان نین

سلێمانی بە پلە یەک شوێنی نفووزی گۆڕان و یەکێتییە، بەڵام کۆمەڵ و یەکگرتووش وجودیان هەیە، هەر یەک لە هاوپەیمانێتییەکەی بەرهەم ساڵح و نەوەی نوێش دوو هێزی تاقینەکراوەن و خۆیان بە خاوەنی دەنگە نارەزاییەکانی ئەم زۆنە دەزانن.

(رووداو) زانیویەتی هەر دوو پارتە ئیسلامییەکە خۆپیشاندان بە بژارەی گونجاو نازانن داوایان لە بەرپرس و کادیران کردووە کە بەشداری خۆپیشاندان بەبێ پرسی حیزب نەکەن و میدیاکانی خۆشیان ئاگادارکردووتەوە کە هانی خەڵک نەدەن.

## عەبادی مامۆستایانی ناڕازی نابینێ

لە سەرەتای ئەم مانگە لە رێگای بەرپرسێکی کوردەوە مامۆستایانی ناڕازی سلێمانی نامەیەکیان ئاراستەی حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق کردووە و داوای کۆبوونەوەیان لێکردووە، بەڵام عەبادی ئامادە نییە مامۆستایانی ناڕازی ببێن و پەیامێکی زارەکی ناردووە و گوتوویەتی "بە کردار وەڵامی مامۆستایان دەدەمەوە".
عادل حەسەن لەبارەی ئەو نامەیەی بۆ عەبادی نێردراوە گوتی "عەبادی نایەوێ هیچ کوردێک بە فەرمی ببینێ، چونکە پرسی کورد ماددەیەکی باشی هەڵبژاردنە، هیوادارین عەبادی راستگۆ بێت و خاوەنی بەڵێنەکەی بێ، داوامان لێکرد ئەگەر مووچەی هەموو فەرمانبەرانیش نادات با مووچەی فەرمانبەرانی حەقیقی و وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان بدات".



رووداو
راپۆرت
ژمارە ( 486 ) – دووشەممە 2017/12/18

## مەولود باوە موراد: عێراق ئەفسەری بۆ فڕۆکەخانەکان نەناردووە



**رووداو– هەولێر**

مەولوود باوەمراد، وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی هەرێمی کوردستان بەوەکالەت، رۆژی 2017/12/17 لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا هەموو ئەو دەنگۆیانەی رەتکردەوە کە باس لەوە دەکەن حکومەتی عێراق چەند کەسێکی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی رەوانەکردبن و دەڵێ "تاوەکو ئێستا عێراق هیچ گفتوگۆیەکی راستەوخۆی لەگەڵ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن نەکردووە". مەولود باوە موراد هەروەها ئاشکرایکرد کە حکومەتی عێراق هیچ پارەیەکی نیشتنەوە و مانەوەی فڕۆکەکانی هێڵی ئاسمانیی عێراقی لە فڕۆکەخانەکانی کوردستان نەداوە و گوتی " 19 ملیاری دۆلاری فڕۆکەخانەی هەولێر و 12 ملیۆن دۆلاری فڕۆکەخانەی سلێمانی قەرزدارە".

# کورد هاوپەیمانی لەگەڵ عەبادی یان مالیکی بکات؟



**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق کە بڕیارە لە سەرەتای ئایاری 2018 بەڕێوەبچێ، ماڵی شیعی کە لە دوای رووخانی رژێمی سەدامەوە حوکمی عێراق دەکەن، خەریکە بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێ، بەتایبەتی مالیکی و عەبادی سەرقاڵیماڵجیایی و هەڵدانەوەی مەلەفەکانی یەکدین.

حەیدەر عەبادی لەنێو حیزبەکەی بێ پشت و پەناترین کەس بوو، دوای ئەوەی کورد و وڵاتانی عەرەبی و ئیقلیمی رازی نەبوون نووری مالیکی ئەمینداری گشتی حیزبی دەعوە، بۆ جاری سێیەم ببێتەوە سەرۆکوەزیرانی عێراق، عەبادی بووە تاکە کاندیدای قبوڵکراو بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە.

عەبادی کە لەدوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا تەنیا 5151 دەنگی هێنا، ئێستا دەیەوێ بە لیستێکی سەربەخۆ لەپاڵ رەوتی سەدر بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر و رەوتی حیکمە بە سەرۆکایەتی عەممار حەکیم ویلایەتی دووەم بە پاڵپشتی ئەمریکا و ئێران مسۆگەر بکات.

عەبادی خۆی بە پاڵەوانی شەڕی داعش و کورد دەزانێت، جگە لە کۆنترۆڵکردنەوەی خاکی عێراق و کۆتاییهێنان بە دەوڵەتەکەی بەغدادی، دەیەوێ پرسی گەندەڵی و بەهەردەهانی ملیاران دۆلار بکاتە بابەتی بانگەشەی هەڵبژاردن. لە بەرامبەردا مالیکی لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و چەندین گرووپی حەشدی شەعبی سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەیە. ئەگەرچی ئەوان پێشتر بە پاڵپشتی کورد ئەو پۆستانەیان وەرگرتووە، بەڵام ئێستا هەردووکیان دژایەتیی کوردیان کردووەتە کەرەستەی کۆکردنەوەی دەنگ.

> **ئەوەی عەبادی دەیکات بەهۆی پەرتەوازەیی ماڵی کوردە**
> پەرلەمانتارێکی پارتی

عادل نووری، پەرلەمانتاری یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ: "عەبادی و مالیکی دوو تۆڕی ماسیگرتنی یەک راوچین، دواجار هەموویان دەچنەوە ژێر چەتری مەرجەعیەت. هەر یەک لەو دووە بە دوو لیستی جیا، دەیانەوێ دەنگی زۆرتر کۆبکەنەوە". بەڵام ئەشواق جاف، پەرلەمانتاری پارتی پێیوایە "ماڵی شیعە ناکۆکی و پەرتەوازەیی زیاتری تێدەکەوێت و گۆڕانکاری لە هەڵبژاردنەکان روودەدات".

کاتێک مالیکی پۆستی سەرۆکوەزیرانی جێهێشت، رێکخراوی داعش یەک لەسەر سێی عێراقی داگیرکردبوو، بەڵام لە ماوەی چوار ساڵی حوکمڕانیی عەبادیدا کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەیەتی، مالیکی پێگە و رۆڵی خۆی چ وەکو ئەمینداری حیزبی دەعوە، چ وەکو جێگری سەرۆککۆمار لەدەست نەدا، لە هەمووشی گرنگتر مالیکی وەکو عەرابی حەشدی شەعبی دەرکەوت، بەوپێیەی زۆربەی سەرکردە مەیدانییەکانی حەشد لە ژێر باڵی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بوون، بەڵام بەپێی سەرچاوەکان رەنگە گەورەترین سەرکردەی سیاسی و مەیدانی حەشدی شەعبی شەمەندەفەرەکەی مالیکی جێبهێڵێ، ئەویش هادی عامری ئەمینداری رێکخراوی بەدرە کە چاوەڕوان دەکرێت لیستی "موجاهیدان" لە زۆربەی گرووپ و سەرکردەکانی حەشدی شەعبی دروست بکات. عامری پێشتر هاوپەیمانیی خۆی و مالیکی بە هاوسەرگیریی کاتۆلیکی وەسف کردبوو کە تەڵاقی تێدا نییە، بەڵام پێدەچێت چاوی لە پۆستی سەرۆکوەزیران بێت بۆ ئەوەی لە ئەنجامی ناکۆکیی مالیکی و عەبادی، چانسی هاتنەپێشەوەی هەبێ.

مالیکی لە دوایین هەڵوێستیدا داوای دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدای کرد. لەبارەی بەستنی هاوپەیمانێتیش گوتی: "لاریمان نییە لە ئایندەدا ببینە هاوپەیمان". ئەشواق جاف لەبارەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ مالیکی دەڵێ: "بۆ کورد دەستوور گرنگە نەک کەسەکان، هەر کەسێک ببێتە سەرۆکوەزیران دەگۆڕدرێت، کورد کێشەی مافی لەگەڵ شیعە هەیە و کێشەی سنووریش لەگەڵ سوننە".

> **مالیکی دۆڕاوی دۆڕاوەکانە**
> پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو

> **مالیکی و عەبادی نەگۆڕاون**
> سەرکردەیەکی سوننە

عادل نووری، ئایندەی مالیکی بە باش نابینێ و هۆشداری دەدات لەوەی کورد لێی نزیک نەبنەوە: "مالیکی دۆڕاوی دۆڕاوەکانە، عەبادی هەر دەبێتەوە سەرۆکوەزیران، چونکە پشتیوانی ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی هەیە، مالیکی ئەو دەسەڵات و پشتیوانییەی ئێستای عەبادی هەبێت زۆر لەو خراپتر بەرامبەر کورد دەکات، ئێستا ئیشی بە کوردە، بۆیە لێرەو لەوێ موجامەلەی دەکات".

گوشارەکانی کورد و سوننە تاوەکو ئێستا دوو سەرۆکوەزیرانی حیزبی دەعوە (مالیکی و جەعفەری) لە عێراق گۆڕیوە، سەرۆکوەزیرانی سێیەمیش (عەبادی) کە هەر سەر بە ماڵی دەعوەیە، ئێستا باس لە لیستی نیشتمانی و تێپەڕاندنی تائیفەگەری و مەزهەبگەرایی دەکات.

عەبدولقادر سامەڕایی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی ئیسلامی عێراقی بە (رووداو)ی گوت: "بەڕێزان مالیکی و عەبادی نەیانتوانیوە ئەو واقیعە مەزهەبی و تائیفییەی لە عێراق دروستبووە تێپەڕێنن، حیزبی دەعوەش هەمان ئایدیۆلۆژیای جارانی هەیە. شتێک نەگۆڕاوە تا کاریگەری لەسەر دەنگدەرانی عێراقی هەبێت".

### سوننە بە مەرج پشتیوانی لە عەبادی دەکەن

عەبادی بە پشتیوانیی کورد بەسەر هەژموونی مالیکیدا زاڵ بوو، هەر بە پشتیوانیی پێشمەرگەش شاری مووسڵی لە دەستی داعش دەرهێنا. پشتیوانیی کورد و سوننە یەکێکە لە مەرجە بەهێزەکان بۆ ئەوەی جارێکی دیکە عەبادی ببێتەوە بە سەرۆکوەزیرانی عێراق. ئوسامە نوجێفی، ئەمینداری پارتی موتەحیدون لە هەڤپەیڤینێکدا کە لە ژمارەی رابردووی (رووداو) بڵاوکرایەوە، گوتبووی "بۆچوونەکانی بەڕێز عەبادی نزیکە لە بۆچوونە گشتییەکانمان. هەروەها سەرکەوتنی زۆری بەدەستهێنا. بەڵام پشتیوانیکردنمان لە بەڕێز عەبادی مەرجدار دەبێ. دەبێ دانوستاندن بکرێت پەیوەست بەشێوازی بەڕێوەبردنی وڵات دوای هەڵبژاردن. لە سەپاندنی ئەمن و ئاسایش، لە کۆنترۆڵکردنی چەک بەدەستی گرووپەکانەوە، پێدانی ماف بە سەرجەم پێکهاتەکان، رێگری لە گرووپی چەکداری کە بیەوێ خۆی بەسەر خەڵکدا بسەپێنێ و دروستکردنی هاوسەنگی لە پەیوەندییەکانی دەرەوە".

عەبدولقادر سامەرائی دەڵێت هێشتا سوننە ئۆکەیی تەواویان بۆ عەبادی نەکردووە "کشاندنەوەی میلیشیاکان و گەڕاندنەوەی ئاوارەکان، ئاوەدانکردنەوەی ناوچە سوننییەکان لە ئەولەویەتی حکومەتی ئێستا دەبێت، دوای هەڵبژاردن قسە لەسەر سەرۆکوەزیران دەکەین".

هەر لەوبارەوە رێبوار تەها، پەرلەمانتاری یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق پێیوایە عەبادی بانگەشەی پێشوەختە بۆ خۆی دەکات، بەڵام دەڵێت "عەبادی و غەیری عەبادی ناتوانن بەبێ پشتیوانی کورد جارێکی دیکە لەسەر کورسی سەرۆکوەزیران دانیشنەوە، هێشتا زووە کورد بەڵێن بە ئەم و ئەو بدات، نابێ تا دوای هەڵبژاردنەکان کورد وەرەقەی سیاسی خۆی ئاشکرا بکات، کێ زۆرترین داواکاری کوردی جێبەجێ کرد، دەبێ هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەو بکەین".

### سوننەی حەشد

هێشتا چەکدارانی حەشدی شەعبی باڵادەست و خاوەنی قسەی یەکەم و کۆتایین لە ناوچەی سوننە.

> **نابێ کورد وەرەقەی خۆی بۆ عەبادی و مالیکی ئاشکرا بکات**
> پەرلەمانتارێکی یەکێتی

ئێستا کۆمەڵێک حیزب و کەسایەتی لە پاڵ حەشدی شەعبی، دەیانەوێ گرەوی هەڵبژاردن لە حیزبە خاوەن هەژموونەکانی پێش هاتنی داعش ببەنەوە.

د.یەحیا کوبەیسی، راوێژکاری سەنتەری عەرەبی بۆ توێژینەوەی ستراتیژی کە پێشتر چەمکی سوننەی مالیکی داهێنابوو، دەڵێ: "بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لەگەڵ بوونی میلیشیای عەقائیدی لە ناوچە سوننییەکان ئامانج لێی تەزویرکردنی هەڵبژاردنەکان و سەپاندنی کەسایەتی و حیزبە هاوپەیمانەکانی حەشدی شەعبییە کە من پێیان دەڵێم سوننەی حەشد، ئەمەش لە ئایندە کێشەی گەورە بۆ عێراق دروستدەکات".

## عەلی دۆڵەمەڕی، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا بۆ (رووداو):

# تا سەری ساڵ ئاماژەی ئەرێنی لە دەستپێشخەرییەکەی فەرەنسا دەردەکەون

عەلی دۆڵەمەڕی، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رووداو ئاشکرای دەکات وەستانی نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی لە تەنیشت سەرۆک ماکرۆن لە کۆنگرە رۆژنامەڤانییەکەدا، لەسەر داوای فەرەنسا بووە، ئەمەش پەیامێک بووە بۆ نێوخۆی کوردستان، عێراق و جیهان. دۆڵەمەڕی دەڵێ :"تاوەکو سەری ساڵ هەندێک ئاماژەی باش لە دەستپێشخەرییەکەی فەرەنسا دەردەکەون".

**هەڤپەیڤین:**
**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو – هەولێر**

**رووداو: دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی فەرەنسا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدا بەکوێ گەیشت؟**

**عەلی دۆڵەمەڕی:** دەستپێشخەرییەکەی سەرۆک ماکرۆن بۆ کورد زۆر گرنگ بوو، چونکە توانی ئابڵۆقەی سەر هەرێمی کوردستان بشکێنێ، داوەتکردنی شاندی هەرێمی کوردستان دەرفەتێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بارودۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ سەرۆکی فەرەنسا بخرێتە روو، داوەتکردنی عەبادی بۆ لوتکەی کەشوهەوا هەر ئەو دەستپێشخەرییە بوو، زیاتر بۆ هاندانی عەبادی بوو کە گفتوگۆ لەگەڵ هەولێر بکات، ئەگەرنا عێراق کاریگەری لەسەر سیاسەتی ژینگە و کەشوهەوا نییە، بۆیە ئەو زانیاریانەی لە کۆشکی ئێلیزێ و وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا هەن، ئەگەر تا سەری ساڵ گفتوگۆش دەستپێنەکات، بێگومان ئاماژەی ئەرێنی دەبن، بەپێی ئەو پەیوەندیانەی ئێمە هەمانە، فەرەنسییەکان گەشبینن بە دەستپێکردنی گفتوگۆ.

**رووداو: چ هۆکارێک وای لە فەرەنسا کردووە لەسەر پرسی هەرێمی کوردستان زۆر جدی بێت؟**

**عەلی دۆڵەمەڕی:** خەریک بوو رۆڵی فەرەنسا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەمێنێ، بەڵام لەگەڵ هاتنی سەرۆک مەکرۆن گوڕوتینێکی زیاتری بە سیاسەتی فەرەنسا لە ناوچەکە دا، ئەگەرچی عێراق پێشتر لەژێر داگیرکاریی بەریتانیادا بووە و فەرەنسا لە سووریا و لوبنان بوو، بەڵام ئێستا لوبنان زیاتر لەژێر دەسەڵاتی رووسیایە، بۆیە فەرەنسا دەیەوێ رۆڵی خۆی لە کوردستانەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەڕێنێتەوە، ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە فەرەنسا لەو شەڕەی داعش زۆرترین قوربانی داوە و چەندین تەقینەوە و کردەوەی تیرۆریستی لە شارە گەورەکانی فەرەنسا روویانداوە، بۆیە ئێستاش مەترسی تیرۆر لەسەر فەرەنسا ماوە، ئەگەر عێراق ئاشتەوایی و سەقامگیری لێ نەبێت، فەرەنسا و یەکێتی ئەوروپاش ئاسایشیان دەکەوێتە مەترسییەوە. دۆسیەی کورد لە فەرەنسا دۆسیەیەکی گرنگ و هەستیارە، دووجار سەرۆکی پێشووی فەرەنسا سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە. سەرەڕای بەربەست و ناڕەزایەتییەکان، شاندێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستانیان داوەتی فەرەنسا کرد، دوای ئەوە ئەڵمانیا بڕیاری دا پێشوازی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات. وا بزانم لە ئایندەیەکی نزیکدا تورکیاش پێشوازی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات.

**رووداو: بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان چین؟**

**عەلی دۆڵەمەڕی:** کۆمپانیاکانی فەرەنسا دەزانن دوای نەمانی داعش، ئەم وڵاتە وێران بووە، بۆیە دەیانەوێ لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق بەشداربن، ئەوان دوای رووخانی رژێمی سەددام بەشداریان لە بنیاتنانەوەی عێراق نەکرد، بەمەش زیانێکی زۆریان بەرکەوت، ئێستاش نایانەوێ ئەو دەرفەتە لەدەست بدەن، بۆیە هەرێمی کوردستان پێگەیەکی ئارامە بۆ کۆمپانیا فەرەنسییەکان، چونکە ناتوان بچنە بەغدا.

**رووداو: بۆچی کۆمپانیای تۆتاڵی فەرەنسی کارەکانیان لە کوردستان راگرت؟**

**عەلی دۆڵەمەڕی:** ئێستا 30 کۆمپانیا و 300 هاووڵاتیی فەرەنسی لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، کۆمپانیای تۆتاڵ بەهۆی شەڕی داعشەوە بەشێک لە کارەکانیان وەستاوە بەڵام کۆمپانیاکە بەهۆی ئەوەی لەو ناوچانەی کە کاری پشکنین و گەڕانیان کردبوو، نەوتیان نەدۆزیەوە بڕیارە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە کۆببنەوە و رێککەوتنی تازە بکەن. پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و فەرەنسا لە ئاستێکی باشدایە. فەرەنسا بە نیازە یانەی بزنسمانان لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە، بڕیاریشە شاندێکی کۆمپانیاکانی فەرەنسا لە ئایندەیەکی نزیک سەردانی هەرێمی کوردستان بکات لە نێوشیاندا کۆمپانیای تۆتاڵی تێدایە بۆ ئەوەی لە دوای نەمانی داعش دەستبەکارەکانی خۆیان بکەنەوە بە تایبەتی ئەوان دەیانەوێ لە رێگای کردنەوەی ئۆفیسەکانیان لە هەولێر دەستبەئاوەدانکردنەوەی هەموو عێراق بکەن.

**رووداو: دوای دروستکردنی ئاستەنگ لە بەردەم سەردانی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا بۆ هەولێر، هیچ ئاستەنگ بۆ سەردانی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاریس هەبوو؟**

**عەلی دۆڵەمەری:** بێگومان حکومەتی عێراق لە رێگای وەزارەتی دەرەوە ئاستەنگ بۆ سەرجەم نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دروست دەکات، بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانە لە رێگای باڵیۆزخانە مامەڵە لەگەڵ عێراق بکەن، نەک نوێنەرایەتییەکانی کوردستان. باڵیۆزخانەی عێراق لە فەرەنسا پەیوەندی بە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا کردبوو بۆ داخستنی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە فەرەنسا گوتووبوویان کە ئێمە لە ساڵی 1992 پەیوەندیمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە لە ساڵی 2005 لە چوارچێوەی دەستووری عێراق وەکو هەرێمێکی فیدراڵی پەیوەندیمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە.

> **فەرەنسا دەیەوێ لە رێگای هەولێرەوە ناوچەکانی دیکەی عێراق ئاوەدان بکاتەوە**

> **فەرەنسا داوایەکی عێراقی بۆ داخستنی نوێنەرایەتییەکەمان رەتکردەوە**

> **تورکیا پێشوازی لە شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات**

**رووداو: فەرەنسا بە نیازە چی بکات بۆ لادانی ئابڵوقەی سەر ئاسمانی کوردستان؟**

**عەلی دۆڵەمەڕی:** دەبێ سەرەتا گفتوگۆ لە نێوان بەغدا و هەولێر بکرێ، ئینجا فڕۆکەخانەکانیش بکرێنەوە، ئەگەرچی بەپێی یاسای نێودەوڵەتییەکان نابێ فڕۆکەخانەکان لە رووی مرۆییەوە دابخرێن، ژمارەیەکی زۆر ئاوارە لە هەرێمی کوردستان هەن و پێویستیان بە یارمەتییە، ئێمە لە فەرەنسا لەگەڵ ئەو رێکخراوە مرۆییانە کۆبووینەوە کە هاوکاری ئاوارەکان دەکەن، فەرەنساش پێویستی بە کردنەوەی فڕۆکەخانەکان هەیە، چونکە کێشە و ئاستەنگی زۆریان لە پێدانی ڤیزە بۆ دروست دەبێت بۆ ئەوەی هاوکارییەکان بگەیەننە ئاوارەکان، بۆیە چاوەڕوان دەکرێ لە کۆتایی ئەمساڵ فڕۆکەخانەکان بکرێنەوە. تەنانەت کردنەوەی مەرزەکانیش، ئەگەر عەبادی بەدەم ئەو دەستپێشخەریەی فەرەنسا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە نەیەت، پشتیوانی نێودەوڵەتی لە دەستدەدات و ناتوانێ جارێکی دیکە ببێتەوە سەرۆکوەزیران، چونکە رۆژئاوا لەگەڵ ئەوەیە عەبادی ببێتەوە سەرۆکوەزیران بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران.

**رووداو: خەڵکی زۆر پرسیاریان لە وەستانی نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی لە کۆنفرانسی رۆژنامەڤانی هاوبەش لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسا دەکرد هۆکارەکەی چ بوو؟**

**عەلی دۆڵەمەڕی:** لە رووی دیبلۆماسییەوە کارەکە ئاسایی بوو، کارەکەش لەسەر داوای فەرەنسا بوو. بۆ یەکەمجاریش ئاڵای کوردستان لە کۆشکی ئەلیزێ دابنرێ و زمانی کوردی بەکاربهێندرێت. فەرەنسا بەم کارە پەیامێکی بۆ نێوخۆی کوردستان کە دەبێ یەکدەنگ بن و نێو ماڵی خۆیان رێبکخەنەوە. پەیامێکی بۆ بەغدا نارد کە فەرەنسا پشتیوانی کورد دەکات و دەبێ عێراق تەواوە مافە شەرعی و دەستوورییەکانی گەلی کورد بدات، هەروەها پەیامێکیش بوو بۆ جیهان کە بڵێ کورد یەکدەنگە و خۆی رێکدەخاتەوە.



عەلی دۆڵەمەڕی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەرەنسا



## فادی عەبدوڵڵا، گوتەبێژی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان بۆ (ڕووداو):

# هیچ ئەگەرێک نییە بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسی ئێزدییەکان

فادی عەبدوڵڵا، گوتەبێژی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (هەفتەنامەی ڕووداو) باسی شێوازی کارکردنی دادگاکەیان دەکات و دەڵێت ئەوان تەنیا لێکۆڵینەوە لەو تاوانانە دەکەن کە لە وڵاتانی ئەندامی دادگاکە ئەنجامدراون، بەڵام لەسەر داوای ئەنجوومەنی ئاسایش یان وڵاتانی دەرەوەی دادگاکەش دەتوانن لێکۆڵینەوە لە تاوان بکەن. بۆیە سەبارەت بە کەیسی ئێزدییەکانی دەستی داعش دەڵێت عێراق ئەندامی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان نییە، ئەوەش مانای ئەوەیە ئێستا هیچ ئەگەرێک نییە بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی داعش، مەگەر ئەنجوومەنی ئاسایش یان حکومەتی عێراق خۆی ئەو دەسەڵاتەیان بداتێ.

هەڤپەیڤین: مەجید نیزامەددین گلی
ڕووداو – نیویۆرک

**ڕووداو: دەمەوێ لەوەوە دەستپێبکەین کە بۆ خوێنەرانی (ڕووداو) ڕوونی بکەیتەوە، دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان (ئای سی سی) کێ دادگایی دەکات؟**

**فادی عەبدوڵڵا:** دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان، تەنیا ئەو کەسانە دادگایی دەکات کە لە تاوانی جەنگ و جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی تێوەگلاون. دادگاکە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی دامەزراوە بەناوی بڕیارنامەی ڕۆما. مەگەر ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیار بدات، دەنا دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان تەنیا دەتوانێ لەو تاوانانە بکۆڵێتەوە کە لەسەر خاکی ئەو وڵاتانە کراون حکومەتەکانیان یان هاووڵاتیانیان دەسەڵاتیان داوەتە ئەم دادگایە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان دادگایەکی هەمیشەییە، واتە تایبەت بە ململانێیەکی دیاریکراو یان ناوچەیەکی دیاریکراو دروست نەکراوە. هەروەها دادگایەکە بە تەواوی ڕێز لە سەروەریی هەموو وڵاتان دەگرێت. وڵاتان سەربەستن لەوەی دەبنە ئەندام یان نا. بۆ ئەو وڵاتانەی کە ئەندامن، دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان تەنیا ڕۆڵی تەواوکاری دەگێڕێ، واتە بەرپرسیارێتی سەرەکی لە ئەستۆی دەوڵەتاندایە، بەرپرسیارێتی سەرەکی لە ئەستۆی سیستمی دادوەری وڵاتەکان خۆیانە بۆ ئەوەی لەو تاوانانە بکۆڵنەوە کە لەسەر خاکی ئەوان دەکرێن. دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان تەنیا ئەوکات سەرقاڵی کەیسێک دەبێت کە لەسەر ئاستی وڵاتێک هیچ ویستێک نەبێت بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانێک. بەمجۆرە کە گوتم ئەم دادگایە بەتەواوی ڕێز لە سەروەریی وڵاتان دەگرێت. تەنیا وەک دوا پەناگە ڕۆڵ دەبینێت بۆ ئەو قوربانییانەی کە هیچ شوێنێکی دیکەیان نییە هانای بۆ بەرن.

**ڕووداو: کاتێک تاوانێک لە وڵاتێکی دیاریکراو دەکرێت، مەبەستم تاوانێکی وەکو جینۆساید یان هەرچەشنە پێشێلکارییەکی گەورەی دژی مافەکانی مرۆڤە، ئەو پرۆسە یاساییانە یان ئەو کەشە سیاسییە چین کە پێویستن بۆ ئەوەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لێیان بکۆڵێتەوە یان ڕادەستی بکرێت؟**

**فادی عەبدوڵڵا** :یەکەم شت، وەک دامەزراوەیەکی یاسایی پێویستە لەوە بڕوانین ئاخۆ دەسەڵاتی ئەوەمان هەیە لەو تاوانانە بکۆڵینەوە یان نا. ئایا ئەو تاوانانەی کە لەسەر خاکی وڵاتێک یان لەلایەن خەڵکی وڵاتێکەوە کراون، ئەو وڵاتە دەسەڵاتی ئەوەی داوەتە دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە بکات یان نا؟ ئەگەر وەڵامەکە ئەرێنی بێت، ئەوە ئەو وڵاتەی کە بەشداری ڕێککەوتننامەی ڕۆما بووبێت، یان داواکاری گشتی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان بڕیار دەدات بەدواداچوون بکات، بەڵام ئەو تاوانانەی کە لەسەر خاکی وڵاتێک یان لەلایەن خەڵکی وڵاتێکەوە دەکرێن کە ئەندامی دادگاکە نییە، ئەوە تاکە ڕێگە بۆ ڕەوانەکردنی کەیسی ئەو تاوانانە بۆ دادگاکەمان لەڕێی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت.

**ڕووداو: ئەی ئەگەر حکومەتی وڵاتەکە ئەندامی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان نەبێت، بەڵام بۆ کەیسێکی تایبەت گڵۆپی سەوز بۆ دادگاکەتان داگیرسێنێت، ئایا ئێوە کەیسەکە وەردەگرن؟**

**فادی عەبدوڵڵا:** ڕێی تێدەچێت حکومەتێک ڕایبگەیەنێت کە قبوڵیەتی دادگاکەمان لێکۆڵینەوە بکات. ئەو حکومەتە پێوەرەکانی ئەو بەدواداچوونە یاساییە دیاری دەکات. بۆ نموونە بڕیاردەدات ڕێگە بە دادگاکە بدات لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان لەم ڕێکەوتەوە بۆ ئەو ڕێکەوتە بکات، بەڵام ئەو حکومەتە ناتوانێ بە دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان بڵێ کێ تۆمەتبارە و کێ ئەنجامدەرە و دەبێ کێ سزا بدرێ. ئەوە ئەرکی داواکاری گشتیی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکانە، بەپێی بەدواداچوونی خۆی بڕیار دەدات کە کێ تۆمەتبارە، دواتر دادوەر بڕیاری خۆی دەدات. بەڵام بیرۆکەکە ئەوەیە کە بەڵێ ڕێی تێدەچێت وڵاتێک هەرچەند نەیەوێت ببێتە ئەندامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، دەتوانێ بڕیار بدات بەدواداچوونی دادگاکە قبوڵ بکات بۆ ئەو تاوانانەی لەسەر خاکی ئەو ئەنجامدراون لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

**ڕووداو: بەو پێیەی ژمارەیەکی زۆر شەڕ و پێکدادان لە جیهاندا هەن، زۆر لایەن بە جینۆساید و کۆمەڵکوژی تۆمەتبار دەکرێن، ئەگەر کەیسێک بخرێتە بەردەستی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان، پرۆسە دادوەرییەکانی ئێوە دەکرێ چ سوودێکیان هەبێت بۆ ئەوەی ڕێگە لە تاوانی هاوشێوە لەو وڵاتەدا بگرێ؟**

**فادی عەبدوڵڵا:** ئێمە بەوە دەڵێین کاریگەریی پێشگرتن بە تاوان، بۆ ئەوەی ئەوە ڕووبدات دەبێ چەند خاڵێک بەدی بێن، خاڵی یەکەم ئەوەیە دەبێ دادگاکە هەمیشەیی بێت، واتە پێویست نەکات هێزی دیکە دادگای تایبەت پێکبهێنن بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانی جینۆساید. یان هیوای ئەوە بخوازرێت ئەگەر لە وڵاتێکی دیکە جینۆساید ڕوویدات دادگایەکی دیکەی بۆ پێکبهێنرێ. نەخێر، دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان هەمیشەییە، واتە بەر لە ڕوودانی ململانێکان دادگاکە هەیە. ئەوەش مانای ئەوەیە دادگاکە دەتوانێ پەیام بۆ لایەنەکانی نێو ململانێکە بنێرێ و جەخت بکاتە سەر ڕێزگرتن لە یاساکان و کۆمەڵکوژی نەکەن.

**ڕووداو: ئەو پەیامە چۆن دەگەیەنن؟**

**فادی عەبدوڵڵا:** بۆ نموونە لەڕێی ڕاگەیەندراوی داواکاری گشتی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان، یان لەڕێی سەردان و کۆبوونەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو شتانەی کە لە ڕوانگەی یاساییەوە قبوڵ ناکرێن. واتە ئامادەیی دادگاکە بەر لە ڕوودانی ململانێکان خاڵێکی زۆر گرنگە بۆ ڕێگری لە تاوان. خاڵێکی

> بەڵگە نییە
> کە بیانییەکان
> بەرپرسیارێتیان لە
> نێو داعشدا هەبووە

دیکە هەماهەنگی و پشتگیری نێودەوڵەتییە بۆ دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان. چونکە کاتێک خەڵک دەبینن دادگاکە پشتگیری زۆری لێدەکرێت و حکومەتەکان هەماهەنگی لەگەڵ دەکەن، ئەو کات بەرلەوەی تاوانێک ئەنجامبدەن، دووجار بیری لێدەکەنەوە، چونکە دەزانن ڕەنگە ئەوانیش چارەنووسیان وەک ئەو کەسانە بێت کە سزا دراون، لەبەرئەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەدژی ئەوان دەبێت. خاڵێکی دیکەی کاریگەریی ڕێگرتن لە تاوان بریتییە لە چالاکبوونی خودی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان. کاتێک جەختی لێدەکەینەوە کە بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ و کاریگەر و سەربەخۆ کار دەکەین، کاتێک چەندین کەیسی جیاوازمان یەکلایی کردووەتەوە، خەڵک سەیر دەکەن و دەبینن، فڵان سەرۆک سزادرا، فڵان سەرۆکی میلیشیا سزادرا، دەبینن هەموویان دادگایی دەکرێن، دادگایی دادپەروەرانە لەگەڵ ڕێزگرتن لە مافی بەرگری لەخۆکردنیان. دیسان خەڵک بەر لەوەی تاوان بکەن دووجار بیر دەکەنەوە. لەبەرئەوەی نموونەیان بینیوە.

**ڕووداو: دەتوانن کۆمەڵێک کەیسمان وەکوو نموونە بدەنێ کە تێیاندا خەڵکانێک یان ژمارەیەک سەرکردە کە تاوانی گەورەیان کردووە دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان بڕیاری لەسەر داون و ئێوە بە ڕووداوێکی سەرکەوتووی بزانن بۆ خۆتان و وانەیەک بووبێت بۆ ئەوانیدی؟**

**فادی عەبدوڵڵا:** دەتوانم چەند نموونەیەک بهێنمەوە، تەنیا دەتوانم باسی ئەو کەسانە بکەم کە سزا دراون، چونکە چەندین کەسی دیکە هەن کە تەنیا تۆمەتبارن،

> دادگای
> نێودەوڵەتیی
> تاوانەکان سەرباز و
> چەکداری مەیدانی
> شەڕ دادگایی ناکات

پێشتر سەرۆکی وڵات یان بەرپرسی باڵا بوونە، بەڵام ئێستا تەنیا گومانلێکراون و دادگا بڕیاری کۆتایی لەبارەوە نەداون، بێگومان تۆمەتبار هەمیشە دەکرێ بێتاوان دەربچێت. چەند کەیسێکیش هەن کە یەکلایی کراونەتەوە، وەکو کەیسی ژان پییر بێمبا، جێگری پێشووی سەرۆکی کۆنگۆ. کەیسی دیکەش هەیە بۆ سەرکردەی میلیشیاکان لە کۆنگۆ. هەروەها کەیسی کەسێک کە نزیک بوو لە ئەلقاعیدە لە مالی، لە تیمبوکتو وێرانکاری کرد. ئەمانە نموونەی ئەو کەیسانەن کە کەسانێک تاوانبارکراون بە ئەنجامدانی تاوان. وەک بەکارهێنانی منداڵ لە ململانێی چەکداریدا، یان وێرانکردنی کەلەپوور و کولتووری ئاینی. یان توندوتیژی سێکسی. هەموو ئەمانە نموونەی ئەو کەیسانەن کە بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە ئەو کەسانەی تاوانیان ئەنجامداوە، هێنراونەتە بەردەم دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان، چونکە یەکێک لە خاڵەکانی ڕێککەوتننامەی ڕۆما کە بنەمای دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکانە، ئەوەیە هیچ کەسێک، لە هەر پلە و پۆستێکدا بێت، لە سەرووی یاساوە نییە.

**ڕووداو: مەگەر ئەوەی تاوانەکە لەسەر خاکێک یان لە لایەن هاووڵاتی وڵاتێکەوە کرابێت کە ئەندام نییە، وایە؟**

**فادی عەبدوڵڵا:** بەڵێ، ئەوکات دادگای نێودەوڵەتی هیچ ڕێوشوێنێکی یاسایی نییە، ئەگەر ئەو حکومەتە نەیەوێت ئەو دەسەڵاتە بداتە دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان. تاکە ڕێگە ئەنجوومەنی ئاسایشە. بۆ نموونە لە کەیسەکانی دارفۆری سوودان و لیبیا، ئەوە ئەنجوومەنی ئاسایش بوو کە کەیسەکانی ڕادەستی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان کردن. چونکە بەشێوەیەکی ئاسایی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان ناتوانێ هەنگاو بنێ، لەبەرئەوەی ئەو تاوانانەی لە لیبیا یان لە سوودان ڕوودەدەن، لە دەرەوەی دەسەڵاتی دادگاکەن، ئەو وڵاتانە ئەندام نین. ئەنجوومەنی ئاسایش دەتوانێ وا لە سوودان و لیبیا بکات هەماهەنگی بکەن و ڕێوشوێنە یاساییەکانی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان قبوڵ بکەن بۆ بەدواداچوونی تاوانەکان. چونکە ئەنجوومەنی ئاسایش بەپێی بەندی حەوتەم دەتوانێ بڕیارنامە دەربکات تایبەت بەو وڵاتانە.

**ڕووداو: یەکێک لە نیگەرانییە سەرەکییەکانی ئێمە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانن، ئەمەش تەنیا داعش نییە، بەڵکو میلیشیاکانیش دەگرێتەوە کە ژمارەیەکی زۆر سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە بە تۆمەتی کۆمەڵکوژی و شاربەدەرکردنی سیستەماتیکی کەمینە ئایینی و ئەتنیکییەکان. عێراق ئەندامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی نییە و لەوێ دەستەی دادوەری دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان نییە، بەڵام ئەندامانی ئەو گرووپانە بیانین، واتە دەشێت ئەندامی خەڵکی وڵاتانی دیکەشیان تێدا بێت کە ئەندامی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکانن. چۆن دەکرێت ئەمجۆرە کەیسانە بهێنرێ بۆ دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان؟**

**فادی عەبدوڵڵا:** نموونەیەکت بۆ دەهێنمەوە، داواکاری گشتیی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان ڕاگەیەندراوی تایبەتی هەبوو بۆ ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی داعش دەکرێن. چەندین کەس و دامەزراوە زانیارییان ڕادەستی نووسینگەی داواکاری گشتی کردووە، نووسینگەکە زانیارییەکەی هەڵسەنگاندووە، تایبەت بە چەکدارە بیانییەکان. واتە ئەو کەسانەی کە خەڵکی وڵاتانی ئەندامی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکانن. داواکاری گشتی زانیارییەکەی هەڵسەنگاند، بەو ئەنجامە گەیشت کە کەس ناتوانێ بیسەلمێنێ ئەو کەسانە بەرپرسیارێتی گەورەیان هەبووە لەنێو داعش. دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان سەرباز و چەکداری مەیدانی شەڕ دادگایی ناکات. سیاسەتی داواکاری گشتی ئەوەیە بەدوای ئەو کەسانەدا بچێت کە گەورەترین بەرپرسیارێتییان لە ئەستۆیە بەرامبەر ئەنجامدانی ئەو تاوانانە. جەخت دەکرێتە سەر ئەو تاوانانەی کە گەورەن، وەک کۆمەڵکوژی، هەروەها بەدوای ئەو کەسانەدا دەچین کە بڕیاربەدەست بوون و پلانی ئەو تاوانەیان دارشتووە، یان زانیویانە و ڕێگرییان لە ڕوودانی نەکردووە. بۆ کەسانی دی، ئەوە ئەرک و بەرپرسیارێتی دادگاکانی وڵاتانە بەدواداچوون بکەن. دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان تەنیا کاتێک هەنگاو دەنێت کە خواستی دادگاییکردنی ئەو کەسانە لەنێو وڵاتی خۆیان نەبێت.

**ڕووداو: کەواتە دەبێت سەرکردەی ئەو گرووپانە کە خەڵکی وڵاتانی ئەندامی دادگاکەی ئێوەن تاوانەکانیان کردبێت، بەڵام خۆ سەرکردەی داعشیش هەن کە بیانین، خۆم ئێستا هەموو ناوەکانیانم لەبیر نییە، بەڵام ژمارەیەک بیانی هەبوون کە ڕۆڵی گەورەیان لە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ و سووریادا هەبووە، بۆچی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان پێیوایە ئەوانە وەکوو پێویست پلەبەرز نین؟**

**فادی عەبدوڵڵا:** هەمووی پشت بەو زانیارییە دەبەستێت کە دراوەتە داواکاری گشتی. ئەو بەدواداچوونی نەکرد، چونکە پێویستی بە شیکردنەوەی ئەو زانیارییە یە کە بەردەستە. دواتر چەند شتێک پشتڕاست دەکاتەوە، جۆری تاوانەکان، ڕەگەزی ئەنجامدەران و ڕۆڵیان لە ڕێکخراوەکەدا. هەروەها ئایا وڵاتەکانیان دادگاییان دەکەن یان نا؟ لە زۆربەی کەیسەکاندا، کاتێک وڵاتەکانیان ڕێکاری یاسایی بگرنەبەر، ئێمە ڕۆڵمان نابێت.

> دادگای
> نێودەوڵەتیی
> تاوانەکان ناتوانێ
> سزای وڵاتان بدات

**ڕووداو: ئەگەر لێکۆڵینەوەکانی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان لەسەر تاوانەکانی داعش دەستی پێکرد و دادوەرانی دادگای تاوان پێیانوابوو پێویستە دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان دەست بۆ کەیسەکە بەرێت، ئایا پێتوایە لەو حاڵەتەدا لێکۆڵینەوەکان فراوانتر ببن، واتە عێراقیش بگرێتەوە و ئەو بەڵگانەش بگرێتەوە کە پەیوەندی بە هاووڵاتیانی عێراقەوە هەیە؟**

**فادی عەبدوڵڵا:** لە پرسیارەکە تێدەگەم، بەڵام پێویستە ڕێز لە هەلومەرجی ڕێوشوێنە یاساییەکانمان بگرین. پێویستە لەوە بڕوانین ئاخۆ تاوانەکان لەسەر خاکی وڵاتێک ئەنجامدراون کە ئەندامی دادگاکەمانە یان مۆڵەتی پێمانداوە بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانە. ئەمانە مەرجی بەدواداچوونن لە دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان. ئەگەر بۆ نموونە عێراق دەسەڵات بداتە دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوانەی لەوێ ڕوویانداوە، ئەوە دادگاکە دەتوانێ لە بابەتەکە بڕوانێ بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانەی لە پشت تاوانەکانەوەن.

**ڕووداو: با باسی بەڵگەکان بکەین. هەموو دادگایەک ستانداردی خۆی هەیە کە چی دەکرێ وەکوو بەڵگە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. ئایا دەتوانی باسی ئەو ستاندارد یان یاسایانەمان بۆ بکەیت کە پەیوەندییان بە جێی متمانەبوونی بەڵگەکانەوە هەیە و چ بەڵگەیەک دەکرێت لە دادگاکاندا بەکاربهێنرێن؟**

**فادی عەبدوڵڵا:** چەند بەربەستێک هەن کە دادوەران دەبێ لێیان بڕوانن، یەکەم بەربەست پێدانی دەسەڵاتی بەدواداچوونە، پێویستە بنەمای گونجاو هەبن بۆ ئەوەی باوەڕ بەوە بکرێ کە تۆمەتباران بەرپرسن لەو تاوانانە بۆ ئەوەی بتوانرێ بڕیاری دەستگیرکردنیان بدرێ. دواتر دەبێ زانیاری پێویست هەبێت کە بیسەلمێنێ ئەو کەسانە بەرپرسن. ئەوە قۆناغی پشتڕاستکردنەوەی تۆمەتەکانە. بۆ ئەوەی بڕیار بدرێ ئاخۆ پێویستە دادگایی بکرێن یان نا. ئەگەر بڕیاردرا دادگایی بکرێن، چەند دادوەرێک بەدواداچوون دەکەن ئاخۆ هیچ گومانێک هەیە لە تاوانباربوونی ئەو کەسانە. ئەگەر گومانەکان

> وڵاتان سەربەستن
> لەوەی دەبنە
> ئەندامی دادگاکەمان
> یان نا

پشتڕاستکرانەوە، ئەوە ئازاد دەکرێن. کەواتە چەندین قۆناغ و بەربەست هەن کە دەبێ تێپەڕێنرێن. خودی بەڵگەکان چەندین سروشتیان هەیە، دەکرێ بەڵگەکان نووسراو بن، ڤیدیۆ بن، دەکرێ ئیفادە بن، ئیفادەی نووسراو. یان ئیفادەی ڕاستەوخۆ. بێگومان هەموو ئەمانە دەبێ پشتڕاست بکرێنەوە، چونکە تیمێکی بەرگری هەیە کە دەتوانێ ڕەخنە لە بەڵگەکان بگرێ، دەتوانێ داوای شایەتحاڵی پسپۆڕ بکات بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بەڵگانەی دەخرێنە ڕوو. لەڕێی ئەم پرۆسە درێژەوە، پشتڕاستکردنەوە و لێپرسینەوە و تاقیکردنەوەی شایەتحاڵەکان، دواتر دادوەران دەتوانن بڕیاری خۆیان بدەن.

**ڕووداو: دەمەوێت لەبارەی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگاکەوە پرسیار بکەم. ئەگەر وڵاتێک بڕیاری دادگاکەی جێبەجێ نەکرد، چی ڕوودەدات؟**

**فادی عەبدوڵڵا:** دوو سیناریۆی جیاواز هەن، یەکەم دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان بە پشتبەستن بە ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی ئاسایش لێکۆڵینەوەی کردووە، ئەوەش مانای ئەوەیە ئەگەر ئەو وڵاتە هەماهەنگی نەکات ڕێککەوتننامەی ئەنجوومەنی ئاسایش پێشێل دەکات. دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان ناتوانێ سزای وڵاتان بدات، تەنیا سزای ئەو کەسانە دەدات کە تاوانیان ئەنجامداوە. تەنیا ئەنجوومەنی ئاسایش ئاگادار دەکاتەوە لە پێشێلکاری ڕێککەوتنامەیەک. ئەوە بەدەست ئەنجوومەنی ئاسایشە کە لەوبارەوە بڕیاری چی دەدات. سیناریۆیەکی دیکە ئەوەیە بەدواداچوونی تاوانێک پەیوەندی بە ئەنجوومەنی ئاسایشەوە نەبێت، ئەگەر بە ئامار قسە بکەین، تەنیا بۆ دوو کەیس پشتمان بە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش بەستووە، نۆ کەیسی دیکە پەیوەندییان بە ئەنجوومەنەوە نەبووە. کەیسەکان لەو وڵاتانە بوون کە ئارەزوویان نیشانداوە بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لە دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان. ئەگەر هەماهەنگی نەکەن ئەو کات پێشێلی ڕێککەوتننامەی ڕۆما دەکەن. ئەوکات ئێمە هەر 120 وڵاتەکە ئاگادار دەکەینەوە کە یەکێک لە وڵاتەکان پێشێلی ڕێککەوتننامەکە دەکات. دواتر ئەو وڵاتانە پێکەوە بڕیاری هاوبەش دەدەن.

**ڕووداو: با بگەڕێینەوە سەر کەیسی کچە ئێزدییەکان. ئایا ئێستاش مومکینە دادوەرەکان سەیری ئەو کەیسە بکەنەوە؟ وەکوو دەزانن ئێزدییەکان کەمینەیەکی قوربانیی داعشن. دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان بیری لەوە کردووەتەوە، لەو سکاڵایانە بکۆڵێتەوە؟**

**فادی عەبدوڵڵا:** بۆ هەموو ئەو تاوانانەی کە لە عێراق کراون، بە چاوپۆشی لەو تۆمەتانەی درانە پاڵ سەربازە بەریتانییەکان لە عێراق، دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان هیچ ڕێوشوێنێکی یاسایی نەگرتووەتە بەر بۆ ئەو تاوانانەی لەلایەن هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانەوە ئەنجامدراون کە ئەندامی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان نین. ئەوەش مانای ئەوەیە ئێستا هیچ ئەگەرێک نییە بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانە، مەگەر ئەنجوومەنی ئاسایش یان حکومەتی عێراق ئەو دەسەڵاتەمان بدەنێ.

کوردستانی
ڕووداو
ژمارە ( 486 ) - دووشەممە 2017/12/18

## حوکمی حەبیبوڵڵا لەتیفی سووککرا



**ڕووداو – سنە**

حوکمی ئیعدامی حەبیبوڵڵا لەتیفی، بەندکراوی سیاسیی کورد بۆ حوکمی بەندکردنی هەتاهەتایی گۆڕدرا. ڕۆژی چوارشەممەی رابردوو 2017/12/13 دادگای ئینقلابی شاری سنە، حوکمی ئێعدامی حەبیبوڵڵا لەتیفی زیندانیی سیاسیی کوردی، بۆ بەندکردنی هەتاهەتایی گۆڕی. پێشتر کۆچکردوو جەلال تاڵەبانی، سەرککۆماری پێشووی عێراق، لە نامەیەکدا، داوای لە مەحموود ئەحمەدی نژاد سەرکۆماری پێشووی ئێران کردبوو، حوکمی لە سێدارەدانی حەبیبوڵڵا لەتیفی هەڵوەشێنێتەوە. لەتیفی 11 ساڵ لەمەوبەر لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێران دەستگیرکرا، ماوەی چوار مانگ لە زیندانی ئیتلاعات هێڵدرایەوە. دواتر بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ دژایەتیی ئەمنییەتی وڵات، بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو.



# دەمیرتاش..

# ئیکــــارۆسی سیاسەتی کورد لە تورکیا

## دەمیرتاش بەنیاز بوو ببێتە گەریلا

**بۆ یەکەمجار لە هاوڕێ قوتابیەکانییەوە گوێی لە ناوی کورد بووە**

کلیچدارئۆغڵو لە وەسفی دەمیرتاشدا:

**پەح، ئەم پیاوە چەند زیرەکە!**

**ڕووداو- هەولێر**

لە پێنجی تەمووزی 1991، واتە شەش ساڵ دوای دەستپێکردنی شەڕی چەکداری لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستان، دەیان هەزار کەس بۆ مەراسیمی ناشتنی ویدات ئایدن، چالاکڤانی مافە کولتوورییەکانی کورد لە شاری ئامەد کۆبببوونەوە. لەناو ئاپۆڕەی خەڵکەکەدا لاوێکی 18 ساڵان بە ناوی سەلاحەدین دەمیرتاش هەبوو کە لە هاوڕێکانی قوتابخانەیەوە گوێی لە ناوی کورد بووبوو. تاوەکو ئەو ڕۆژە دەمیرتاش دڵنیا نەبوو لەوەی خۆی بە کورد بزانێت یان تورک. بەڵام ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە هەموو شتێکی بۆ دەمیرتاش یەکلایی کردەوە.

مەراسیمی ناشتنی ئایدن توندوتیژی لێکەوتەوە. بەگوێرەی ئامارەکانی حکومەت لەو ڕۆژەدا هەشت کەس کوژران، بەڵام لایەنە کوردییەکان باسی کوژرانی 20 کەس دەکەن. وەکوو خۆی باسی دەکات "ئەو ڕۆژە بەتەواوەتی تێنەدەگەیشتم چ باسە، دوای ئەو ڕۆژە بووم بە کەسێکی دی و ڕەوتی ژیانم گۆڕا".

وەکوو لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی گاردیەنی بەریتانیدا هاتووە، دایک و باوکی دەمیرتاش موکوڕ بوون لەسەر ئەوەی منداڵەکانیان بەپێی گوتار و سیاسەتی فەرمیی تورکیا بەخێو بکەن کە دەڵێت هەموو هاووڵاتیانی تورکیا تورکن.

بیرکردنەوەی سیاسیی دەمیرتاش لەناو سەرهەڵدانە جەماوەرییەکانی باکووری کوردستان و کاردانەوەی توندی هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا شێوەی گرتووە نەک لەناو خێزانەکەیەوە. دەمیرتاش خۆی گرتووخانەکانی تورکیای بینیوە، نووردەینی برای بە تۆمەتی ئەندامێتی لە باڵی لاوانی پەکەکە 12 ساڵ بەند کرا، نووردەین دواتر بوو بە گەریلا، ئێستاش هەر گەریلایە.

لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا، دەزگا ئەمنییەکانی تورکیا ئۆتۆمبێلی جۆری رینۆی فەرەنسییان بەکاردەهێنا، ئەوکات رینۆی سپی بە کوردکوژ و ئەشکەنجەدەری کورد ناوی دەرکردبوو. دەمیرتاش بۆ گۆڤاری (نیویۆرکەر)ی ئەمریکی دەڵێت: "من خۆم سواری رینۆی سپی کراوم، زۆر کەسیشم دەناسی کە سوارکران و بەزیندوویی لێی دەرنەچوون".

ساڵانی خوێندنی زانکۆی دەمیرتاش لە نەوەتەکاندا لە خوێناویترین ساڵانی مێژووی هاوچەرخی باکووری کوردستان بوو. شەڕی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا لە گەرمەی خۆیدا بوو، ئەوکات ژمارەیەکی زۆر لە هاوتەمەنەکانی دەمیرتاش بوونە گەریلا، بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی (ئەحواڵ نیوز)، دەمیرتاش خۆیشی بیری لە چوونە ناو پەکەکە کردبووەوە، بەڵام دواجار بڕیاری دابوو خوێندنەکەی لەبواری یاسا لە زانکۆی ئەنقەرە تەواو بکات.

دوای تەواوکردنی زانکۆ، لە 1998 گەڕایەوە ئامەد و وەکوو پارێزەری دۆسیەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ دەستی بەکار کرد، لە 2004 بوو بە سەرۆکی لقی ئامەدی دەستەی مافی مرۆڤ (IHD)، واتە هەمان ئەو پۆستەی ئایدن بەر لە ڕووداوەکانی 1991 سەرپەرشتی دەکرد. دەمیرتاش سوور بوو لەسەر ئەوەی تەرمی گەریلاکانی پەکەکە لە شاخەکانەوە بهێنێتەوە بۆ خێزانەکانیان، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (گاردیەن) هەر ئەمە بووە هۆی ئەوەی لەناو خەڵکی ناوچەکە بە "پارێزەری ئێسک و پروسک" ناو دەربکات و حکومەتیش بە لایەنگری پەکەکە ناوزەدی بکات.

لەو ماوەیەشدا لەگەڵ باشاک دەمیرتاش زەماوەندی کرد کە ڕاپۆرتەکەی (ئەحواڵ نیوز) بە "خۆشەویستی سەردەمی منداڵیی سەلاحەدین" وەسفی دەکات. باشاک مامۆستای سەرەتایی بوو، سەلاحەدین دەمیرتاشیش خۆبەخشانە کاری یاسایی بۆ بەندکراوە سیاسییەکان دەکرد.

دەمیرتاش خوێنگەرم و قسەخۆشە، ساڵانێک کارکردن لە دادگا جیاجیاکانی تورکیا لەسەر کەیسە قورسە سیاسییەکان ناوبانگ و توانایەکی گوتاربێژیی زۆری پێدابوو. کەسێکی نزیک لە کەمال کلیچدارئۆغڵو، سەرۆکی پارتی کۆماریی تورکیا، بە (گاردیەن)ی بەریتانی گوتووە کە لەدوای یەکەم کۆبوونەوەی لەگەڵ دەمیرتاش، سەرۆکی پارتی کۆماری بە سەرسوڕمانەوە پاش کۆبوونەوەکە گوتبووی "پەح، ئەم پیاوە چەند زیرەکە!". لەخۆڕا نییە لە تەمەنی 33 ساڵیدا لەلایەن پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیکەوە پێشنیاز دەکرێت بۆ کاندیدی پەرلەمانیی پارتەکە.

دوو ساڵ دواتر دادگای باڵای تورکیا مۆڵەتی کارکردنی لە دەتەپە سەندەوە. ئەندام پەرلەمانەکانی دەتەپە پارتی ئاشتی و دیموکراسی (بەدەپە)یان دامەزراند. لە ساڵی 2010 ئەو پارتە نوێیە کۆنگرەی بەست و دەمیرتاش و گوڵتەن کیشاناکیان بە هاوسەرۆکی پارتەکە هەڵبژارد. ئەوکات سەلاحەدین دەمیرتاش تەنیا 37 ساڵ تەمەنی بوو. دوو ساڵ دواتر بەدەپە لەگەڵ پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) بوون بە یەک ڕێکخستن.

چارەکە سەدەیەک دوای مەراسیمە خوێناوییەکەی ناشتنی ڤەدات ئایدن، دەمیرتاش، کە ئەوکات تەمەنی 41 ساڵ بوو، لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی تورکیادا ملی لەبەر ملی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان نا، لەو هەڵبژاردنەدا دەمیرتاش 9.77%ی دەنگەکانی هێنا. هەرچەندە ڕێژەی دەنگی دەمیرتاش لە هی هەردوو کاندیدەکەی دیکە کەمتر بوو، بەڵام هەر لەو هەڵبژاردنەدا هەم دەمیرتاش وەکوو سیاسەتکارێکی بەتوانا دەرکەوت و هەم چاوەڕوانی ئەوەش دروستبوو کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی 2015دا پارتی دیموکراتیکی گەلان بتوانێت بەربەستی 10 % ببڕێ. ئەوە بوو لە هەڵبژاردنی حوزەیرانی 2015دا هەدەپە 13 %ی دەنگەکانی هێنا و بەوپێیەش لە کۆی 550 کورسی پەرلەمانی تورکیا 80 کورسی مسۆگەر کرد.

هۆکاری ئەم سەرکەوتنە تەنیا ئەوە نەبوو کە دەمیرتاش لایەنگرێکی سەرسەختی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد بوو، بەڵکو هۆیەکی سەرەکی ئەو سەرکەوتنە ئەوە بوو کە دەمیرتاش بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەجێندایە دەستی بۆ پێکهاتە و کەمینە ناڕازی و سێکولارەکانی تورکیش درێژ کرد.

دەمیرتاش دەیزانی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد بەبێ کرانەوەی سیاسیی سەرانسەری لە تورکیا مەحاڵە، بەڵام پارتی دەسەڵاتداری تورکیاش دەیزانی دەمیرتاش تەنیا ناسیۆنالیستێکی کورد نییە کە بیەوێت لە ئامەدەوە دەست بە چارەسەری ئاشتی بکات و هەر لەوێشدا بیهێڵێتەوە. سەرکەوتنەکەی هەڵبژاردنی حوزەیرانی 2015 کە پشتگیریی کەمینە غەیرە کورد و تورکەکانیشی لەپشت بوو، شەڕ و ململانێکانی بۆ ئەنقەرە گواستنەوە، ئەمەش لەسەر دەمیرتاش گران کەوت.

لە ڕۆژی چواری تشرینی دووەمی 2016، دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغی هاوسەرۆکی هەدەپە دەستگیر کران. لە کاتی هەڵبژاردنەکانی 2015دا، دەمیرتاش خۆی بە نوێنەری "سەرکوتکراوان و پەراوێزخراوانی تورکیا" وەسف کرد و ئەوروپییەکان بە "ئۆباما"ی تورکیا ناویان دەبرد. ئێستا دەمیرتاش، تەمەن 44 ساڵ، ماوەی زیاتر لە 400 ڕۆژە لە گرتووخانەدایە، دیار نییە ئەجێندا فراوانەکەی لە ڕەوشی سیاسی و ئەمنیی ئاڵۆزی ئێستای تورکیادا بە کوێ دەگات.



### ئیکارۆسی بەرزەفڕ

ئیکارۆس لە میتۆلۆژیای یۆنانیدا کوڕی دایدالۆسە. ئیکارۆس و دایدالۆس بڕیار دەدەن پێکەوە لە کریت رابکەن. بۆ ئەوەش دایدالۆس لە پەڕ و ڕۆن دوو باڵ بۆ ئیکارۆسی کوڕی دروست دەکات، بەڵام ئامۆژگاریشی دەکات ئەوەندە بەرز نەفڕێت کە خۆر باڵەکانی بسووتێنێ. ئیکارۆس ئامۆژگارییەکە پشتگوێ دەخات و خۆر ڕۆنەکەی باڵی دەتوێنێتەوە و لە ئاسمانەوە بەردەبێتەوە ناو دەریا و دەخنکێ. لە زانستە مرۆییەکاندا ئیکارۆس ئاماژەیە بۆ کەسی خاوەن خولیای بەرز کە دەکرێت هەمان خولیا ببێتە مایەی مەترسی لەسەر ژیانیشی.

# کوردە موحافزکارەکان لە ئاکپارتی هەڵدەگەڕێنەوە؟

**ڕووداو- هەولێر**

هەڵوێستی حکومەتی تورکیا لە دژی هەرێمی کوردستان لەپاش گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلول، نیگەرانیی زۆری لەلای دەنگدەری کوردی موحافەزەکاری باکووری کوردستان دروست کردووە، بۆیە بە ڕای شرۆڤەکارانی سیاسی، ئەمە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا کاریگەری لەسەر دەنگدەرە کوردەکانی ئاکپارتی دەبێت.

کوردی نێو ئاکپارتی چی دەکەن؟ بەردەوام دەبن لە دەنگدان بە حیزبەکەی ئەردۆغان؟ بیر لە دامەزراندنی پارتێکی نوێ دەکەنەوە؟ یان ڕوو دەکەنە هەدەپە، هوداپار و هاکپار.

پەیوەندیی ئاکپارتی و کورد، هێندەی تەمەنی ئەم پارتە کۆنە کە بەناوی دیموکراسییەوە ڕێژەیەکی زۆری دەنگی کوردی بۆ خۆی ڕاکێشا. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ئەوکاتەی سەرۆکوەزیرانی تورکیا بوو، باسی مافە کولتوورییەکانی کوردی ورووژاند، بەمەش ئەستێرەی لەنێو دەنگدەرانی کورددا گەشایەوە. ساڵی 2005، ئەردۆغان لە ئامەد گوتاری دا و گوتی "لەمەودوا، کێشەی کورد کێشەی منە". هەر خودی ئەردۆغان لەبارەی کۆمەڵکوژیی دێرسیم لەساڵی 1938 بەناوی دەوڵەتەوە داوای لێبووردنی کرد. پلانی دواتری ئەردۆغان لێدان بوو لە پارتی دیموکراتی گەلان بەوەی کە پارتێکی چەپ و کەمالی و بێدینە و کورد گەلێکی موسوڵمانە و چی داوە لە هەدەپە! دواتر پرۆسەی "کرانەوەی دیموکراسی بە ڕووی کورد" ڕاگەیاند و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی دەوڵەتی بە زمانی کوردی کردەوە، ئەردۆغان بەرهەمی ئەو سیاسەتەی چنییەوە و دەنگی زیاتری کورد چوونە نێو هەگبەی ئاکپارتی.

بەڵام لە سەردەمی پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، کاریگەریی هەدەپە لە باکووری کوردستان و نێو کورد زیاتر بوو لە کاریگەری ئاکپارتی، بۆیە هەڵوێستی ئەردۆغانیش گۆڕانکاری بەسەردا هات. ئەردۆغان گوتاری "کێشەی کورد کێشەی منە"ی کردە "کورد کێشەی نییە، برا کوردەکانمان کێشەیان هەیە". ئەمجارەش قورئانی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕا و لە گۆڕەپانەکاندا بەرزی کردەوە، بەڵام ئەمەش دادی نەدا و بەپێچەوانەوە کاردانەوەی لێکەوتەوە و ئەوانەی پێشوو دەنگیان بە ئاکپارتی دابوو، لە هەڵبژاردنەکانی 7ی حوزەیراندا، دەنگیان بە هەدەپە دا. ئاکپارتی چانسی بە تەنیا پێکهێنانی حکومەتی لەدەستدا. ئاکپارتی لە هەڵبژاردنەکانی یەکی تشرینی دووەمدا تەکتیکی گۆڕی و دووبارە دەنگی کوردی بەدەستهێنا و جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست، بەڵام حکومەتی تورکیا بەردەوام بوو لە تۆمەتبارکردنی هەدەپە.

ئاکپارتی بەردەوام دەیگوت، گەلی کورد گەلێکی خواناسە و هەدەپەش هەوڵ دەدات لە خواناسی دووریانبخاتەوە.

ساڵی 2015، ئەردۆغان، مەسعود بارزانی و شڤان پەروەر و ئیبراهیم تاتلیسەس-ی لە ئامەد کۆکردەوە و پێکەوە لەسەر تەختی شانۆ لەبەردەم خەڵک، وەستان. لە ئامەد، ئەردۆغان گوتارێکی پێشکەش کرد و ڕایگەیاند کە ئەوان بەردەوام پشت و پەنای کوردن، ئەمەش خۆشی خستبووە دڵی پەرلەمانتارە کوردەکانی نێو ئاکپارتی، بەڵام ئەوە تا سەر نەبوو، دواتر پێچەوانەکەی دەرکەوت.

هێشتا، دۆخی گشتپرسی کۆتایی نەهاتبوو، ئاکپارتی دەستیکرد بەگۆڕینی ئاراستەکانی بۆ کەمالیزم، لە کاتێکدا دەیزانی ئەو کوردانەی دەنگیان بە ئاکپارتی داوە چەندە هەستیارن بە کەمالیزم. کوردەکانی ئاکپارتی بەردەوام هەدەپەیان بەکەمالیزم تۆمەتبار دەکرد، کەچی ئەردۆغان لە گوتارێکیدا گوتی "ڕێبازی ئێمە، ڕێبازی کەمالیزمە"، ئەمجارەیان کوردەکانی ئاکپارتی سەریان لێشێوا و نەیانزانی چۆن و چ وەڵامێکی بەرامبەرەکانیان بدەنەوە.

زمانی ئاکپارتی دژ بە گشتپرسی زمانێکی زۆر توند و مایەی نیگەرانیی کورد بوو. ڕەفیق کاراکۆچ، سەرۆکی گشتیی هاکپار پێیوایە، ئەو سیاسەتە نوێیەی ئاکپارتی گرتوویەتییە بەر بۆ ڕازیکردنی مەهەپەیە و دەڵێت "ئەو زمانەی ئاکپارتی لە دژی گشتپرسیی باشوور بەکاری هێنا، بەشێوەیەکی گشتیی هەموو کوردی باکووریشی نیگەران کرد. بەدڵنیاییەوە، ئەمە ڕەنگدانەوەی لەسەر هەڵبژاردنەکانیش دەبێت. هەر شتێک لە بەرژەوەندیی کورد بێت، لە بەرژەوەندی هاکپاریش دەبێت. بەپێچەوانەشەوە هەر شتێک مایەی زیانی کورد بێت، زیان بە تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەگەیێنێ".

بەبڕوای کاراکۆچ، ئەردۆغان لە دەنگدەری کورد بێ ئومێد بووە، بەکارهێنانی دەستەواژەی کەمالیزمیش بۆ ئەوەیە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگەکانی مەهەپە ببات. ئەو دەڵێت "لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، ئەنجامی گۆڕینی سیاسەتی ئاکپارتی بەڕوونی لە سندووقەکانی دەنگداندا دەبینرێ".

مەراڵ دانیش، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی هەدەپە پێیوایە چیدی کورد دەنگ بە ئاکپارتی نادات. دانیش لەوبارەیەوە دەڵێت "کاتی هاتووە ئەو کوردانەی دەنگیان بە ئاکپارتی دا، ڕاستییەکان ببینن. ئێستا ڕووی ڕاستەقینەی ئەو پارتە دەرکەوت کە لە هەموو بۆنە و ڕێوڕەسمێکدا، سووکایەتی بە زمان و کولتووریان دەکات و مافەکانیان ڕەتدەکاتەوە و هەموو سنوورێکیان بەزاندووە".

ئاڵتان تان کە کەسێکی موحافەزەکارە و پەرلەمانتاری هەدەپەیە، پێیوایە هێشتا زووە قسە لەسەر ئەوە بکرێ ئەو هەڵوێستە نوێیەی ئاکپارتی چ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر هەڵبژاردنی داهاتوو دەبێ، بەڵام دەڵێت: "ئەگەر دۆخی ئێستا هەڵبسەنگێنین، کوردە موحافزکارەکانی ئاکپارتی دەدۆڕێن. هەڵوێستی دژایەتیکردنی گشتپرسی کوردی نیگەران کرد. ئەو کوردانەی دەنگیان بە ئاکپارتی داوە، هێندە خۆش باوەڕ نین".

بەڵام شێخمووس تانریک ئۆغڵو کە بەرپرسێکی ڕێکخستنەکانی هەدەپەیە، دەڵێت ئەو زمانە نەتەوەپەرستییەی کە ئاکپارتی پێی دەدوێ، کوردی ڕەنجاند و دڵگران کرد. ئەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر هەڵبژاردنەکان دەبێت "لە کاتی بانگەشە بۆ گشتپرسی لە باکووری عێراق، داوامان لە هەموو لایەنێک کرد، ڕێز لە ئیرادەی گەل بگیرێت، چونکە هەموو گەلێک مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەیە، بەڵام ئەو زمانە زبرەی ئاکپارتی، دڵی 30 ملیۆن کوردی ڕەنجاند. بەدڵنیاییەوە، بەردەوامبوونی ئاکپارتی لەسەر ئەم سیاسەتە کاریگەری لەسەر دەنگەکانی دەبێ لە هەڵبژاردنی داهاتوو".

ریها ڕوهاڤی ئۆغڵو کە نووسەرێک و توێژەرێکی نزیکە لە کورد، دەڵێت: "کوردە موحافزکارەکان دەمێکە لەبارەی پەکەکەوە بەکورد دەڵێن: پەکەکە بێدینن. هەوڵ بدەن سیاسەتێکی میانڕەوی موحافزکارانەی وەک بارزانی بگرنە بەر بزانن دۆختان چۆن دەگۆڕێت! بەڵام ئەوەی بینیمان زۆر جیاواز بوو. ئەگەر مەسەلەکە پرسی کورد بێت، بەدڵنیاییەوە بارزانی کە دۆستی دوێنێ بوو، ئەمڕۆ هێندەی پەکەکە دژایەتی کرا. کەواتە هاوسەنگییەکە بەمشێوەیەیە: لە پرسی کورد کەسایەتی و سەرکردە هیچ ڕۆڵێک و بایەخێکی نییە. پەکەکە بێ یان بارزانی. حیزبوڵڵاش دروست بکەن و سێکولاریش بن، کۆمەڵگەی تورکی خاوەن یەک هەڵوێستە و هەڵوێستەکەی ئەمڕۆشی باشترین و ڕوونترین هەڵوێستە".

ئەو توێژەرە پێیوایە ئەگەر ئاستی ڕەنجان لە سیاسەتی ئاکپارتی زۆر فراوانیش بێ، بەڵام کاریگەری زۆری لەسەر هەڵبژاردن نابێ "بۆ نموونە کۆمەڵکوژی ڕۆبۆسکی بێننەوە یادتان، تەنانەت داوای لێبوردنیشیان نەکرد، کەچی بەشێک لەنێو ئەم جوگرافیایەدا دەنگیان بە ئاکپارتی دا".



ئەردۆغان بە دژایەتیکردنی گشتپرسی و گەڕانەوە بۆ کەمالیزم دڵی کوردە دیندارەکانی لە خۆی ڕەنجاندووە

**تورکمان و عەرەب دەیانەوێ پۆستەکانی کەرکووک دابەش بکەنەوە**

## ئەندامێکی عەرەبی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک:

# پۆستی پارێزگاری کەرکووک مافی خۆمانە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

راکان سەعید کە لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە بە وەکالەت پارێزگاری کەرکووکە، هەموو ئەو نووسراوانەی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق و وەزارەتی ناوخۆی واژۆ کردوون کە نەجمەدین کەریم پارێزگاری لەکار لادراوی ئەو پارێزگایە رایگرتبوون و کاری پێنەدەکردن. بەشێک لەو نووسراوانەش وەکو ئەندامێکی یەکێتی لە فراکسیۆنی برایەتی کەرکووک دەڵێت، دژی ماددەی 140 و بە زیانی کوردن. ئەندامێکی دیکەی ئەو فراکسیۆنە دەڵێ کێشەکە ئەوە نییە کە فراکسیۆنی برایەتی ئەمڕۆ ناکۆکن "چونکە ئەگەر فراکسیۆنەکەش بچێتەوە کەرکووک و رزگار عەلیش پەسەند بکەن بۆ پارێزگاری شارەکە، عەرەب و تورکمان دەستبەرداری پارێزگار نابن".

دوو مانگ بەسەر هێرشی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بۆ سەر کەرکووک و دەوروبەری تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا ئەو شارە نەهاتووەتەوە سەر خۆی. ناکۆکی و کێشە تەنیا لە نێوان کورد و بەغدا نییە وەک دوو ناوەندی بڕیاردانی سیاسی لە عێراقدا، چونکە ئێستا لەنێو کورد ناتەبایی و لەنێو تورکمانی شیعە و سوننەش ناکۆکی و لەنێو عەرەبی شیعە و سوننەش دیسان ناکۆکی هەیە. باجی هەموو ئەو ناکۆکییانەش کەرکووک دەیدات، ئەو شارەی کورد دەڵێ بەغدا داگیری کردووە و بەرەی تورکمانی و عەرەبیش پێیانوایە دەستی خۆسەپاندنی کوردی بەسەرەوە نەماوە.

کێ دەبێتە پارێزگاری کەرکووک کە هەموو لایەنەکان لانیکەم رقیان لێی نەبێ؟ ئێستا هیچ ناوێک نییە لە کەرکووک ئەو کۆدەنگییەی لەسەربێ. ئەندامێکی عەرەبی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێ "کێشەکە ئەوە نییە کە فراکسیۆنی برایەتی لە نێوخۆیاندا کێشەیان هەیە، ئەگەر ئەوان کێشەشیان نەبێ و کەسێک کاندید بکەن، ئێمە رازی نابین، چونکە پارێزگار مافی ئێمەیە". ئەو ئەندامە عەرەبەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، گوتیشی: "پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگای کەرکووک بەپێی رێککەوتنی 2007 دابەش دەکەینەوە کە 32% بوو بۆ هەر لایەک. پۆستی پارێزگاری کەرکووک مافی ئێمەیە. تورکمانیش پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی دەوێ".

هەرچۆن بێت، ئێستا رەوشەکە بەدڵی عەرەبە، چونکە ئەوان پۆستی باڵای بەرپرسیارێتی شارەکەیان بەدەستە لەکاتێکدا 5 کورسییان هەیە.

مەجید مەحموود، ئەندامی پارتی لە فراکسیۆنی برایەتی دەڵێ، زانیارییان هەیە لەو ماوەیە راکان سەعید، پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەت ژمارەیەک بڕیاری دەرکردوون کە پەیوەندییان بە ماددەی 140 و بەرنامەی کاری ئەنجوومەنەکەوە هەیە.

مەجید مەحموود بە (رووداو)ی گوت: "چەند کەسێکمان نارده لای و پێمانگوت تۆ بۆچی لەو ماوەیە ئەو بڕیارانەت داوە لەسەر گرێبەستە کشتوکاڵییەکان؟ گوتی من هەموو ئەو نووسراوانەی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆی عێراقم دەرهێناوە کە نەجمەدین کەریم پێشتر شاردبوونیەوە و کار لەسەر ئەوانە دەکەم، هیچ سەرپێچییەکم نەکردووە".

مەجید مەحموود دەڵێ، راکان سەعید ژمارەیەک بڕیاری لەسەر هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە کشتوکاڵییەکان دەرکردووە.

ئەو ئەندامەی فراکسیۆنی برایەتی بەدووری دەزانێ کورد بتوانێ پۆستی پارێزگاری کەرکووک وەربگرێ و دەڵێت: "تورکمان و عەرەب ئێستا لە کەرکووک پارێزگار بە مافی خۆیان دەزانن. ئێمە لە لیستی برایەتی لەسەر هەر کەس رێکبکەوین و کێشەشمان نەمێنێ، ئەوان دەستبەرداری پۆستی پارێزگار نابن".

گوتیشی: "ئێستا تورکمانە شیعەکان داوای پۆستی باڵا دەکەن، تورکمانە سوننەکانیش داوای پۆستی باڵا دەکەن، عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە هەروا، لەم حاڵەدا کورد بشچێتەوە شارەکە ناتوانێ ببێتەوە بە خاوەنی کەرکووک".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) کە لەچەند بەرپرسێکی پارتی و یەکێتییەوە دەستیکەوتوون، پارتی و یەکێتی چەند جارێک لەسەر دۆخی کەرکووک، گەڕانەوە بۆ شارەکە، دانانی پارێزگار، کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن قسەیان کردووە، بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبووە.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی یەکێتی لە فراکسیۆنی برایەتی پشتڕاستی کردەوە کە ئەوان لە رۆژانی رابردوودا چوونەتە هەولێر و لەگەڵ ئەندامانی پارتی کۆبوونەتەوە و داوایان لێکردوون بگەڕێنەوە "پارتی بە راشکاوی پێیانگوتین ئەوان ناگەڕێنەوە کەرکووک، پارتی نایەوێ لەم کاتەدا بگەڕێتەوە کەرکووک و کە ئێمەش وەک ئەنجوومەن لە شارەکە نەبین، پارێزگاری ئێستا و لایەنە عەرەب و تورکمانەکان هەرچییان بوێ دەیکەن و گوێ بە هیچ نادەن".

بەڵام مەجید مەحموود، هۆکاری نەگەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووک دەگێڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری ئەمنی و سیاسی و دەڵێ: "هەموو بارەگاکانی پارتی لە کەرکووک حەشدی شەعبییان تێدایە و ماڵی ئەندامان و بەرپرسانی پارتی یان سووتێنراون یان تاڵانکراون. چۆن گەرەنتی ژیانی ئەندامانمان بکەین، ئینجا بە یەکێتیمان گوتووە دڵنیابن ئێمە دەنگ بە رزگار عەلی نادەین".

جەمال مەولود، ئەندامی شیوعی لە لیستی برایەتی کە پێش رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بووە یەکێتی، دڵنیایە لەوەی تورکمان لە کەرکووک مافی پارێزگار بەهی خۆیان دەزانن و دەستبەرداری نابن "دەیانەوێ لەگەڵ عەرەبدا هەموو فەرمانگەکانیش دابەش بکەن.

ماوەیەک لەمەوبەر شیعەکانی بەغدا ناوێکی کوردیان هێنایە ئاراوە و گوتیان پاڵێوراوی ئەوان دەبێ بۆ وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری کەرکووک. دادوەر سامان عەتا، ئەو ناوە بوو کە نە یەکێتی و نە پارتیش تاوەکو ئێستا بە فەرمی هیچ پشتیوانییەکیان بۆ دەرنەبڕیوە، بەڵام خۆی بە (رووداو)ی گوت: "هێشتا من هیوام هەیە ببمە پارێزگاری کەرکووک و زۆربەی یەکێتی و پارتی و حیزبەکانی دیکەش پێیان خۆشە ئەو پۆستە وەربگرم".

**ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک**

**راکان سەعید هەموو ئەو نووسراوانەی بەغدای واژۆ کردووە کە نەجمەدین کەریم رایگرتبوون**


لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە کورسیی پارێزگاری کەرکووک دەڵێن "کورسیی سەرتاش"

# شارەزایانی رۆژئاوایی سەریان لە بۆمبەکانی داعش سوڕماوە

**رووداو- هەولێر**

کۆتایی بەهاری ئەمساڵ، هێزە عێراقییەکان لە مووسڵ سێ هاوەنی داعشیان دۆزییەوە کە ماتریاڵێکی شلی سەیری لێوە دەردەچوو. بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی ماتریاڵەکە جۆرێکی هاوشێوەی (سی فۆر) بووە کە لە کاتی پێکانی ئامانجەکەدا پێست و سیستەمی هەناسەی قوربانیان دەسووتێنێ. ئەوە یەکەمجار بووە هاوەنێکی داعش بدۆزرێتەوە کە بە شێوازێکی تایبەت ئەو ماتریاڵەی تێکرابێ.

گرووپە چەکدارە تیرۆریستەکان لە ئاستێکی زۆر سنووردار‌دا دەستیان بە بازاڕەکانی چەکی جیهان رادەگات، بۆیەش زۆربەی جاران ناچارن خۆیان چەک و تەقەمەنی خۆیان دروستبکەن. سۆلێمۆن بلاک، بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە چاودێری لێکۆڵینەوە لە چەکەکانی داعشی کردووە، بە (نیویۆرک تایمز)ی راگەیاند کە داعش پیشەسازیی دروستکردنی چەکی گەیاندبووە ئاستێکی نوێ "تاوەکو ئێستا هیچ گرووپێکی نادەوڵەتیمان نەبینیوە ئەو جۆرە چەک و تەقەمەنییە دروستبکات".

(نیویۆرک تایمز) ژمارەیەکی زۆر لەو لێکۆڵینەوانەی دەستکەوتووە کە سەبارەت بە پیشەسازیی چەکی داعش لە 2014ەوە کراون و تێیاندا وێنە و وردەکاریی زۆربەی چەک و تەقەمەنییەکان خراونەتەڕوو، لەوێ دەردەکەوێت داعش سیستەمێکی پێشکەوتووی دروستکردنی چەکی هەبووە کە چەند بەشێکی لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان و دابەشکردنی چەکی لەخۆگرتووە.

لە یەکێک لە راپۆرتەکاندا باس لەو شتانە دەکرێ کە داعش لە بۆمبڕێژکردنی ناوچەکاندا بەکاریهێناون بۆ ئەوەی پاش کشانەوەیان لە ناوچەکە بتەقنەوە. یەکێک لە حاڵەتەکان لە رومادی تۆمار کراوە کە تێیدا داعش بڕێکی زۆر تەقینەوەی لەژێر ریزێک خانووبەرەدا چاندووە و وایەری تەقینەوەکەی لە بۆردی کارەبای یەکێک لە خانووەکان داوە.

کاتێک هێزە عێراقییەکان دەگەنە گەڕەکەکە و داوا لە خێزانەکان دەکەن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، لە کاتی داگیرساندنی پلاکی کارەبادا ئەو ریزە خانووە هەموویان دەتەقنەوە. سنوور تۆفیق، بەڕێوەبەری ئۆپەراسیۆنەکانی رێکخراوی هاوکاریی گەلی نەرویج، لە راپۆرتەکەی خۆیدا بۆ ئەو کەیسە باسی کوژرانی هەموو ئەندامانی ئەو خێزانە گەڕاوەیە دەکات.

سۆبەی نەوتی و موەلیدەی کارەبا دوو ئامێری دیکەن کە داعش بۆ دانانی بۆمب سوودی لێوەرگرتوون و هەردووکیشیان لەلایەن خێزانە ئاوارە و گەڕاوەکانەوە سوودیان لێوەردەگیرێ. رێکخراوێکی نەرویجی بۆ پووچەڵکردنەوەی مین لە راپۆرتەکەی خۆیدا باسی ئەوەی کردووە کە چەند حاڵەتێکی لەوجۆرەیان لە نزیک مووسڵ تۆمار کردووە. بەگوێرەی راپۆرتی رێکخراوەکە، مینەکان لەناو موەلیدەکانی کارەبا بەجۆرێک دانراون کە ئەگەر مەکینەکە بەکار بخرێ، یەکسەر دەتەقێتەوە.

داعش زیاتر لە سێ ساڵ دەستی بەسەر ناوچەیەکی گەورە لە عێراق و سووریادا گرتبوو کە هیچ چاودێرییەکی هەواڵگریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەسەرەوە نەبوو، ئەمەش رێگەی بۆ داعش خۆشکردبوو بێ هیچ چاودێری و رێگرییەک ئازادانە چەک بەرهەم بهێنێ و لەو بوارەدا تاقیکردنەوەی قورس بکات.

بەگوێرەی راپۆرتی رۆژنامە ئەمریکییەکە، هەندێک لە تەقەمەنی و چەکەکانی داعش بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی دروستکرابوون و لەڕووی چۆنایەتییەوە پیشەسازییەکی گەورەی دروستکردنی چەک نیشان دەدەن.

خەلافەتەکەی داعش لەسەر ئەرزی واقیع کۆتایی هاتووە، بەڵام بەرپرسانی ئەمنی هۆشداری دەدەن لەوەی مەترسیی رێکخراوەکە وەکو خۆیەتی، بەتایبەتیش مەترسیی ئەو چەکدارانەی لەبواری دروستکردنی چەک و تەقەمەنیدا شارەزاییەکی زۆریان هەیە. ئێرنست براخاس، شارەزای بۆمب و مینی چێنراو لە هێزەکانی ئەمریکا، پێیوایە چەکدارانی داعش "زانیارییەکانی خۆیان بە هەموو جیهاندا بڵاودەکەنەوە، ئەوان (ئەگەر لە سووریا و عێراقیش نەمێنن) روو لە فیلیپین و ئەفریقا دەکەن، بۆیەش شارەزایی دروستکردنی چەکی داعش هەر گەشە دەکات".

رووخانی خێرای رژێمی بەعسی عێراق، هەڵوەشانەوەی دامەزراوە سەربازییەکانی لەلایەن هاوپەیمانان و دواتریش بێخاوەن مانەوەی دامەزراوەکان لە عێراق، هاوکارێکی سەرەکیی بووە بۆ ئەوەی گرووپە چەکدارە سوننە و شیعەکان دەستیان بە ماتریاڵی پێویست بۆ دامەزراندنی پیشەسازیی دروستکردنی چەک رابگات.

بەڵام فراوانبوونی ناوچە شارییەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش و ماوەی زۆری دەسەڵاتەکەی لەو ناوچانە هۆکارێکی دیکەی پەرەسەندنی پیشەسازیی چەکی داعش بووە. لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا داعش دەستی بەسەر ژمارەیەکی زۆر دووکان، کۆگا، کارگە، تاقیگەی کیمیایی و تاقیگەی زانکۆکاندا گرتووە. ئەمەش هەلی ئەوەی بۆ رەخساند کە ژێرخانێکی دەوڵەمەند بۆ پیشەسازییە مەترسیدارەکەی خۆی بەدەست بهێنێ.

بەڵام ئەو پیشەسازییە پێویستی بە دامەزراوەیەکی ئیداریی بەرفراوانیش هەبووە بۆ ئەوەی چاودێری بکات. دامیەن سپلیتەرز، بەرپرسی ئۆپەراسیۆنەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوە لە چەک و شەڕ (CAR) لە سووریا و عێراق، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "سیستەمی دروستکردنی چەکی داعش توانای هەڵسانەوەی هەیە، یەکێک لە پرۆژەکانی داعش لەو بوارەدا لەو کاتەدا دەستیپێکرد کە رێکخراوەکە لە ژێر قورسترین هێرشدا بوو لە مووسڵ. ئەوان ئەگەر ناوچەش لەدەست بدەن، هەر دەتوانن ئەو پیشەسازییە رابگرن".

وەکوو لە توێژینەوەکانی ناوەندی (CAR) دا دەردەکەوێت، سیستەمی کارگێڕیی پیشەسازیی داعش یەکجار بە دیسیپلین و ورد بووە. وەکوو سپلیتەرز ئاماژەی بۆ دەکات، وایەرەکانی کە لە دروستکردنی بۆمبدا بەکارهێنراون بە سانتیمەتر حیسابیان بۆ کراوە، پێش بەتاڵبوونی ئەمبارەکان داوای پڕکردنەوەیان کراوە و بۆ ئەوەش فۆرمی تایبەتیان هەبووە. کرێگ مەکینالی، بەڕێوەبەری ئۆپەراسیۆنەکانی رێکخراوی پووچەڵکردنەوەی مینی نەرویج لە عێراق، ئاشکرای دەکات پیشەسازیی چەکی داعش سەر بە سەرکردایەتیی ناوەندیی داعش بووە.

ئەوەی شارەزایانی پووچەڵکردنەوەی مینی تووشی سەرسوڕمان کردووە، شێوازی دیزاینی بۆمب و مینەکانی داعش بووە کە لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا بەشێوەی پارچەیی دروستکراون بۆ ئەوەی چەکدارەکە لە کاتی پێویستدا بتوانێت بە ئاسانی پێکەوەیان بنێت. مەکینالی کە ژمارەیەکی زۆر بۆمبی داعشی بینیوە، بە (نیویۆرک تایمز) دەڵێت: "دەکرێت پارچەکان لە کاتی پێویستدا بەیەکەوە بنرێن. ئەمە کارێکی زیرەکانە و سەرنجڕاکێشە".

وەک ئەو دەڵێت، لێکۆڵینەوە لە بۆمبەکانی داعش دەریدەخات ئەو پیشەسازییە قۆناغ بە قۆناغ گەشەی کردووە، چونکە بۆمبەکانی سەرەتا بەباشی دروست نەکرابوون، بەڵام پاش ئەوەی داعش لە مووسڵ تێکشکا، بۆ بۆمبڕێژکردنی گوندەکانی دەوروبەری مووسڵ کەڵکی لە کۆمەڵێک بۆمب وەرگرتبوو کە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ دەمانەوە.

بەڵام پیشەسازیی چەک و تەقەمەنیی داعش بێ کێشەش نەبووە. وەکوو لە راپۆرتەکەدا دەردەکەوێت، یەکێک لەو ماتریاڵانەی کە داعش لە ترسی کاریگەریی لەسەر چەکدارەکانی نەیوێراوە بەکاری بهێنێ، سۆدیۆم هایدرۆکسایدە کە لە پیشەسازیی چەکدا بەکاردەهێنرێت و دەتوانێت پێست و سیستەمی هەناسەی قوربانییان تێکبدات.

زۆرینەی بۆمبە چێنراو و پشتێنە بۆمبڕێژکراوەکانی داعش لەدژی پێشمەرگە، سوپا و پۆلیسی عێراق بەکارهێنراون.

ئاسۆ محەممەد کە لە دامەزراوەیەکی سویسری بۆ پووچەڵکردنەوەی مین کاردەکات، دەڵێت 60%ی شەهیدەکانی پێشمەرگە بەهۆی بۆمبی چێنراوەوە بوون.

**بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا**

**داعش پیشەسازیی دروستکردنی چەکی گەیاندبووە ئاستێکی بەرز**

**یەکێک لە بەرپرسانی رێکخراوێکی نەرویجی**

**لێکۆڵینەوە لە بۆمبەکانی داعش دەریدەخات ئەو پیشەسازییە قۆناغ بە قۆناغ گەشەی کردووە**



60%ی شەهیدەکانی پێشمەرگە بەهۆی بۆمبی چێنراوەوە بوون
(فۆتۆ: نیویۆرک تایمز)



## هەنگوینی کوردستان یەکەمە

**رووداو- هەولێر**

دەیەمین کۆنگرەی هەنگەڤانانی عەرەب و وڵاتانی سەر دەریای سپی لە میسر بەڕێوەچوو و هەنگوینی کوردستان پلەی یەکەمی بەدەستهێنا. عارف شێروانی، سەرۆکی تۆڕی هەنگەڤانانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "کۆنگرەکە بە بەشداری 24 وڵات بەڕێوەچوو و عێراق و هەرێمی کوردستانیش تێیدا بەشداربوون، هەنگوینی کوردستان بە باشترین هەنگوین هەڵبژێردرا". شێروانی راشیگەیاند، ئەمە یەکەمجار نییە هەنگوینی هەرێمی کوردستان بە باشترین هەنگوین هەڵبژێردرێت، پێشتریش لە ساڵی 2009 لە فەرەنسا وەکو باشترین هەنگوین لە جیهان هەڵبژێردرابوو، لە ساڵی 2015ەش لە نەجەف هەنگوینی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی هەموو وڵاتانی عەرەب پلەی یەکەمی بەدەستهێنابوو.

## لە ماوەی سێ مانگدا

# 214 هۆتێل و مۆتێل لە کوردستان داخراون

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکانی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت کە بەهۆی قەیرانی دارایی و راگرتنی گەشتە نێودەوڵەتییەکانی فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان و داخستنی خاڵە سنوورییەکان لەلایەن بەغداوە، جموجۆڵی گەشتیاری لە کوردستان زۆر سست بووە و بەو هۆیەشەوە لە سێ مانگی رابردوودا 200 هوتێل و موتێل لە کوردستان داخراون.

بەپێی ئاماری دەستەی گشتیی گەشتوگوزار، 430 هۆتێل، 271 مۆتێل، 91 گوندی گەشتیاری و 247 هۆتێل و مۆتێلی میللی لە هەرێمی کوردستان هەن و، لەوەش 285 هۆتێل، 125 مۆتێل، 43 گوندی گەشتیاری و 151 هوتێل و موتێلی میللی دەکەونە سنووری پارێزگای هەولێر، بۆیە لە کەمبوونەوەی گەشتیاردا زۆرترین زیان بەر ئەو پارێزگایە کەوتووە.

زیرەک بیا، سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکانی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "بەهۆی کاردانەوەکانی بەغدا لە دژی گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان، گەشتیار بە رێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، لە سێ مانگی رابردوودا نزیکەی 95%ی هوتێلەکانی هەولێر بێ میوان بوون، بۆیە 50

> باجی سەر هوتێل و چێشتخانەکان 50% تاوەکو 75% کەم دەکرێتەوە
>
> مەولەوی جەبار

هۆتێل و مۆتێل لە هەولێر داخراون، زیاتر لە 80ی دیکەشیان بەهۆی کەمیی میوان و زۆری خەرجییەوە، میوان وەرناگرن".

زیرەک بیا دەڵێت بەهۆی قەیرانی دارایی گەشتیاری ناوخۆ زۆر کەم بووە، گەشتیاری بیانیش بەهۆی راگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانەوە دەتوانین بڵێین نەماوە، گەشتیاری عەرەبیش بەهۆی داخستنی رێگاکان بەرێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، ئەمەش گورزێکی گەورەی لە خاوەن هوتێلەکان داوە.

بۆ کەمکردنەوەی زیانی خاوەن هۆتێل و مۆتێلەکان و چالاککردنەوەی کەرتی گەشتیاری لەسەر داوای کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان و دەستەی گشتیی گەشتوگوزار، حکومەت رەزامەندی داوە ساڵی داهاتوو باجی سەر هۆتێل و مۆتێلەکان کەم بکاتەوە.

زیرەک بیا دەڵێت: "رەوشی هۆتێل و مۆتێل و چێشتخانەکانمان بە حکومەت گەیاندووە، حکومەتیش رازی بووە کە لە سەرەتای ساڵی داهاتووەوە، باج و رسوماتی سەر هۆتێل و مۆتێلەکان کەم بکاتەوە".

بەپێی داتاکانی دەستەی گشتیی گەشتوگوزار، لە پارێزگای سلێمانی 74 هۆتێل و 83 مۆتێل و 44 گوندی گەشتیاری و 68 هوتێلی میللی هەن. مەحموود تۆفیق، سەرۆکی لقی سلێمانیی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان بە (رووداو)ی گوت "بەهۆی ئەو بارودۆخەی کوردستان تێیکەوتووە، 14 هۆتێلی میللی بەتەواوی داخراون، زیاتر لە 100 هوتێل و موتێل و گوندی گەشتیاریش بەهۆی کەمی گەشتیارەوە، بە شێوەیەکی کاتی داخراون".

> حکومەت هەندێک رسوماتی ساڵانی شەستەکانی زیندوو کردووەتەوە
>
> سەرۆکی لقی سلێمانی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان:

مەحموود تۆفیق پێیوایە حکومەت بەشێک بووە لە هۆکاری داخستنی هوتێلەکان "چونکە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخە خراپەی هۆتێل و مۆتێلەکان تێیکەوتوون، باج و رسوماتی چەند بەرامبەر زیاد کردووە، تەنانەت هەندێ رەسومات هەیە لە شەستەکانەوە کاری پێنەکراوە، ئێستا زیندوویان کردووەتەوە".

هۆتێلی چوار باخ لە سلێمانی کە لە 18 ژوور پێکدێ، بەهۆی کەمی میوانەوە داخراوە، بەهۆیەوە خاوەنەکەی مانگانە 10 ملیۆن دینار زیانی پێدەگات. حاجی کوردە رەئوف، خاوەنی هۆتێلەکە بە (رووداو)ی گوت "بەهۆی کەمی میوان و زیادکردنی رەسم و باج لەلایەن حکومەتەوە بە ناچاری هۆتێلەکەم داخست".

حاجی کوردە ئاماژەی بەوەدا پێشتر لە وەرزی زستان رێژەی کارکردنیان بۆ نزیکەی 45% دادەبەزی، بەڵام ئێستا بۆ 5% دابەزیوە، بۆیە زۆربەی هوتێل و موتێلەکان، پارەی کرێکار و کارمەندەکانیشیان دەست ناکەوێت.

حاجی کوردە باسی ئەو بارە گرانەی کرد کە حکومەت خستوویەتییە سەر شانی خاوەن هوتێلەکان و گوتی "بۆ نموونە پێشتر نوێکردنەوەی مۆڵەت بە 50 هەزار دینار بوو، بەڵام ئێستا بووەتە 750 هەزار دینار، پارەی کارەبا چوار قات زیاد بووە، ئەمە جگە لەوەی پارەی ساڵانەی تابلۆ و فڕێدانی زبڵیشی هاتووەتەسەر".

حاڵی پارێزگای دهۆکیش لە هەولێر و سلێمانی باشتر نییە، لەو پارێزگایە کە 128 هۆتێل و موتێل و چوار گوندی گەشتیاری و 56 هوتێل و موتێلی میللی هەن، لە ماوەی رابردوودا 50 هوتێل و موتێل داخراون.

ئیحسان شێخ عیسا، سەرۆکی لقی دهۆکی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان بە (رووداو)ی گوت "ئەو 50 هوتێل و مۆتێلە نووسراویان ئاراستەی ئێمە و دەستەی گەشتوگوزار کردووە بۆ ئەوەی باج و رسوماتیان نەچێتە سەر، چونکە داخراون". ئیحسان شێخ عیسا گوتی "زۆربەی هۆتێلەکانی دهۆک دوو ئەستێرە و سێ ئەستێرەن و کاریان زیاتر لەگەڵ گروپە گەشتیارییەکانە، هاتنی گەشتیار لەوەرزی پایز وزستان کەمە، بۆیە بەشێک لە هۆتێل و مۆتێلەکان بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان لە مانگی تشرینی یەکەم تاوەکو ناوەڕاستی مانگی شوبات هۆتێلەکانیان دادەخەن، هەندێکیشیان بەهۆی کەمی گەشتیار و زۆری خەرجی داخراون".

بەپێی ئاماری دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 2013 زۆرترین گەشتیار روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە کە نزیکەی 3 ملیۆن گەشتیار بووە، بەڵام ساڵی دواتر بەهۆی شەڕی داعشەوە، هاتنی گەشتیار بە بەراورد بە پێشتر 48.2% کەمی کرد، لە ساڵی 2015 رێژەکە بۆ 73.6% بەرز بووەوە، بەڵام ساڵی رابردوو کەمێک هەڵکشان لە هاتنی گەشتیاران هەبوو و لەو ساڵەدا یەک ملیۆن و 603 گەشتیار هاتنە کوردستان.

مەولەوی جەبار، سەرۆکی دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، دەڵێت "بەهۆی ئەو ئاسانکارییەی بۆ گروپە گەشتیارییەکان کردمان، تاوەکو ناوەڕاستی مانگی ئەیلوول، نزیکەی دوو ملیۆن گەشتیار هاتنە کوردستان، بەڵام لە چارەکی کۆتایی ئەمساڵ بەهۆی کاردانەوەکانی گشتپرسی، هاتنی گەشتیار رووی لە کەمی کرد".

مەولەوی جەبار لەو باوەڕەدایە کە ساڵی داهاتوو ژمارەی گەشتیار زۆربن، چونکە لە ماوەی رابردوودا بەشداریان لە پێشەنگایەکی گەشتیاری لە شاری نەجەف کردووە، لەوێ کۆمپانیا گەشتیارییەکانی کوردستان چەندین گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیاکانی عێراق کردووە بۆ هێنانی گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بە کەمکردنەوەی باجی سەر هوتێلەکانیش، مەولەوی جەبار گوتی "پێداچوونەوەیەکی باشمان بە رەسم و باجەکان کردووە، ئەوانەی لە سەنتەری شارن بە رێژەی 50% کەمکراوەتەوە، دەرەوەی شاریش 75%، لە سەرەتای ساڵی داهاتووش کاری پێدەکرێ".




ساڵی داهاتوو حکومەت باج و رسوماتی سەر هوتێل و چێشتخانەکان کەم دەکاتەوە

(فۆتۆ: رووداو)

## پڕۆژەی دروستکردنی 350 قوتابخانە وەستاون

# خێرخوازان 1350 قوتابخانەیان نۆژەن کردوونەتەوە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەهۆی قەیرانی داراییەوە، سێ ساڵە حکومەت نەیتوانیوە بودجە بۆ نۆژەنکردنەوە و دروستکردنی قوتابخانە دابین بکات، بەو هۆیەوە 350 پرۆژەی دروستکردنی قوتابخانە وەستاون، بە هەزاران قوتابخانەش پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، ئەمەش وەزارەتی پەروەردەی ناچار کردووە داوا لە دایک و باوکی قوتابیان بکات بۆ هەڵمەتی نیشتمانی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان هاوکارییان بکەن.

بەهۆی زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، هەر ساڵێک نزیکەی 100 هەزار قوتابی تازە لە باخچەی منداڵان و قۆناغی یەکی بنەڕەتی دێنە نێو پرۆسەی خوێندنەوە، بۆیە لە حاڵەتی ئاساییدا، وەزارەتی پەروەدە ساڵانە پێویستی بە دروستکردنی 200 تاوەکو 300 قوتابخانەی تازە هەیە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی پەروەردە ملیۆنێک و 800 هەزار قوتابی لە قۆناغی باخچەی منداڵان تاوەکو ئامادەیی، لە نزیکەی 7000 باڵەخانەدا دەخوێنن. شۆڕش غەفووری، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە بە (رووداو)ی گوت: "لەکۆی ئەو 6799 قوتابخانە حکومیانەی هەن، 189 قوتابخانەیان لەکرێدان و 2006 قوتابخانە دوو دەوام و 150 قوتابخانەش سێ دەوامیان تێدا دەکرێ".

بە گوتەی شۆڕش غەفووری، بەهۆی دابیننەکردنی بودجەوە، پرۆژەی دروستکردنی 350 قوتابخانە وەستاون و بە هەزاران قوتابخانەش پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە.

بەپێی پلانێک وەزارەتی پەروەردە تاوەکو ساڵی 2022 پێویستی بە دروستکردنی 3098 قوتابخانە هەیە. شۆڕش غەفووری، دەڵێت "ئامانجی وەزارەت لەم پلانە 5 ساڵییەدا، رزگابوونە لە قوتابخانەی قوڕ و کابینە لە گوندەکان و نەهێشتنی دوو دەوامی و سێ دەوامی و کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابیانە لە پۆلەکانی خوێندن، بۆ نمونە ئەمساڵ پێویستمان بە دروستکردنی نزیکەی 620 قوتابخانەی تازە هەیە".

شۆڕش غەفووری، گوتی "لەسێ ساڵ رابردوو بەهۆی قەیرانی دارایی حکومەت نەیتوانیوە بودجە پێویست بۆ نۆژەنکردنەوە قوتابخانەکان دابین بکات، بۆیە لەساڵی 2014 هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان بەهاوکاری رێکخراوەکان و ئەنجومەنی دایک و باوکان لە قوتابخانەکان دەستی پێکردووە، بەهۆیەوە 1350 قوتابخانە نۆژەنکراونەتەوە".

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی هەولێر، خاوەنی زیاتر لە 1700 قوتابخانەیە، بەهۆی زیادبوونی ژمارەی قوتابی و فراوانبوونی شارە و شارۆچکەکان، پێویستی بەدروستکردنی نزیکە 400 قوتابخانە هەیە و ساڵانەش پێویستی

> تاوەکو ساڵی 2022 وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە 3098 قوتابخانەی دیکە دەبێ

نۆژەنکردنەوەی نزیکەی 350 تاوەکو 400 قوتابخانە هەیە.

بڵند یاسین، بەڕێوەبەری بیناسازی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی هەولێر دەڵێت "لەنێوانی ساڵانی 2006 تاوەکو 2013 لەرێگەی بودجەی ساڵانەی وەزارەتی پەروەردە و پەرەپێدانی پارێزگاو رێکخراوەکان نزیکە 650 قوتابخانەمان دروستکردووە، بەڵام ئەم ژمارەیە یەکسان نەبووە لەگەڵ پێویستیی پەروەردەکان بە دروستکردنی قوتابخانە، بۆیە ئێستا پێویستمان بە نزیکەی 400 قوتابخانەی دیکە هەیە".

بە گوتەی بڵند یاسین لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا تەنیا یەک قوتابخانە لە گەڕەکی کوڕانی هەولێر دروستکراوە، ئەویش لەرێگەی کۆمپانیایەک بووە، لە چەند قوتابخانەیەکیش پۆل بەکابینە و ساندویچ پەناڵ زیادکراون، دوو قوتابخانەی دیکەش بەساندویچ پەناڵ لەلایەن رێکخراو و کۆمپانیاکان دروستکراون.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، 70 پرۆژەی دروستکردنی قوتابخانە لەسنوری 11 پەوەردەکەی هەولێر وەستاون. بڵند یاسین دەڵێت "لە زۆربەی گەڕەکە نوێیەکان پێویستمان بە قوتابخانە هەیە، تەنیا لەنێو سەنتەری شار پێویستمان بە دروستکردن 50 قوتابخانە هەیە. بەهۆی زیادبوونی ژمارەی قوتابی لە قوتابخانەکان کە لەهەندێ قوتابخانە ژمارەیان لەپۆلێکدا لە 50 قوتابی تێپەربووە، پێویستمان بە فراوانکردنی 300 تاوەکو 350 قوتابخانە هەیە".

ئامادەی شۆڕشی کچان، یەکێکە لە قوتابخانانەی ژمارەی قوتابی لەهەندێ پۆل لە60 قوتابی تێپەڕیوە، ئەم ئامادەیە لە ساڵی 1971 دروستکراوە و تاوەکو ئێستا دووجار نۆژەنکراوەتەوە، 920 قوتابی بە دوو دەوام لە 10 پۆل دەخوێنن. ساکار سوار جەلال، یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئامادەیی شۆڕشی کچان دەڵێت "لە دوو ساڵی رابردوو ژمارەیەکی زۆر قوتابی بەهۆی ناوبانگی قوتابخانەکەمان، روویان لە قوتابخانەکەمان کردووە، بۆیە ژمارەی قوتابیان لە قۆناخی 10 لەپۆلێکدا لە 60 قوتابی تێپەڕیوە، لە قۆناخی 11 هیچ پۆلێک لە 50 قوتابی کەمتری تێدا نییە".

ساکار سوار، گوتی "قوتابخانەکەمان رووبەرێکی فراوانی هەیە، بەڵام تەنیا 10 پۆلی تێدا دروستکراوە، ئێستا ژمارەی قوتابی لەپۆلەکانمان کەمببێتەوە پێویستمان بە دروستکردنی 6 پۆلی دیکە هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندینجار داوامان لەبەرپرسانی پەروەردە کردووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی تائێستا هیچ پۆلێکیان بۆ دروست نەکردووین".

پارێزگای سلێمانیش هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکە بەدەست کەمی بیانی قوتابخانە و زۆری ژمارەی قوتابی دەناڵێنێ. بەپێی ئامارێک کە لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی دراوەتە (رووداو) 1733 باڵەخانەی قوتابخانەی هەیە، لەم ژمارەیە 300 قوتابخانە پێویستیان بە نۆژەنکرنەوە هەیە، 250 قوتابخانەشیان پێویستیان بەزیادکردنی پۆڵ هەیە، هەروەها 34 قوتابخانەش بەهۆی قەیرانی دارایی و دابیننەکردنی بودجە، کاریان تێدا ناکرێ.

دڵشاد عومەر، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی دەڵێت" بەهۆی زیادبوونی ژمارەی قوتابی و فراوانبوونی شار و شارۆچکەکان، پێویستمان بە دروستکردنی 400 قوتابخانە هەیە".

دڵشاد عومەر دەڵێت تاوەکو سەرەتای ساڵی 2015 بە دەگمەن قوتابخانەیەکی سلێمانی سێ دەوامی تێدا دەکرا، دوو دەوامیش زۆر کەمبوو، بەڵام بەهۆی دروستنەکردنی قوتابخانە و نۆژەننەکردنەوە و فراوان نەکردنی قوتابخانەکان خەریکە سێ دەوامی دەبێتە شتێکی ئاسایی.

دڵشاد عومەر ئاماژەی بەوەدا ئەوان چەند پلانێکیان هەیە بۆ چارەسەرکردنی کەمی باڵەخانەی قوتابخانە. باسی یەکێک لەو پلانانە دەکات و دەڵێت "بۆ نمونە ئێمە لە سلێمانی هەندێ قوتابخانەمان هەیە شوێنەکەی بووەتە بازرگانی، بەهۆی کۆنی بیناکەی خوێندن تێیدا وەستاوە، ئەگەر حکومەت رازی بێ دەتوانین بیکەین بە گەراجی وەستانی ئۆتۆمبێل و داهاتەکەیش بگەڕێتەوە بۆ پەروەردە، ئەو کات دەتوانین بەو داهاتە چەندین قوتابخانە نۆژەن بکەینەوە".

### بوومەلەرزەکە 20 قوتابخانەی چۆڵکرد

بەهۆی بوومەلەرزەکەی مانگی رابردوو، 156 قوتابخانە لە سنووری پەروەردەکانی پارێزگای سلێمانی زیانیان بەرکەوتووە، 20 لەوانەش بەهۆی زۆری ئەو زیانەی بەریانکەوتووە، چۆڵکراون. بەپێی ئەو زانیاریانەی لە وەزارەتی پەروەدە دراوەتە (رووداو) کەوتووە حکومەتی عێراق بڕیاریداوە 4 ملیار و 600 ملیۆن دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو قوتابخانانە تەرخان بکات.




ملیۆنێک و 800 هەزار قوتابی لە 7000 باڵەخانەدا دەخوێنن

(فۆتۆ: رووداو)

# کوردستان خێر لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت نابینێ



بیلال سەعید



هەفتەی ڕابردوو، بەهای نەوت بەرزترین ئاستی لە ماوەی دوو ساڵ و نیوی ڕابردوودا تۆمار کرد، کاتێک گەیشتە 65 دۆلار و 77 سەنت، واتە بەراورد بە بەهای نەوت لە سەرەتای ساڵی ڕابردوو، نرخی هەر بەرمیلێک نەوتی برێنت 33 دۆلار بەرزبووەتەوە کە بە ڕێژە دەکاتە 122%.

بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بەشێکی پەیوەستە بە درێژکردنەوەی ڕێککەوتننامەکەی نێوان ئۆپێک و بەرهەمهێنەرانی دەرەوەی ئەو ڕێکخراوە تاوەکو کۆتاییەکانی 2018، هەروەها هۆکارێکی دیکەی بەرزبوونەوەکە پەیوەندی بە دابەزینی بڕی نەوتی کۆگاکراوی ئەمەریکاوە هەیە.

گۆڕانکارییەکانی بازاڕی نەوت لە دوای درێژکردنەوەی ڕێککەوتنی ئۆپێک، پرسیاری ناوەندە داراییەکانی جیهانە کە ئایا نرخی نەوت لە ساڵی 2018 چۆن دەبێت؟ بانکی کریدیت سویس پێشبینییەکانی خۆی بۆ نرخی نەوت لە ساڵی 2018 بەرزکردەوە و پێشبینی کردووە ئەندامانی ئۆپێک بە ڕێژەیەکی زیاتر پابەندی ڕێککەوتننامەکەیان بن، ئەوەش لەلایەکەوە هاوسەنگیی زیاتر بۆ بازاڕی نەوت دەگێڕێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە نەوتی کۆگاکراو لە وڵاتانی هاریکاریی ئابووری و گەشەپێدان دەچێتەوە ئاستی سرووشتیی خۆی.

هەروەها بانکەکە پێشبینی دەکات نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت لە ساڵی 2018 لەسەرووی 60 دۆلارەوە جێگیر بێت، ئەوە لەکاتێکدایە پێشتر بانکەکە پێشبینی کردبوو، نرخی یەک بەرمیل نەوتی برێنت لە ئاستی 53 دۆلاردا بێت.

بۆیە دەکرێت بڵێین پێشبینی بۆ بەرزبوونەوەی زیاتری نرخی نەوت لە چارەکی یەکەم و دووەمی ساڵی داهاتوو ئەستەمە، بەڵام بەهای نەوت کە ئێستا نرخەکەی لەنێوان 60 تاوەکو 65 دۆلارە، لەلایەن تەواوی وڵاتانی ئۆپێک و دەرەوەی ئۆپێک پێشوازی لێکراوە و خەمڵاندنی بودجەی ساڵی داهاتوویان پاڵپشت بە بەهای نەوت لە ژێر 60 دۆلارەوە کردووە، واتە چاوەڕێی گۆڕانی زیاتریان لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت نییە، لانیکەم تاوەکو ناوەڕاستی ساڵی داهاتوو.

هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی 2014 وە دەستی بە هەناردەکردنی نەوت بەشێوەی سەربەخۆ لە ڕێگای بۆڕییەوە کرد، پێشتر زیاتر لەخەمی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتدا بوو لە بازاڕەکانی جیهان، بە ئومێدی دەستکەوتنی شایستەیەکی دارایی زیاتر لەوەی پێشتر لە بەغداوە دەستیدەکەوت.

بەڵام بەهۆی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر کە هەرێمی کوردستان لەیەککاتدا زیاتر لە نیوەی خاک و نەوتی خۆی لەدەستدا، ئێستا زیاتر لەخەمی دانوستاندن و گفتوگۆکردنە لەگەڵ بەغدا بە ئومێدی وەرگرتنی شایستەیەکی دارایی زیاتر لەوەی دوای 2014 بەهۆی فرۆشتنی نەوتەوە دەستیدەکەوت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان و هاتنی ژمارەیەکی زۆر ئاوارە، توانای جێبەجێکردنی پلانی ئابووریی سەربەخۆی نەماوە و پلانەکەی شکستی هێناوە، بەتایبەت بەهۆی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر.

بۆیە ئەو قەیرانە ئابوورییەی لەناوەڕاستی ساڵی 2014 وە ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، لەسەرەتای ساڵی 2016 بەدواوە بەشێوەیەکی کرداری زیاتر دەرکەوت، ئەویش بەجێبەجێکردنی سیستەمی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران، ئێستاش کە لەکۆتایی 2017داین، باری هەرێمی کوردستان زۆر خراپترە.

لەبەرئەوە پرسیاری سەرەکی نێو حکومەت و پسپۆڕانی ئابووری و سیاسی کوردستان ئەوەیە ئەگەر حکومەتی عێراق ئامادەی گفتوگۆ و دانوستاندن نەبێت، بەتایبەت پێش هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای دابەشکردنی مووچەی فەرمانبەرانی دەبێت یان نا؟

بەپێی زانیارییەکان ئێستا داهاتی مانگانەی نەوتی کوردستان نزیکەی 500 ملیار دینار دەبێت، لەکاتێکدا شاندی حکومەت لەدوایین کۆبوونەوەی لەگەڵ شاندی پەرلەمان ڕایگەیاندووە کە لە باشترین حاڵدا، داهاتەکەی 400 ملیار دینارە.

زیاتر لە 80%ی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشت بە داهاتی ئەو نەوتە دەبەستێ کە خۆی دەیفرۆشێ، لەکاتێکدا داهاتی نەوت لە پرۆژە یاسای بودجەی 2018ی عێراق زیاتر لە 85%ی داهاتەکەی پێکدێنێ، واتە گۆڕانێکی باش لە زیادبوونی داهاتی نانەوتی لە داهاتی گشتی هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام کەموکورتی سەرەکی لەزیادکردنی داهاتی نانەوتی لەکوردستان ئەوەیە کە ڕێگای زیادکردنەکە هەڵەیە، لەجیاتی فرەڕەنگکردنی ئابووری، پشت بە زیادکردنی باج و ڕسومات و گومرک بەستراوە کە ڕێگایەکی هەڵەیە، لەبەرئەوەی کاتی جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە ناتەبایە لەگەڵ کەمبوونەوەی داهاتی تاک لە کوردستان.

بۆیە نەوت بەشێوە ئاسانەکە هێشتا فریادڕەسی داهاتی گشتیی کوردستانە، بەڵام ئایا نرخی نەوت و ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوتی کوردستان لە ئاستێکدایە کوردستان بتوانێت داهاتی پێویست بۆ خەرجییە گشتییەکانی دابین بکات؟

ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان و کەرکووک پێش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر زیاتر لە 600 هەزار بەرمیل بوو، بەڵام ئێستا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت ڕۆژانە نزیکەی 300 هەزار بەرمیلە. تێکڕای هەناردەی ڕۆژانەی نەوتی کوردستان لە ڕێگەی بۆڕیی - جەیهان لە تشرینی دووەمی ئەمساڵدا 268 هەزار و 589 بەرمیل بووە، بەڵام بەپێی خەمڵاندنەکان، هەرێمی کوردستان ساڵی داهاتوو ڕۆژانە توانای هەناردەکردنی 284 هەزار بەرمیل نەوتی دەبێت.

بەڵام ئایا بە هەناردەکردنی 284 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان و بەهای نەوت لە 60 دۆلار کەمتر نەبێت، کوردستان توانای زیادکردنی داهاتی گشتی دەبێت؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر، لەبەرئەوەی کۆمپانیاکانی کەرتی نەوت لە کوردستان لە باشترین کاتدا توانای زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانیان دەگاتە 300 هەزار بەرمیل نەوت، هەروەها بەهای نەوتی کوردستان لە بازاڕەکانی جیهاندا بەنزیکەی 10 دۆلار کەمتر لە نرخی نەوتی برێنت دەفرۆشرێ.

بۆیە ئاستی بەرهەمهێنان و نرخی نەوت لە ساڵی داهاتوو لە بەرژەوەندیی کوردستان نابێت، چونکە لەباشترین قۆناغی بەرهەمهێناندا، کۆمپانیاکانی نەوت ئەگەر توانای خۆیان بگەیەننە 300 هەزار بەرمیل (ئەگەرچی لەو بارودۆخە ناجێگیرە سیاسی و ئەمنییەی لە سنوورەکانی کوردستان و کەرتی وەبەرهێنانی کوردستاندا هەیە ئەستەمە)، هەروەها بەهای نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا لە 60 دۆلار پاشەکشە نەکات و کوردستان بتوانێت لە فرۆشتنی یەک بەرمیل نەوت 50 دۆلاری بۆ بمێنێتەوە، ئەوا داهاتی مانگانەی لە فرۆشتنی نەوت دەگاتە 450 ملیۆن دۆلار، بۆیە تەنیا ڕێگەچارە لە بەردەم کوردستان بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتە، نەک چاوەڕێی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بێت کە لەژێر کۆنتڕۆڵی بازاڕی جیهانی و وڵاتانی زلهێزی جیهاندایە.

> "تەنیا ڕێگەچارە لە بەردەم کوردستان بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتە، نەک چاوەڕێی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بێت"

## دوو دامەزراوە ڕۆڵی سەرەکییان هەیە

# نەوت دەستی بەسەر کۆشکی سپیدا گرتووە



لەوەتەی ترەمپ لە کۆشکی سپییە 52 یاسای تایبەت بە ژینگەپارێزی سڕکراون، یان خراونەتە پرۆسەی سڕکردنەوە (فۆتۆ: AFP)

**ڕووداو- هەولێر**

مانگی ئەیلولی ڕابردوو، لەوکاتەی ڕیک پێری، وەزیری وزەی ئەمریکا گوتارێکی پێشکەش بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی نەوتی ئەمریکا دەکرد، لایەنگرانی پاراستنی ژینگە وەک ناڕەزاییەک لە بەرامبەر گەرمبوونی گۆی زەوی و بەرزبوونەوەی ئاوی زەریاکان، گوتارەکەیان پێ بڕی. بەڵام پێری بێ وەڵام نەبوو، گوتی "ئەگەر دەتانەوێت باسی شتێک بکەین کە ژیانی خەڵک ڕزگار بکات، ئەوە ئەو شتە دەستڕاگەیشتنی خەڵکی جیهانە بە وزە".

ئەنجوومەنی نیشتمانیی نەوت (NPC) ناوەندێکی ڕاوێژکارییە کە ڕاپۆرت و زانیاری پێشکەش بە وەزارەتی وزەی ئەمریکا دەکات، لەو کۆبوونەوەیەشدا پێری هاوشان لەگەڵ ڕایان زینک، وەزیری نێوخۆی ئەمریکا دڵنیایان بە ئەنجوومەنەکە دا کە کۆشکی سپی دۆست و هاوکاری پیشەسازیی نەوت دەبێت، نەک دوژمنی. زینک لە بەشێکی گوتارەکەی خۆیدا گوتی: "خۆشحاڵ دەبووم ئەگەر خۆیشم لەناو پیشەسازیی نەوتدا بوومایە".

پەیوەندیی نێوان پەرەپێدانی کەرتی نەوت و غاز و تێکچوونی ژینگە و کەشوهەوا مێژوویەکی کۆنی هەیە. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی (گاردیەن)ی بەریتانی، ساڵی 1972 ژمارەیەک لە کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکا ڕاپۆرتێکیان لەسەر ڕەوشی کەشوهەوای جیهان ئامادەکردبوو، بەڵام ئەنجوومەنی نیشتمانیی نەوت بە هاوکاریی پەیمانگای نەوتی ئەمریکا (API) ڕاپۆرتەکەیان شوێنبزر کرد.

بەڵام مێژووی ململانێی پەیمانگای نەوتی ئەمریکا و ژینگەپارێزان بۆ نزیک شەش دەیە لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. ئەوکات بزووتنەوە ژینگەپارێزەکان خەریکبوون بەهێز دەبوون. پەیمانگە ئەمریکییەکەش بۆ بەرپەرچدانەوەی هەوڵەکانی ئەوان ژمارەیەک ڕاپۆرتی سەبارەت بە هەوڵەکانی ژینگەپارێزان ئامادە کرد کە تێیدا خەرجییەکی زۆری لەسەر شانی حکومەتی ئەمریکا دادەنا.

پەیمانگای نەوتی ئەمریکا گەورەترین دامەزراوەی بازرگانی و لۆبیکردنی نەوت و غازی سروشتیی ئەمریکایە و نوێنەرایەتی 650 کۆمپانیای گەورەی بواری بەرهەمهێنان، پاڵاوتن و دابەشکردنی نەوت دەکات، بەڵام وەکوو لە ڕاپۆرتەکەی (گاردیەن)دا هاتووە، کاری ئەم دامەزراوەیە تەنیا لۆبیکردن نییە، بەڵکو ڕێگە و شێوازی نوێش بۆ پەرەپێدان و بەهێزکردنی کەرتی نەوت دەخاتە بەردەم حکومەت.

(API) دەستی گەورەی لەناو حکومەتی ئەمریکادا هەیە و لە ڕێگەی داروودەستەکانی خۆیەوە سیاسەتی ئابووری و وزەی کۆشکی سپی کۆنترۆڵ دەکات. ئێستاش بە هاتنی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، دەرگای نوێ لەسەر هەوڵەکانی ئەو پەیمانگایە کراوەتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دی سیاسەتی وزەی ئەمریکا دابڕێژنەوە، ئەوەش لە سەردەمێکدا کە تێکچوونی ژینگە و گەرمبوونی گۆی زەوی بە بەربەستی سەرەکی لەبەردەم سەرەڕۆیی پێشەسازیی نەوت و غاز دادەنرێت.

لە ماوەی 11 مانگی ڕابردووی ئیدارەی ترەمپدا 52 یاسای تایبەت بە ژینگەپارێزی سڕکراون، یان خراونەتە پرۆسەی سڕکردنەوە. (API) بە ئاشکرا پشتگیری سڕکردنی 23 یاسای لەوانە کردووە.

یەکێک لەو سیاسەتانەی ناوەندەکانی وەکوو پەیمانگای نەوتی ئەمریکا و ئەنجوومەنی نیشتمانیی نەوت لە چەند دەیەی ڕابردوودا گرتوویانەتە بەر، ئەوە بووە کە بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی، هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی کاربۆن لە هەوادا بشارنەوە. لە ڕاپۆرتێکی ساڵی 1972ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی نەوتدا هاتووە تێکچوونی ڕەوشی ژینگە لە ئاستێکی نۆرماڵدایە، هانی حکومەتی ئەمریکاش دەدات پەرە بە کەرتەکانی نەوت و غاز بدات. لە ڕاپۆرتەکەدا جەخت لەوە دەکرێتەوە کە "هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕێژەی دوانۆکسیدی کاربۆن دیار نییە و تاوەکو ساڵی 2000یش ڕوون نابێتەوە ئاخۆ کێشەکە جدییە یان نا".

لەو ڕاپۆرتەدا ئەنجوومەنی نیشتمانیی نەوت پشتی بە داتاکانی ساڵانی 1968 و 1969ی (API) بەستبوو. وەکوو ڕۆژنامەی (گاردیەن) ئاشکرای دەکات، لە ڕاپۆرتەکەی 1968ی پەیمانگە ئەمریکییەکەدا بە ڕوون و ئاشکرا هۆشداری دراوە کە بەرزبوونەوەی ڕێژەی دوانۆکسیدی کاربۆن بۆ سووتاندنی سووتەمەنییە خەڵووزییەکان دەگەڕێتەوە، واتە خەڵووز، نەت و غاز. لە ڕاپۆرتەکەدا هۆشداریش دراوە کە ئەم دیاردەیە گەرمای گۆی زەوی بەرز دەکاتەوە و سەهۆڵەکانی جەمسەری باکوور دەتوێنێتەوە.

کارڵ مافێت، سەرۆکی ناوەندی یاسا نێودەوڵەتییەکانی ژینگە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕاپۆرتەکانی (API) لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا بەڵگەیەکی ڕوونن بۆ ئەوەی "زانست درۆ ناکات". هەرچەند ئەو پەیمانگایە هەر لەو ساڵانەوە هەوڵی شاردنەوە یان شێواندنی ئەو ڕاستییە زانستیانە دەدات کە زاناکانی خۆیان پەییان پێ بردوون، بەڵام هەر لەو ڕاپۆرتەشدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە حکومەتی ئەمریکا بۆ بەرەوپێشبردنی ئابووری و پیشەسازی ناچارە ڕێژەیەکی زیاتر لە سووتەمەنییە کاربۆنییەکان بەکاربهێنێ. ڕاپۆرتەکەی پەیمانگای نیشتمانیی نەوت ئەوکاتیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە حکومەت ناچارە لە نێوان پاراستنی ژینگە و گەشەسەندنی ئابووری و پیشەسازیدا دەبێت ئەوەی دووەمیان هەڵبژێرێ.

سەرکردەکانی (API) هەر لەسەرەتاوە ڕۆڵ و پێگەی گەورەیان لەناو ئەنجوومەنی نیشتمانیی نەوتی ئەمریکادا هەبووە، بەپێی سیفەت و ئامانجی کارکردنیشی ناتوانن بێلایەنانە سەیری سیاسەتی نەوت بکەن، چونکە کاری سەرەکییان لۆبیکردن بۆ کۆمپانیا نەوتی و غازییەکانی ئەمریکایە و دەبێت دەرگای پەیوەندییان لە کۆشکی سپی بۆ بکاتەوە.

ئەو ئەنجوومەنە لە کاتی دامەزراندنییەوە لە 1946 ، زیاتر لە 200 ڕاپۆرتی پێشکەش بە وەزارەتی وزەی ئەمریکا و کۆشکی سپی کردووە، ڕاپۆرتەکانیش بەپێی زانیاری و ڕاوێژی (API) بوون. جیا لەمەش لە کۆی 192 ئەندامی ئەو ئەنجوومەنە، 144 کەسیان پێشتر مێژوویەکی درێژیان لە کەرتی نەوت و غاز و خەڵووزی ئەمریکادا هەیە. لەنێو سەرکردەکانی ئەنجوومەنەکەشدا کەسانی وەکوو ڕێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئێستای ئەمریکا و بەڕێوەبەری گشتیی پێشووی ئێکسۆن مۆبیل و دیک چینی، جێگری سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا و بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای نەوتی هالیبۆرتن هەبوون.

بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی وزە، ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە مافی لۆبیکردن و واژۆکردنی هیچ جۆرە گرێبەستێکی نەوتییان نییە. بەڵام ڕاپۆرتەکەی (گاردیەن) ئاشکرای دەکات کە ئەو ئەنجوومەنە مێژوویەکی درێژی ڕووپامایی بۆ کۆمپانیا زەبەلاحەکانی کەرتی نەوت و غازی ئەمریکا هەیە، یارمەتیدەریان بووە بۆ ئەوەی ڕای گشتی بەلاڕێدا بەرن و مەترسییەکانی فراوانبوونی کەرتی نەوت و غاز بشارنەوە.

ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی باڵای ئێستای کۆشکی سپی، لەوانەش ترەمپ و وەزیری وزەی ئەمریکا، بڕوایان بەوە نییە کێشەی ژینگە و گەرمبوونی گۆی زەوی بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەکارهێنانی سووتەمەنییە کاربۆنییەکانەوە بێت. ئەم هەڵوێستەش دەرگای دەسەڵاتێکی زیاتر بۆ کۆمپانیا زەبەلاحەکان و ناوەندەکانی وەکوو پەیمانگای نیشتمانیی نەوت و ئەنجوومەنی نیشتمانیی نەوت لە کۆشکی سپی دەکاتەوە.

هونەری
رووداو
ژمارە (486) - دووشەممە 2017/12/18

## دلبەر جزیری دەبێتە خێرخواز

**رووداو- هەولێر**

دلبەر جزیری خانمە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان، بەبۆنەی سەری ساڵی نوێ، کۆنسێرتێکی خێرخوازی لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید سازدەکات. لەبارەی ئەم کۆنسێرتەوە دلبەر جزیری بە (رووداو)ی راگەیاند"رۆژی 25ی ئەم مانگە لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی ناوداری کورد کۆنسێرتێکی خێرخوازی لە ستۆکهۆڵم سازدەکەین و داهاتەکەشی دەبەخشینە لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی باشوور و رۆژهەڵاتی کاوردستان". جگە لە دلبەر، هەر یەک لە هونەرمەندان عەزیز وەیسی، بڵند ئیبراهیم، قادر ئەسعەد، سامان عومەرو هەژار دهۆکی لەم کۆنسێرتە خێرخوازییە بەشداری دەکەن و بڕیاریشە لە چەند وڵاتێکی دیکەی ئەورووپا ئەم کۆنسێرتە خێرخوازییە بەڕێوەبچێ.



## گوڵستان پەروەر لە هەڤپەیڤینێکی بێ سانسۆردا

# لەنێو سکی دایکم پێشکەشی شڤان کرابووم



خانمە هونەرمەندی ناوداری کورد گوڵستان پەروەر، هەموو شەوانێکی شەممە، لە رادیۆی رووداوەوە میوانی پێشکەشکاری ناودار هیڤیدار زانایە. دوو کچە کوردی باکووری لەو بەرنامەیەدا گفتوگۆیەکی سەرنجڕاکێش دەکەن. گوڵستان بەبێ سانسۆر ئەزموونی ژیانی تایبەتی و ژیانی هونەری و سیاسیی خۆی و شڤان پەروەر دەگێڕێتەوە. ئێمە لەبەر گرنگیی ئەو گفتوگۆیە، بە باشمان زانی کە لە هەفتەنامەی رووداوەوە بە زنجیرە دووبارە بڵاوی بکەینەوە.

گوڵستان لە بەشی سێیەمی ئەم هەڤپەیڤینەدا باسی ئەو رۆژە دەکات کە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێ و دواتر دایک و باوکی دەینێرنەوە گوند و پاشان عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەدوایدا دەچێتە گوندەکەیان.

**هەڤپەیڤین: هیڤیدار زانا**

**بەشی سێیەم**

### شڤان لە گوندی ئێمە شوان بوو

**رووداو: باسی ئەوەت کرد کە لە تەمەنی 14 ساڵیدا لە رێگەی خاڵێکتەوە بەهۆی کۆمەڵەی (DDKD) تێکەڵی سیاسەت بووی، بێجگە لەو کۆمەڵەیە هیچ بزاڤێکی دیکەی سیاسی، بۆ نموونە پەکەکە، دەستی بە چالاکی نەکردبوو؟**

**گوڵستان:** پەکەکە دەستی بە خەبات کردبوو، بەڵام بەناوی شۆڕشگێڕانی کوردستان. گرووپێک لە وێرانشار هەبوو، شەهید مستەفا گەزگور کە لەنێو پەکەکە زۆر ناسراو بوو، لەنێو ئەو گرووپە بوو. من لەوێ دوو مامۆستای ژنم ناسین عائیشە و کەزبان کە خەڵکی دێرسیم بوون، ئەوانە گرووپێکی ئایدیۆلۆژی بوون.

**رووداو: باسی چیان بۆ دەکردن؟**

**گوڵستان:** عائیشە و کەزبان لە پەیمانگایەکی پیشەیی کاریان دەکرد کە سەر بە دەوڵەت بوو، بە منیان دەگوت ئەگەر دەستت بەتاڵ بوو تۆش وەرە فێری دروومان و نەخش ببە، بەڵام ئامانجی ئەوان ئەوە نەبوو فێری کاری دەستی ببم. بەڵکو پێیانگوتم ئێمە خولی پەروەردەی سیاسیمان هەیە و تۆشمان بۆ ئەو خولە هەڵبژاردووە. خولەکە هەر لەو شوێنە بەڕێوەدەچوو کە ئەوان تێیدا دەمانەوە، شوێنەکە هی دەوڵەت بوو. ئەو کات نامیلکەیان چاپکردبوو بەناوی شۆڕشگێڕانی کوردستان. پاشان ئەلف و بێی سۆسیالیزم، جڤاکی کۆمیناڵ، کتێبەکانی مارکس و لینین، هەروەها کتێبێکی ستالین بەناوی مافی دیاریکردنی چارەنووس، ئەو کتێبانەمان دەخوێندنەوە و شرۆڤەمان دەکردن. ئەو پەرتووکانە 100 % دونیابینیی منیان گۆڕی. گرووپێکی زۆر تەبا بووین، بەبێ سنوور یەکدیمان خۆشدەویست. بەرپرسی ئەو گرووپە مامۆستایەکی ئافرەت بوو لە ئورفا بەناوی ساینا، بەڕاستی زۆر پێی سەرسام بووم، بە داخەوە شەهید بوو، زۆرجار دەمگوت دەبێ بگەمە ئاستی ئەو! ساینا نموونەی باڵای من بوو، ئەو هاوڕێی ساکینە جانسز بوو، ئەوان گرووپی سەرەتایی ژنان بوون لەنێو پەکەکەدا.

**رووداو: ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر تۆدا هات کەسوکارەکەت هەستیان پێنەکرد؟**

**گوڵستان:** بەڵێ، بەڵام من بەرەنگاری ئەوان بوومەوە، بۆ نموونە بە باوکم دەگوت تۆ بۆچی ئاغای؟ بۆچی موڵکەکانت نادەی بە خەڵکی گوند. باوکم دەیگوت کوا شتی وا هەیە؟ منیش دەمگوت چۆن نییە! لە سۆڤیەت هەیە، لە چین هەیە. لەوێ مرۆڤەکان هەموویان یەکسانن، لە کوردستانیش دەبێ وابێ. کوردستان داگیرکراوە، دەبێ تورکان لێرە دەربکەین. باوکم لەو قسانەی من زۆر دەترسا و دەیگوت کچەکەم مەلا مستەفا بارزانی نەیتوانی، شێخ سەعیدی پیران نەیتوانی، ئێوە دەتوانن کوردستان رزگار بکەن؟ ئەوە کێ ئەو شتانەت دەخاتە مێشک! کچم هۆشت بێتەوە و لە ماڵی خۆت بە عاقڵی دانیشە.

**رووداو: چیرۆکی دەستگیرکردنەکەت چۆن بوو؟**

**گوڵستان:** رۆژێک پۆلیس بەسەر شوێنی مانەوەی هەڤاڵانیدا دا، دوو هەڤاڵەکەی منیان دەستگیر کرد. پاشان هاتن منیان لەماڵ دەستگیرکرد و گوتیان ناوی تۆمان لەوێ بینیوە، منیان برد بۆ داواکاری گشتی. خەڵکی وێرانشار پێیان سەیر بوو، کچێک لە بنەماڵەی شێخێک لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر بکرێ. گرتنەکەم وەکو تەقینەوەی بۆمبێک لە وێرانشار دەنگی دایەوە. بە تایبەتی کە وا بڵاوبووەوە من لەسەر سیاسەت گیراوم، خەڵک دەیانپرسی ئەوانە کێن لێرە سیاسەت دەکەن؟ ئامۆژایەکی دایکم ناوی موحەڕەم بوو، سەرۆکی شارەوانیی وێرانشار بوو، دایکم چووبووە ماڵەکەی گوتبووی پۆلیس کچەکەمیان دەستگیر کردووە، ئەویش بە دایکمی گوتبوو من ئەوێ جارێ کە هاتمە ماڵتان زانیم ئەو کچەت شتێکی لەژێر سەردایە، لە منی دەپرسی تۆ سەرۆکی شارەوانیت چیت بۆ کوردستان کردووە؟ دایکم زۆر لێی پاڕابووەوە شتێک بکات. داواکاری گشتی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردم و لێی پرسیم ئێوە لەو شوێنە چی دەکەن؟ گوتم نەخش و دروومان فێر دەبین. ئەویش گوتی بەڵێ بەڵێ ئێمە دەستمان بەسەر کتێبەکانی ئێوەدا گرتووە و دەزانین چ نەخش و دروومانێک فێر دەبن. زۆر پرسیاری لێکردم، بەڵام من هیچ قسەیەکم نەکرد، ئەویش گوتی باش پەروەردە کراوی کە قسە ناکەی. خۆی توورە کرد و گوتی تۆ کچە شێخی شەرم ناکەی تێکەڵی سیاسەت بووی. سەعاتێک لەوێ بووم، پاشان گوتیان تۆ ئازادبووی، کە چوومە دەرەوە باوکم و برام لەبەر دەرگا وەستابوون، منیان خستە نێو ئۆتۆمبێل و چووینە ماڵەوە، ئیدی من وا بیرم دەکردەوە کە بڵێن ئەو کچە شەرەفی ئێمەی بردووە و دەمکوژن. وەڵڵا ئۆتۆمبێلێکیان ئامادە کرد و منیان برد بۆ گوند، ئیدی منیان لەوێ دانا و خۆیان گەڕانەوە ماڵەوە، بە کورتییەکەی سزایاندام. لەوێ زۆر ئامۆژگارییان دەکردم. پێیان سەیر بوو ناوی کوردستانم دەهێنا، دەیانگوت کچم ئێمە هەموومان کرمانجین، تۆ باسی چی دەکەی؟ دەسەڵاتی تورکان لەوێ شتێکی سروشتی بوو. دوو سێ هەفتە لە گوند مامەوە، رۆژێک بینیم ئۆتۆمبێلێکی سپی هات، ئەو دوو هەڤاڵەی منی تێدابوون کە گیرابوون، ئەوان نزیکەی مانگ و نیوێک لە زیندان بوون و ئازاد کرابوون، بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان و مستەفا گەزگوریشیان لەگەڵ بوو. ئەمە کۆتایی ساڵی 1977 بوو. کەس نەیدەناسی، منیش پێشتر هەر گوێم لە ناوی بووبوو هەر دەیانگوت هەڤاڵ عەبدوڵڵا. باوک و دایکیشم لە گوند بوون. ئیدی چوونە

### ئۆجەلان بە دوای مندا هاتە گوندەکەمان

### گرتنەکەم وەکو تەقینەوەی بۆمبێک دەنگی دایەوە

هەیوانێک دانیشتن و بە باوکمیان گوت کوا هەڤاڵی ئێمە، باوکم گوتی هەڤاڵی ئێوە کێیە؟ گوتیان هەڤاڵ دلۆڤان. ناوی منیان کردبوو بە دلۆڤان. باوکم گوتی دلۆڤان کێیە؟ من کەسێک ناناسم بەناوی دلۆڤان. لەوێ باوکم لەگەڵ ئۆجەلان دەکەونە گفتوگۆ، پێیاندەڵێت هۆشتان بێننەوە سەری خۆتان، بخوێنن، ببن بە مرۆڤ، مەلا مستەفا و شێخ سەعید نەیانتوانی هیچ بکەن، ئێوە چین دژی دەوڵەت بوەستنەوە.

### باوکم بە ئۆجەلانی دەگوت برۆ بۆ خۆت ببە قایمقام

بۆ سەری خۆتان لە قوڕ دەنێن. باوکم لە ئۆجەلانی پرسیبوو تۆ چی دەخوێنی؟ ئەویش گوتبووی سیاسەت دەخوێنم. باوکم پێیگوتبوو تۆ چیت داوە لەو بەزمە، برۆ بۆ خۆت ببە قایمقام، والی، بۆچی دوای کرمانجان کەوتووی! کاتی نانخواردن بوو، باوکم گوتی نان بخۆن، ئەوانیش گوتبوویان هەتا دلۆڤان نەبینین نان ناخۆین، باوکیشم گوتبووی بەخوا نایبینن برۆن لێرە. کە ئەوان رۆیشتن تێر گریام. پاشان لە بەیروت ئۆجەلانم بینییەوە، پێیگوتم بیرتە ئێمە بەدوای تۆدا هاتین بۆ گوند؟ باوکت رێگەی نەداین بتبینین.. من هەستم کرد ئیدی زیندانی کراوم، باوکیشم بەنیاز بوو بە شووم بدات. خەڵک دەهاتن بۆ خوازبێنی، منیش بە دایکمم دەگوت ئەگەر بەشووم بدەن خۆم دەکوژم. من ئەوکات پەیوەندیم لەگەڵ شڤان پەروەر هەبوو، یەکدیمان خۆشدەویست. نامەیەکم بۆ شڤان نووسی.

**رووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ شڤان پەیوەندی خێزانی بوو؟**

**گوڵستان:** شڤان 10 ساڵێک لە من گەورەترە، کاتی خۆی لە گوندی ئێمە شوانی بەرخان بووە، گەنجێکی زیرەک بوو، هەموو جارێک دەچووە لای دایکم دەیگوت مامۆژن چ ئیشێکت هەیە بۆت بکەم. ئەویش دەیگوت هیچم ناوێ، بەس بخوێنە.. ئەوکات من لە سکی دایکمدا بووم، دایکم پێیگوتبوو برۆ بخوێنە ئەگەر ئەو منداڵەی ناو سکم کچ بوو پێشکەشی تۆی دەکەم. دایکم دەیگێڕێتەوە کە تۆ لە دایکبووی شڤان هات سەیری تۆی کرد و گوتی: مامۆژن تۆ ئەو کچە دەدەی بە من؟ دایکیشم پێیگوتبوو بەڵێ ئەگەر تۆ بخوێنی، ئیدی شڤانیش گوتبووی ئەوە من گۆچانەکەم فڕێ دەدەم و دەچم دەخوێنم.

## خانمە گۆرانیبێژی کورد کریستاڵ بۆ (رووداو):

# مەلاکان داوا دەکەن رێکلامیان بۆ بکەم



**دەریاز یونس**
**رووداو – هەولێر**

یادکردنەوەی رۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام کە کورد بە "مەولود" ناوی دەهێنێ، ئەمساڵ جیاواز بوو لە مەولوودەکانی ساڵانی رابردوو، مەلایەک بۆ یەکەمینجار خانمە گۆرانیبێژێکی بۆ خوێندنەوەی مەولوود بانگهێشت کردبوو، لە گرتەیەکی ڤیدیۆییشدا کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوبووەوە، کۆمەڵێک ژن بە جلی کوردی و سەری رووتەوە بەشدارییان لە مەولوودێکدا کردووە و چەپڵە و هەلهەلە لێدەدەن. کریستاڵ کە خەڵکی سلێمانییە و لەلایەن مەلایەکی ئەو شارەوە بۆ مەولوودخوێندنەوە بانگهێشت کرابوو، لە هەڤپەیڤینێکی کورتدا باسی بەشداریکردنی لەو مەولوودە دەکات و دەڵێت مەلاکە بەشێوەیەکی تایبەت بانگهێشتی کردووە.

**رووداو: ئەمساڵ لە مەولوودێکی گشتی و یادکردنەوەی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام لە شاری سلێمانی ئامادەبووی کە ئەمە دەنگدانەوەی زۆری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دروستکرد، چۆن بوو بەشداریت کرد و لەسەر داوای کێ بوو؟**

**کریستاڵ:** لەلایەن یەکێک لە مەلاکانەوە خۆم و دایکم بۆ ئەم مەولوودە گشتییەی شاری سلێمانی بانگهێشتکراین کە لە هۆڵی مۆنالیزا بەڕێوەچوو، خۆشحاڵانە ئێمەش داواتەکەمان قبوڵ کرد و چووین ئامادەبووین.

### مەلای مەولوودەکە بەشێوەیەکی تایبەت داوەتی کردم

**رووداو: شتێکی نامۆ نییە گۆرانیبێژێکی وەکو تۆ کە زۆرتر گۆرانی عاشقانە دەڵێی، بەشداری بۆنەیەکی ئایینی بکەی؟**

### لە بنەماڵەیەکی ئاینپەروەر لەدایکبووم و خۆیشم کەسێکی دیندارم

**کریستاڵ:** نەخێر، چونکە من لە بنەماڵەیەکی موسوڵمان و ئاینپەروەر لەدایکبووم، خۆشم کەسێکی دیندارم و هەمیشە لەنێو بنەماڵەکەماندا یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام کراوەتەوە، بەڵام ئەمە یەکەمجارە لە مەولوودێکی گشتیدا بەشداری بکەم و زۆریش پێی دڵخۆش بووم.

**رووداو: مامەڵەی خەڵکەکە لەگەڵ تۆ لە مەولوودەکە چۆن بوو؟**

**کریستاڵ:** تەواوی مامۆستا ئاینییەکان لەوێ زۆر بەڕێزانە لەگەڵ ئێمە مامەڵەیان کرد و بەخێرهاتنیان کردین، تەنانەت مەولوودخوێنەکە لە شوێنی تایبەتی مەولوودخوێندنەوە بە مایکەکەی بەخێرهاتنی ئێمەی کرد و گوتی: ئەمە نیشانەی پێکەوەژیانە و داوای کرد هونەرمەندانی دیکەش بچن لە مەولوودەکە ئامادەبن.

**رووداو: مەلاکان هیچ داواکارییەکی تایبەتیان نەبوو؟**

**کریستاڵ:** بەڵێ داوایان لێکردم لە سنابچات رێکلامیان بۆ بکەم.

**رووداو: ئەمە یەکەمجار و دوایین جارت دەبێ بەشداری لە مەولوود بکەی؟ یان ساڵانی داهاتووش بەشداری دەکەی؟**

**کریستاڵ:** حەز دەکەم لە داهاتووشدا لە بۆنەی دیکەی ئاینی ئامادە بم. لە هەموو وڵاتانی دونیا هونەرمەندان و گۆرانیبێژان لە بۆنە ئاینییەکاندا ئامادە دەبن و زۆرینەیان گۆرانی ئاینیش دەڵێن و گۆرانی دیکەشیان هەیە، ئەم دوو بابەتە پەیوەندییان بەیەکەوە نییە.

**رووداو: بە نیاز نیت گۆرانیی ئاینی بڵێی؟**

**کریستاڵ:** بەڵێ حەز دەکەم لە داهاتوودا گۆرانیی ئاینی تۆمار بکەم، بە تایبەتی گۆرانی بۆ رۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام دروودی خوای لەسەر بێت.

**رووداو: یەکێک بووی لەو کچانەی کە سەرەتا بە کاری نواندن دەرکەوتی و لە چەند زنجیرە درامایەکدا بەشداریت کرد، پرۆژەی تازەی نواندنت نییە؟**

**کریستاڵ:** ماوەیەکی زۆرە وەکو ئەکتەر دەرنەکەوتووم، لەم ماوەیەدا چەندین داواکاری و ئۆفەرم بۆ هاتوون بۆ ئەوەی وەک ئەکتەر بەشدار بم، بەڵام رێکنەکەوتووە لە بواری نواندن کار بکەمەوە.

**رووداو: لە ساڵانی رابردوودا هەڵکەوت زاهیر ژمارەیەک کچی هێنایە نێو بواری هونەری گۆرانی، یەکێک لەو کچانە تۆ بووی و ئەلبوومێکی گۆرانیت بڵاوکردەوە، بەرهەمی تازەت نییە؟**

**کریستاڵ:** پلانم هەیە گۆرانی بڵێم، زۆر کەسیش ئامادە بووە کارم بۆ بکات، بەڵام تاوەکو ئێستا نەگەیشتووەتە ئەو بڕیارەی کە گۆرانی نوێ بڵاوبکەمەوە.



## پەیکەری کۆچبەرێکی کورد لە شارێکی ئەڵمانیا دادەنرێ

**سیروان عەباس/ ڕووداو- هەولێر**

پەیکەری "هاواری ئازادی"کە لەلایەن پەیکەرتاشی کورد سامان هیدایەت دروستکراوە، لە ناوەڕاستی مانگی یەکی 2018 لە ڕێورەسمێکدا لە سەنتەری شاری مانهایم لە ئەڵمانیا دادەنرێت. سامان هیدایەت کە کۆچبەرێکی کوردە لە ئەڵمانیا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پەیکەرەکە گوزارشت نەهامەتیی پەنابەران دەکات لە ڕۆژئاوا و پەیکەری ژنێکە کە هاواردەکات و پیاو و منداڵێکیشی لەگەڵدایە". بەرزیی پەیکەرەکە سێ مەترە. سامان هیدایەت گوتی "تەواوی خەرجی دروستکردنی پەیکەرەکە کە بڕی 250هەزار یۆرۆیە لەلایەن پارێزگای مانهایمەوە دابینکراوە و منیش وەکو خۆبەخش دروستم کردووە". بڕیارە ڕۆژی 2017/1/13 لە سەنتەری شاری مانهایم پەردە لەسەر پەیکەرەکە لابدرێ.

تاراوگە
ڕووداو
ژمارە ( 486 ) – دووشەممە 2017/12/18

# تریاکفرۆش و دەمانچە بەدەستێکی کورد چوار مانگە لە بولگاریا بزرە

**زامدار ئەحمەد**
**ڕووداو – زیندانی لۆبۆمێز، بولگاریا**

کاژێر 12ی نیوەڕۆ، ئێستاشی (پۆلیس) هاتە ژووری کۆچبەرانی کورد لە زیندانی لۆبۆمێزو گوتی: "هەکیم ئینتەرڤیو، برزوو برزوو (خێرا، خێرا)". حەکیم بەخێرایی بە پانتۆڵێکی سێ چارەگەوە بەرەو نهۆمی خوارەوەی زیندان دابەزی و ڕووەو ژووری ئینتەرڤیو (چاوپێکەوتن) ڕۆیشت. هاوژوورەکانی حەکیم گومانیان لەو چاوپێکەوتنە هەبوو، پێیانوابوو جارێکی دیکە حەکیم نابیننەوە. لە پەنجەرەوە سەیری ئەو ژوورەیان دەکرد کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ حەکیم دەکرد، لەدوای نیو کاژێر حەکیم بە قوڵبەستکراوی لە ژوورەکە هێنرایە دەرەوە و خرایە نێو ئۆتۆمبێلی پۆلیسی زیندان و بەرەو دەرەوەی زیندان بەڕێکرا و جارێکی دی نەبینرایەوە. تا ئێستاش هیچ هەواڵێکی نییە.

حەکیم خەڵکی گوندێکی نزیک قامیشلوی ڕۆژئاوای کوردستان بوو، لەدوای تێکچوونی بارودۆخی سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان، ئاوارەی باشووری کوردستان بوو، لەوێ مژوولی کارکردن بوو. ساڵی 2015 لەگەڵ کۆچکردنی بەلێشاوی کوردی ڕۆژئاوا ڕووە و ئەوروپا، ئەویش هەرێمی کوردستانی جێهێشت. ساڵێک لە تورکیا مایەوە و ئینجا بەڕێکەوت بەرەو ئەوروپا.

حەکیمی تەمەن 25 ساڵان، دوای گیرسانەوەی لە سۆفیا، لەلایەن پۆلیسی بولگاریاوە دەستگیر دەکرێ و نزیکەی مانگێک لە زیندان دەمێنێتەوە، پێش ئازادکردنی مۆری 10 پەنجەی وەرگیراوە. ئەو هەمیشە لەژیانیدا کەمتەرخەم بووە و هیچ کارێکی بە جددی وەرنەگرتووە، لەدوای ئازادکردنی گرنگی بە نوێکردنەوەی دۆکیۆمێنت و کارە یاساییەکانی ئەو وڵاتە نادات. تەنیا یەک جار دۆکیۆمێنتی وەرگرتبوو و لە کەمپی کراوەی خەرمەلی مابووەوە.

بەڵام ئەو لەسەر کاری نایاسایی و خراپ ڕاهاتووە و ناتوانێ وازی لێ بهێنێ، نزیکەی سێ مانگ لە خەرمەلی مابووەوە، لەو ماوەیەدا دەستی کردبوو بە کڕین و فرۆشتنی ماددەی هۆشبەر، ناوی هەر جۆرە ماددەیەکی هۆشبەرت بهێنایە، زانیاری باشی لەبارەیەوە هەبوو.

لە دوای سێ مانگ مانەوە لەو کامپە، ڕوو دەکاتە سۆفیای پایتەخت. ئەو ئیتر ئاڵوودە بووبوو، بەڵام ئاڵوودەی فرۆشتنی ماددەی هۆشبەر نەک کێشانی. لەوێ شوێنی فرۆشتنی ئەو ماددانەی دۆزیبووەوە، بە جارێک بڕێکی زۆری دەکڕی، دواتر کەم کەم بە ئەفغانی و سووری و عێراقی و ئێرانی و تاکوتەرا بە کۆچبەری دیکەی دەفرۆشت، بەمشێوەیەش بڕە پارەیەکی باشی دەستدەکەوت، لەدوای ماوەیەکی کەم دەمانچەیەکی کڕی و نایە بەر قەدی، تەنانەت گوللەشی بە دەمانچەکەی دەستی تەقاندبوو، هەڕەشەی کوشتنی لە خەڵکی کردبوو. بێ بیرکردنەوە لەخۆی کە کۆچبەرێکی کوردە و بەشێوەیەکی کاتی لەو وڵاتەیە و ئەگەر دەستگیر بکرێ بە قورسی سزا دەدرێ.

حەکیم هەموو جۆرە ئیشێکی ڕەشی خراپی دەکرد، تەنیا بەدوای کارە یاساییەکانی خۆی نەدەکەوت، لەکاتێکدا ئەگەر کارە یاساییەکانی خۆی ڕایی کردبایە، لەماوەی چوار تا پێنج مانگدا مۆڵەتی مانەوە-ئیقامە-ی پێدەدرا، چونکە خەڵکی سووریا بوو. لەدوای مانەوەی سێ مانگ لە سۆفیا، بەخۆی و دەمانچەکەی بەر قەدییەوە گەڕابووەوە کەمپی خەرمەلی و مانگێکی لەوێ بەسەربردبوو، لەپڕدا پۆلیس لەناو خەرمەلی دەستیکردبوو بە پشکنینی کۆچبەرانی نێو کەمپەکە، هەرکەسێک دۆکیۆمێنتی مانەوەی کۆتایی هاتبوو یان نەیبوو، بەرەو زیندان ڕاپێچ کرابوو. حەکیمیش یەکێک بوو لەوانەی کە پۆلیس گرتبووی و ڕەوانەی گرتووخانەی لۆبۆمێزی کردبوو.

لە مانگی ئاداری ئەمساڵەوە حەکیم لە زیندانی لۆبۆمێزبوو. ئەوکۆچبەرە، جەستەیەکی بەهێزی گەورەی هەبوو، خاوەن سەرێکی خڕی گەورەی پۆلایین بوو، جارجار سەری دەدا لە دیواری زیندان، بەپێکەنینەوە بە زیندانییەکانی دەگوت: بەهەموو توانای خۆتانەوە مستێ بکێشن بەسەرمدا، منیش مستێ دەکێشم بەسەرتاندا، بەڵام گەرەنتی نەبوورانەوەتان ناکەم. دەمارەکانی دەست و قاچی پەمپابوو، هێندەی چەقۆ و کەتەر بەرکەوتبوو، لاقی ڕاستی نزیکەی سی سانتیمەتر دوورابووەوە کە لەشەڕدا چەقۆی پێکەوتبوو. لاسەرێکی پرچی پێوە نەبوو، لەکاتی گەڕانەوەی بەسەرخۆشی بۆ ماڵ، برا گەورەکەی تەورێکی دابوو لەسەری و ئومێدی مانەوەی لە ژیاندا کەمبوو، وەلێ بۆ ڕێگەی ئەوروپا تەمەنی باقی بوو.

حەکیم، نانی بەیانیانی نەدەخوارد، نزیکەی کاژێر 11ی نیوەڕۆ لەخەو هەڵدەستا، لەکاتێکدا زیندانییەکانی دیکە لە کاژێر هەشتی بەیانییەوە بەخەبەر دەهاتن و دەیانکردە بەزموڕەزم، بەگشتی دەنگ و سەدای کۆچبەرە ئەفغانییەکان زۆر بەرز و بێزارکەر بوو، کاتێ قسەیان دەکرد و دەیانقیراند، حەکیم ئەمەی قبوڵ نەدەکرد و هاتوهاواری لێ هەڵدەستا. هەندێجار گرژی دروست دەبوو، کورد لەلایەک و ئەفغانی لەلایەکی دی ڕووبەڕووی یەکدی دەبوونەوە.

حەکیم سوێندی دەخوارد، لەدوای ئازادبوونی لە زیندان سیپاڵە شڕەکەی دەستدەداتێ و پڕی دەکا لە مەشروبات، لە سۆفیاوە بە ئۆتۆمبێل بەرەو سنووری سربیا بڕوات، ئینجا بە پیادە و بەسەرخۆشی و بەتەنێ ڕێی قاچاخ بگرێتەبەر تا دەگاتە بوخارێست. بەڵام ئەم پلانەی بەدی نەهات و بەرەو شوێنێکی نادیار برا.

لە ناوەڕاستی شەوێکی مانگی ئابدا، بەهەموو هێزییەوە مۆبایلەکەی دەستی بە زەویدا کێشا و پارچە پارچەی کرد، سەدان جنێوی بەخێرایی دا، لەدوای ئارامبوونەوەی گوتی: یەکێک هەواڵی لێداوم کە دەمانچەم هەبووە و تریاکم فرۆشتووە. لەدوای چوار ڕۆژ، بەناوی ئینتەرڤیوو حەکیمیان بانگ کرد و بەبێ کەلوپەلەکانی زیندان بردیان و کەس نازانێ لەکوێیە و بەکوێ گەیشتووە و لە ئەنجامدا چی لێ بەسەردێ.



حەکیم بەیانییەک لە زیندانی لۆبۆمێز بردرایە دەرەوە و نەگەڕایەوە

# بەندکراوانی کورد حەز دەکەن لە گرتووخانەکانی بولگاریادا بمێننەوە

**زامدار ئەحمەد – بولگاریا**

بەشێک لەو کۆچبەرە کوردانەی کەوتوونەتە گرتووخانەکانی بولگاریا، وەکو کۆچبەرانی دیکە پەلەیان نییە لە زیندان دەربچن و حەز دەکەن زیاتر لە ماوەی حوکمەکەیان بمێننەوە، ئەوانەش ئەو کۆچبەرانەن کە بە گوتەی خۆیان بەهۆی کێشەی سیاسی یان کۆمەڵایەتی زێدی خۆیان جێهێشتووە.

هەڵۆ موکریانی، گەنجێکی خەڵکی سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ماوەی ساڵێکە لە زیندانەکانی بولگاریایە، ئەو لە گرتووخانەی لۆبۆمێزەوە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "جاری یەکەم لە نێوان سنووری تورکیا و بولگاریا لەلایەن پۆلیسی سنووری بولگارییەوە دەستگیرکرام و مۆری هەر 10 پەنجەی دەستیان وەرگرتم و پەنجەمۆریان خستە نێو سیستەمی داتابەیسی وڵاتانی ئەوروپا، لەدوای نزیکەی مانگێک مانەوەم لە زیندانی لۆبۆمێز، ئازادکرام".

هەڵۆ دوای ئازادبوونی یەکسەر پێوەندی بە قاچاخچییەوە کرد بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە ئەڵمانیا، وەلێ لە سنووری بولگاریا و سربیا لەلایەن پۆلیسی سربیاوە دەستگیر کراو شەوێک لە زیندان مایەوە، پاشان لەگەڵ چەند کۆچبەرێکی دیکە ڕادەستی پۆلیسی بولگاریا کران، لەکاتی لێکۆڵینەوە پەنجەمۆری بولگاریای دەرکەوت، بۆیە بەرەو زیندانی بۆسمۆس بەڕێکرا و شەش مانگی لەو گرتووخانەیەدا بەسەر برد. لەدوای دادگایی، ناردیانە گرتووخانەی لۆبۆمێز.

هەڵۆ دەڵێت ئەو هیچ کات لە بەرنامەیدا نەبووە زێدی خۆی جێبهێڵێ، بەڵام وەک خۆی باسی کرد "لە ڕۆژهەڵات، بەشێوەی نهێنی کارم بۆ پارتێکی ڕۆژهەڵات دەکرد، لەدوای ئاشکرابوونم سەردەشتم بەجێهێشت، بۆ ئەوەی نەکەومە ژێر دەستی ئیتلاعاتی ئێرانی، چونکە دڵنیا بووم لەسێدارەم دەدەن، ئەگینا بە هیچ شێوەیەک کۆچکردن لە بەرنامەمدا نەبووە".

هەڵۆ لەڕێی خانەوادەکەیەوە هەوڵی زۆری داوە کێشە سیاسییەکەی بۆ چارەسەر بکرێ و بگەڕێتەوە کوردستان، بەڵام دەڵێت "کێشەکەم بۆ چارەسەر نەکرا. بەڕاستی ژیان لە زیندانەکانی بولگاریا سەخت و ئەستەمە، ئێستاش هیچ ئومێد و هەواڵێکی دڵخۆشکەر نییە و دیار نییە کەی لەم زیندانە ئازاد دەکرێم، بەڵام پێم باشترە کە ئێستا لە زیندانێکی بولگاریام نەک ئێران".

ئەحمەد زاخۆیی، پتر لە 14 مانگە لە گرتووخانەکانی بولگاریادایە، هەموو ئازار و ناخۆشییەکی زیندان قبوڵ دەکا، چونکە ناتوانێ بگەڕێتەوە کوردستان، ئەو گوتی: لە باشووری کوردستان و بەتایبەتی لە سنوورەکانی تورکیا خەریکی مامەڵەکردن بووم بە ماددەی هۆشبەر، بەڵام ئاشکرابووم و بڕیاری دەستگیرکردنم بۆ دەرچوو، بۆیە یەکسەر بە قاچاخ چوومە تورکیا، لەدوای ماوەیەک دادگا بە غیابی بە 15 ساڵ بەندکردن سزای دام".

ئەحمەد کە تەمەنی 30 ساڵە، لە تورکیاوە بە قاچاخ چووەتە بولگاریا، دوو شەو لە جەنگەڵستانەکانی سەر سنوور ماوەتەوە، پاشان لەگەڵ چەند کۆچبەرێکی دیکە لەلایەن پۆلیسی بولگاریاوە دەستگیرکراون.

ئەحمەد گوتی: "سێ هەفتە لە زیندان مامەوە، پەنجەمۆریان وەرگرتم و ئازادیان کردم، یەکسەر بەرەو سربیا بەڕێکەوتم، لە سنووری هەردوو وڵات، لەلایەن پۆلیسی بولگاریاوە دەستگیرکرامەوە، 12 مانگی زیندانیم لە زیندانی بۆسمۆس بەڕێکرد، ئەوە دوو مانگیشە لە زیندانی لۆبۆمێزم، دەبێ چوار مانگی دیکەش بمێنمەوە".

ئەو گەنجە لە زیندانیش خەریکی مادەی هۆشبەرە، بەڵام لەوێ بەکارهێنەرە، نەک بازرگان. ئەو لە بارودۆخی کۆچبەرانی ئەوروپا نیگەرانە، بەڵام بەهۆی بڕیاری سزای 15 ساڵ بەندکردنی لە کوردستان، ناتوانێ بگەڕێتەوە. ئەو دەڵێ "ئەگەر چوار ساڵی دیکەش بمێنمەوە، بەناچاری قبوڵی دەکەم و لە 15 ساڵ زیندانی کوردستان باشترە".

ئەو کۆچبەرانەی سزای درێژخایەنیان هەیە، دەیانەوێ لەگەڵ ژینگەی زیندان خۆیان بگونجێنن. جار جار بەیەکدی دەڵێن: "پسمام جێی خۆ خۆشکە، تا ساڵێ دی"، بەرانبەرەکەشی بەبزەیەکەوە دەڵێ "خۆشە".

عومەر حاجی، هاوشێوەی هەڵۆ و ئەحمەد جێی مانەوەی لە زیندان خۆشکردووە و ناتوانێ بگەڕێتەوە. دوو ساڵ لەوەو پێش، عەباس تووشی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەبێ و هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێ، بۆیە زێدی خۆی بەرەو ئەوروپا بەجێدەهێڵێ، بەڵام نزیکەی یازدە مانگە لە زیندانەکانی بولگاریایە.

عومەر حاجی ناوی خوازراوی کۆچبەرێکی کوردە. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "تووشی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووم، هەڕەشەی کوشتنیان لێکردم، بۆیە یەکسەر هەڵاتم بۆ تورکیا. سەرەتا بڕیار بوو بەڕێگەی ئاوی لەڕێگەی دەریای ناوەڕاستەوە بچمە ئیتاڵیا، لەکاتی خۆئامادەکردن و چوونە نێو یەخت، لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستگیرکراین و هەفتەیەک لە زیندان بووین، لەپاش ئازادکردنمان بڕیارمدا لەڕێگەی دەریای ڕەشەوە بچمە ڕۆمانیا، لەوەشدا بەختم نەبوو، لە کەناری ئاو لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستگیرکراین".

عومەر لە ئاودا بەختی نەبوو، بۆیە بڕیار دەدات ڕێگەی وشکانی تاقیبکاتەوە، بەڵام لەوێش بەختی نەبوو. عومەر گوتی "بڕیارم دا بەڕێگەی وشکانی بچمە بولگاریا، لەدوای ڕۆیشتنی 15 کاژێر بەپێ و گەیشتنمان بە سنووری بولگاریا، پۆلیسی ئەو وڵاتە دەستگیری کردین. 10 ڕۆژ لەژوری تاکەکەسی لە زیندانی خاسخۆفۆ هێڵدرامەوە، دواتر پەنجەمۆریان لێوەرگرتم و ئازادیان کردم".

عومەر دوو مانگ لە سۆفیای پایتەختی بولگاریا بەدوای قاچاخچییەکی باشدا گەڕاوە، چونکە دەیزانی جاری دووەم لە بولگاریا دەستگیربکرێ یان لە هەر شوێنێ دیپۆرتی ئەو وڵاتە بکرێتەوە، حوکم دەدرێ و ماوەیەکی زۆر لە زیندان دەبێ. عومەر گوتی "قاچاخچییەکەم بەڵێنی پێدام بە 4000 دۆلار، بە گەرەنتی تا نەمسا دەمگەیەنێ. لەدوای هەفتەیەک چاوەڕوانی، قاچاخچی گوتی لە دوای دونیا تاریکبوون بەرەو ڕۆمانیا بەڕێدەکەوین، چەند کاژێرێک لەنێو سەیارەدا بووین، پاشان بەڕێگەی پیادە نزیکەی دوو کاژێر ڕۆیشتن، بەداخەوە لەلایەن پۆلیسی سنووری بولگاریاوە دەستگیر کراین و 22 ڕۆژ لە زیندانی یەک کەسی سنوور ماینەوە، ئینجا بەرەو سۆفیا بەڕێکراین و پەنجەمۆرم دەرکەوت، لەبەرئەوە ڕاستەوخۆ بۆ زیندانی بۆسمۆسیان ناردم، شەش مانگی زیندانی یەکەمم لەو زیندانە بەڕێکرد، لە دادگایی دووەمدا، شەش مانگی دیکەیان بەند کردمەوە و بەرەو لۆبۆمێزیان ناردم، ئێستاش وا پێنج مانگە لێرەم و بڕیارە ئەم ماوەیە دادگایی بکرێمەوە".

ئەو کۆچبەرە دەڵێ "چاوم لە ڕەحمی خودایە کە ئازاد بکرێم، ئەگەرنا دەبێ شەش مانگی دیکە لە زیندان بم". عەباس خوازیارە تا ئەو لە زیندان ئازاد دەبێ، کێشەکەی لە کوردستان چارەسەر ببێ، بۆ ئەوەی بتوانێ بگەڕێتەوە.



کۆچبەرە کێشەدارەکان چاوەڕێی یەکلابوونەوەی کێشەکانیان دەکەن لە کوردستان



## گەنجێک خوشکەکەی خۆی دەکوژێ

**رووداو — هەولێر**

لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر برایەک خوشکەکەی خۆی دەکوژێ و پۆلیسیش دەڵێت رووداوەکە قەزا و قەدەر بووە. بەپێی هەواڵێکی بەڕێوەبەرایەتیی راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر ئێوارەی رۆژی 2017/12/11 لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر پۆلیس لە رووداوێکی تەقەکردن ئاگادارکراونەتەوە، دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس بۆ شوێنی رووداوەکە دەرکەوت گەنجێک لە کاتی خاوێنکردنەوەی چەکەکەی، گوللەیەک لە چەکەکەی دەرچووە و بەر خوشکە تەمەن 16 ساڵانەکەی کەوتووە و دەستبەجێ گیانی لە دەستداوە. بە گوتەی پۆلیس برای کچەکە دوای رووداوەکە هەڵاتووە، بەڵام دواتر لەلایەن بەشی کوشتن لە نووسینگەی نەهێشتنی تاوان دەستگیرکراوە.



هاوژینی خوتەیمە لە پۆلیس گوتوویەتی "شەرەفی بردبووم، بۆیە کوشتم"

# ژنەکەی بە بەرچاوی چوار منداڵەکەیەوە دەکوژێ

**عومەر چاوشین**
**رووداو- حاجیاوا**

خوتەیمە بە مەبەستی بەشداریکردن لە ئاهەنگێکی ماڵە خەزوورانی، چەند رۆژێک بوو لە ناحیەی حاجیاوای سەر بە قەزای رانیە بوو، بەڵام هاوژینەکەی نەیهێشت بە زیندوویی بگەڕێتەوە ماڵ و هەر لەوێ کوشتی، هاوژینی خوتەیمە لە پۆلیس گوتوویەتی "شەرەفی بردبووم، بۆیە کوشتم".

رۆژی 2017/12/9 ژنێکی تەمەن 30 ساڵ بەناوی (خوتەیمە ر.ج) کە دانیشتووی گەڕەکی باداوای شاری هەولێر بوو و بە سەردان چووبووە ماڵی خەزووری لە ناحیەی حاجیاوا، لەلایەن هاوژینەکەیەوە کوژرا. دوای رووداوەکەش پۆلیس هاوژینەکەی دەستگیرکرد.

(زیاد ر) کە برای خوتەیمەیە، لە سێیەم رۆژی پرسەی خوشکەکەیدا قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی: "خوتەیمە کاتی خۆی ژن بە ژنی پێکرابوو، بە ئامۆزایەکی خۆی درابوو بەناوی (ف.س)، سەرەتا هیچ کێشەیان نەبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی (ف) رووی لە خواردنەوەی کحول کرد، ئیدی ژیانیان لێ تاڵ بوو".

زیاد باسی هەڵسوکەوتی زاواکەیان بەرامبەر خوشکەکەی دەکات و دەڵێت: "تابڵێی لەگەڵی خراپ بوو، جارێکیان بە بلۆک و پارچە ئاسن لێی دابوو، نیوە مردووی کردبوو".

گوتیشی کە خوشکەکەی جارێک تووڕە بووە و چووەتەوە لایان و نزیکەی دوو مانگ ماوەتەوە، پاشان هاوژینەکەی خەڵکی لەدوای ناردووە و ئەوانیش بەو مەرجە پێیاندایەوە کە رەفتاری بگۆڕێ و لەگەڵی باش بێ. زیاد دەڵێت زاواکەیان زیاتر لە 20 جار لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە، دوایین جار نۆ مانگ لەمەوبەر بە تۆمەتی کێشانی مادەی هۆشبەر لەگەڵ باوکم و برایەکی من دەستگیرکران، بەڵام لە دادگا بێتاوان دەرچوون و چەند رۆژێک لەمەوبەر ئازادکران".

ماڵە خەزوورانی خوتەیمە لە ناحیەی حاجیاوا نیشتەجێن، هەفتەی رابردوو برای هاوژینی خوتەیمە، ئاهەنگی هاوسەرگیری کرد، خوتەیمەش چووبوو هاوکارییان بکات.

زیاد دەڵێت: "خوتەیمە دوو رۆژ دوای ئاهەنگەکەش هەر لە ماڵی خەسووی بوو، زاواکەمان هەر لەوێ بەبێ هیچ هۆکارێک بە گوللەیەک کوشتی و چوار منداڵی بێ دایک کردن".

زیاد پێیوایە خوشکەکەی بەبێ تاوان کوژراوە، بۆیە دەڵێت سکاڵایان لەسەر زاواکەیان تۆمار کردووە.

ئەو رووداوە کێشەی بۆ ماڵی برایەکی زیادیش دروستکردووە کە پێشتر ژن بەژنی لەگەڵ (ف)دا کردووە. زیاد گوتی "براژنم کە لەبری خوتەیمەی خوشکم وەرگیرابوو، لەکاتی رووداوەکەدا ترسابوون و لەترسان ماڵیان بەجێهێشتووە و نازانین لەکوێن".

گوتیشی "ئێمە داوا دەکەین (ف) کە هەم ئامۆزامانە و هەمیش زاوامانە بکوژرێتەوە، بۆ ئەوەی خزمایەتییەکەمان بمێنێ".

سەنعان کە ژنبرای خوتەیمەیە، لەو ماڵەدا بووە کە رووداوەکەی تێدا بووە، ئەو گێڕایەوە "ژنمان بۆ براکەم دەگواستەوە، برا و براژنەکەم نزیکەی نۆ مانگ بوو نەهاتبوونە لای ئێمە، بەبۆنەی ئەو ئاهەنگەوە چەند رۆژێک بوو لەلای ئێمە بوون، من لە ژوورەوە خەریکی خۆگۆڕین بووم، گوێم لێ بوو کە براکەم دەستکاری چەکی دەکرد، لەناکاو دەنگی گوللەیەک هات و کە چوومە دەرەوە بینیم براژنەکەم لە نێو خوێندا کەوتبوو، منداڵەکانیشی لە چواردەوری بوون، گوللەیەک بەر سەری کەوتبوو، بە پەلە ئۆتۆمبێلەکەم خستە ئیش، ویستمان بیبەین بۆ نەخۆشخانە، بەڵام گیانی دەرچوو".

زۆری نەبرد هێزە ئەمنییەکان گەیشتنە ماڵەکە و تەرمەکەیان گواستەوە بۆ نەخۆشخانە. هاوژین و ژنبرای خوتەیمەشیان قۆڵبەست کرد و بردیان بۆ بنکەی پۆلیس، بەڵام سەنعان لەوێ ئازادکرا، چونکە دەستی لە تاوانەکەدا نەبوو.

سەنعان لەبارەی هۆکاری کوشتنی براژنەکەی لەلایەن براکەیەوە گوتی "براکەم هەرزوو ئیعترافی کرد، سەرەتا گوتبووی فیشەکم لە دەست دەرچووە و بەری کەوتووە، بەڵام دواتر گوتبووی بە ئەنقەست کوشتوومە، چونکە بەبێ هیچ هۆکارێک نۆ مانگ منی بە گرتن داوە، لەو ماوەیەش کە ئەو لە زیندان بووە، خوتەیمە خیانەتی لێکردووە، بەڵام نازانین قسەکانی راستن یان نا".

بە گوتەی سەنعان، بەهۆی ئەو رووداوەوە ژیانی خوشکەکەشی کە لەگەڵ خوتەیمە ژن بەژنی پێکراوە کەوتووەتە مەترسییەوە، هەر دوای رووداوەکە هاتووەتەوە ماڵی باوکی.

سەنعان گوتی "ماڵە خەزوورانی خوشکەکەم هەڕەشەی کوشتن لە خوشکەکەم دەکەن و دەڵێن لە تۆڵەی کوژرانی خوتەیمە، ئەو دەکوژین، بۆیە ناچاربووین خوشکەکەم ببەینە شوێنێکی پارێزراو".

گوتیشی: "دەزگا ئەمنییەکانمان لەو هەڕەشانە ئاگادار کردووەتەوە، ئەوان گوتیان دەبێ بچن لە هەولێر سکاڵا تۆمار بکەن، بەڵام ئێمە لە ترسی هەڕەشەی ماڵی باوکی خوتەیمە ناوێرین بچین بۆ هەولێر".

بەیان کە خەسووی خوتەیمەیە، نەیشاردەوە کە کێشە لە نێوان کوڕ و بووکەکەیدا هەبووە، بەڵام رەتیکردەوە ئەو بیانووەی خوتەیمەی پێ کوژراوە راست بێ. بەیان گوتی "راستە کێشەیان لە نێواندا هەبوو، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم بووکەکەم کارێکی وای کردبێ، شەرەفی خێزانەکەمانی پێ لەکەدار بووبێ".

هەر دوای رووداوەکە، تەرمی خوتەیمە گەیەنرایە نەخۆشخانە و پشکنینی پزیشکی بۆ کرا. فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەرپرسی کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی رانیە، ئەنجامی پشکنینەکەی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "بەپێی پشکنینەکان گوللەیەک بەر لای راستی سەری کەوتووە، گوللەکە لە دووریی کەمتر لە دوو مەتر بەری کەوتبوو، بۆیە پێدەچوو بە ئەنقەست کوژرابێ، سەرەتا هاوژینەکەی گوتبووی رووداوەکە قەزاوقەدەرە، دواتر ئیعترافی کردبوو کە بە ئەنقەست کوشتوویەتی".

(ف) سەرەتا ویستبووی تاوانەکە پەردەپۆش بکات، بەڵام لێکۆڵینەوەی پۆلیس ناچاری کرد دان بە راستییەکاندا بنێ. شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی راپەڕین بە (رووداو)ی گوت: "ئەو ژنە لە ماڵی خەسووی لەلایەن هاوژینەکەیەوە کوژرابوو، هەر دوای رووداوەکە پۆلیس گەیشتنە ئەوێ و هاوژینەکەیان دەستگیر کرد، ئەو سەرەتا گوتی رووداوەکە قەزاوقەدەر بووە، بەڵام دوای شەش کاژێر ئیعترافی کرد و گوتی لەسەر شەرەف کوشتوومە".

## مارەبڕین بەرەو داکشانە و تەڵاق بەرەو هەڵکشان

# ڕۆژانە 31 هاوژین لە یەکدی جیادەبنەوە

**41 %**
**مارەبڕین لە دادگاکانی کوردستان کەمی کردووە**

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەهۆی کاریگەریی قەیرانی دارایی و بێکاری و وەستانی پێشینەی هاوسەرگیری، مارەبڕین لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان زۆر کەمی کردووە و لەبەرامبەریشدا تەڵاق و جیابوونەوە روو لەهەڵکشانە.

بەپێی ئاماری ئەنجوومەنی دادوەری، لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا، مارەبڕین لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان ساڵ بەساڵ کەمی کردووە، بەجۆرێک لە ساڵی 2013 دا 52.749 گرێبەستی مارەبڕین تۆمار کراون، بەڵام لە 2014 کەمی کردووە بۆ 47.444 گرێبەست. لە ساڵی 2015دا بۆ 43.410 گرێبەست دابەزیوە و ساڵی رابردووش 31 هەزار گرێبەستی مارەبڕین تۆمار کراون، ئەم ژمارەیەش بەراورد بە ساڵی 2015 بەڕێژەی 28 % دابەزیوە و بە بەراورد بە پێش قەیرانیش بە رێژەی 41 % دابەزیوە.

موقەددەمی مافپەروەر ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە پارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی گوت: "قەیرانی دارایی، ناسەقامگیریی دۆخی سیاسی، بێکاری و راگرتنی پێشینەکانی هاوسەرگیری و خانووبەرە، هۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیرین".

بەبڕوای ژیلەمۆ، ئەگەر دابەزینی کێرڤی مارەبڕین بەو شێوەیە بەردەوام بێ، لەداهاتوودا لێکەوتەی زۆر خراپی دەبێ، چونکە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان، هەروەها کێشەی کۆمەڵایەتیش زۆرتر دەبن.

کەمبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری، کاریگەری زۆری لەسەر فرۆشی زێڕ و پێشانگاکانی جلوبەرگ و پێویستییەکانی ناوماڵیش هەبووە، تەنانەت هۆڵەکانی ئاهەنگگێڕانیش وەک جاران گەرم نین.

ئاراس هاشم مەولود، خاوەنی هۆڵی نەورۆز بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری و بۆنەکان لەشاری هەولێر، دەڵێت: "قەیرانی دارایی کاریگەریی زۆری کردووەتە سەر کاری ئێمە، بەراورد بە ساڵی رابردوو کاری ئەمساڵمان 50 % دابەزیوە. پرۆسەی هاوسەرگیری لەنێو گەنجانی کورد بەگشتی زۆر کەم بووەتەوە، دەتوانم بڵێم 70 %ی ئەو ئاهەنگە هاوسەرگیریانەی ئێستا لە هۆڵەکان دەکرێن هی گەنجانی عەرەب و سووریی نیشتەجێی شاری هەولێرن".

بۆ کێبڕکێ و سەرنجڕاکێشانی هاوسەرەکان، ئاراس هاشم هەندێ لە خزمەتگوزارییەکانی کردووە بەخۆڕایی و نرخی ئاهەنگەکانیشی بە رێژەی 30 % دابەزاندووە، بەڵام هێشتا کاریگەری نەبووە.

ئاراس گوتی: "بەهۆی هەرزانیی نرخی ئاهەنگەکانمان بارودۆخی ئێمە لە هۆڵەکانی دیکە باشترە، هەندێ هۆڵ هەیە ماوەی دوو ساڵە لەسەر زەرەر دەڕۆن، هەندێکیان پارەی کارەبا و کرێی هۆڵەکانیشیان پێ نادرێ".

### تەڵاق و جیابوونەوە زیادی کردووە

بەپێی ئاماری ئەنجوومەنی دادوەری، لە چوار ساڵ و شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 33 هەزار و 468 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمار کراون، ساڵ بەساڵیش ژمارەکە لە زیادبووندا بووە. ئەگەر پشووەکانی ئەو چوار ساڵە دەربهێنین کە ساڵانە لە هەرێمی کوردستان 125 رۆژ پشووە و لە ماوەی ئەو چوار ساڵ و نیوەدا 1079 رۆژ لە دادگاکانی کوردستان دەوام کراوە، کەواتە رۆژانە زیاتر لە 31 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە لە دادگاکانی کوردستان تۆمارکراون.

ژیلەمۆ عەبدولقادر ئاماژە بە هۆکارەکانی تەڵاق و جیابوونەوە و تەمەنی ئەو ژن و مێردانە دەکات کە جیابوونەتەوە و دەڵێت: "زۆربەی ئەو ژن و مێردانەی جیادەبنەوە تەمەنیان لە نێوان 15 بۆ 25 ساڵانە، هۆکارەکەشیان نەگونجان، کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، داوێنپیسی، داواکردنی ماڵی سەربەخۆ، خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، جیاوازیی تەمەن، نەخۆشی و هێنانی ژنی دووەمە".

بە گوتەی ژیلەمۆ عەبدولقادر، زۆربەی ئەوانەی جیادەبنەوە، هۆکاری راستەقینەی جیابوونەوەکە لە دادوەر دەشارنەوە و دەڵێن لەگەڵ یەکدی ناگونجێن، بۆیە لە داتای دادگاکاندا پشکی شێر بەر ئەو هۆکارە کەوتووە، بەڵام بەپێی بەدواداچوونی ئێمە بۆ ئەو دۆسیانەی دێنە لامان، دەرکەوتووە لایەنی ئابووری هۆکاری سەرەکی زۆربەی تەڵاق و جیابوونەوەکانە".

بەپێی ئاماری ئەنجوومەنی دادوەری، پارێزگای سلێمانی بە پلەی یەکەم دێ لە حاڵەتەکانی تەڵاق و جیابوونەوەدا کە لە ماوەی ئەو چوار ساڵ و شەش مانگەدا 13 هەزار و 243 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوەی تێدا تۆمارکراوە، دوای ئەویش هەولێر بەتۆمارکردنی 12 هەزار و 243 حاڵەت پلەی دووەمی گرتووە، دهۆک بەتۆمارکردنی 5 هەزار و 192 حاڵەت و گەرمیان بە تۆمارکردنی 2 هەزار و 838 حاڵەت لە پلەی سێیەم و چوارەم دێن، بەڵام لەدوو ساڵی رابردوودا هەولێر پێش پارێزگای سلێمانی کەوتووە. پارێزەری راوێژکار کارزان جەوهەر کە کار لەسەر دۆسیەکانی باری کەسی لە دادگاکانی هەولێر دەکات، پێیوایە هۆکاری سەرەکی زیادبوونی رێژەی تەڵاق و جیابوونەوە لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی، قەیرانی دارایی و بێکارییە، کارزان دەڵێت: "هۆکارەکان زۆرن، بەڵام کاریگەرترین هۆکاریان لەو کاتەدا گرفتی دارایی، خیانەتی هاوسەرگیری، داواکردنی ماڵی جیا و شووکردن و ژنهێنانی پێشوەختەیە".

گوتیشی: "خراپ بەکارهێنانی مۆبایل، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زنجیرە دۆبلاژکراوەکان هۆکارێکی دیکەی زیادبوونی تەڵاق و جیابوونەوەن، چونکە بەهۆیەوە کێشەی کۆمەڵایەتی و خیانەتی هاوسەرگیری زیاد بووە کە زۆرجار دوای ئاشکرابوونی، تەڵاق و جیابوونەوەی بەدواداهاتووە".

**هۆکارەکانی تەڵاق و جیابوونەوە:**

- نەگونجان
- کێشەی ئابووری
- خیانەتی هاوژینی
- داواکردنی ماڵی سەربەخۆ
- خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان
- جیاوازیی تەمەن
- نەخۆشی
- هێنانی ژنی دووەم



لایەنی ئابووری هۆکاری سەرەکیی زۆربەی تەڵاق و جیابوونەوەکانە

### ئاماری مارەبڕین و تەڵاق و جیابوونەوە لە ماوەی چوار ساڵ و شەش مانگدا

| پارێزگا | 2013 مارەبڕین | تەڵاق و جیابوونەوە | 2013 مارەبڕین | تەڵاق و جیابوونەوە | 2013 مارەبڕین | تەڵاق و جیابوونەوە | 2013 مارەبڕین | تەڵاق و جیابوونەوە | 2013 مارەبڕین | تەڵاق و جیابوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 18.354 | 2.760 | 17.044 | 2.424 | 16.183 | 3.024 | 15.940 | 2.665 | 7.261 | 1.370 |
| سلێمانی | 14.911 | 2.184 | 13.821 | 4.012 | 13.172 | 3.855 | 5.897 | 1.888 | 2.749 | 1.256 |
| دهۆک | 13.370 | 1.053 | 10.993 | 1.103 | 10.247 | 1.226 | 9.346 | 1.261 | 4.655 | 549 |
| گەرمیان | 6.114 | 420 | 5.586 | 1.238 | 3.808 | 516 | – | – | 1.460 | 664 |
| کۆی گشتی | 52.749 | 6.417 | 47.444 | 8.777 | 43.410 | 8.621 | 31.183 | 5.814 | 16.125 | 3.839 |

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە ( 486 ) - دووشەممە 2017/12/18



## گەنجێک لە ئیسکان خۆی دەکوژێ

**ڕووداو- هەولێر**

ئەو گەنجەی لە شەقامی ئیسکان هەوڵی خۆکوشتنی دابوو، دوای سێ ڕۆژ لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. بەپێی هەواڵێکی پۆلیسی شاری هەولێر کە لە پەیجەکەیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاوکراوەتەوە، کاژێر 5:30ی ئێوارەی ڕۆژی 2017/12/12 پۆلیس لە هەوڵێکی خۆکوشتن لە شەقامی ئیسکانی شاری هەولێر ئاگادارکراونەتەوە، دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس بۆ شوێنی ڕووداوەکە دەرکەوت گەنجێکی تەمەن 19 ساڵ بەناوی گەیلان سەعدی عوسمان، گوللەیەکی بەخۆیەوە ناوە، دەستبەجێ گەیەنراوەتە نەخۆشخانە. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) ئەو گەنجە ماوەی سێ ڕۆژ لەژێر چاودێری وردی پزیشکیدا بووە، بەڵام بەهۆی کاریگەریی برینەکەی، ڕۆژی 2017/12/15 گیانی لە دەستداوە.

# باوکێک منداڵە دوو مانگییەکەی ئەشکەنجە دەدات

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

ناکۆکیی نێوان باوک و دایکی ئەحمەد گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە ئەحمەد بەو تەمەنە کەمەیەوە ببێتە قوربانی و بکەوێتە نەخۆشخانە. ئەحمەد تەمەنی تەنیا دوو مانگ و نیوە و لە شەڕی نێوان دایک و باوکیدا دەستی شکاوە.

ئەو ڕووداوە ڕۆژی 2017/12/3 لە یەکێک لە گەڕەکەکانی ناحیەی حاجیاوای سەر بە قەزای ڕانیە ڕوویدا. باوکی ئەحمەد دوای ئەوەی بە سۆندە و دار ئەشکەنجەی ژنەکەی دەدات، ڕادیۆکەی بەر دەستی دەگرێتە ئەحمەد و بەر دەستی دەکەوێ، کاتێک ئەحمەد دەبرێتە نەخۆشخانە، دەردەکەوێ دەستی چەپی شکاوە.

(ک.م)، باوکی ئەحمەد، بە (ڕووداو)ی گوت کە لە ڕێگەی ناسیاوێکیانەوە دایکی ئەحمەدی ناسیوە. سەرەتا وا خۆی نیشان دەدات کە لەڕووی دەروونییەوە کێشەی هەیە، بۆیە قەناعەتی وا بووە کە ئەم ژنەی ئێستا بە "ئافرەتێکی کەم توانا" وەسفی دەکات، بۆ ئەو ژنێکی گونجاوە و بڕیار دەدات بیخوازێ.

ئەو ژن و پیاوە دوای ساڵێک کوڕێکیان دەبێ و ناوی لێدەنێن ئەحمەد، باوکی ئەحمەد باری ئابووری باش نییە، بۆیە خەسووەکەی خانوویەکی خۆی دەداتێ، گوزەرانی ئەو خێزانە لەسەر ئەو بڕە پارەیە کە ڕۆژانە لە بۆیاخچێتی پێڵاو دەستی دەکەوێ.

باوکی ئەحمەد باسی ڕۆژی ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت: "من خۆم باری دەروونیم زۆر تەواو نییە، ئەحمەدیش زۆر دەگریا، بە دایکیم گوت ژێری بکەوە، بەڵام گوێی بە قسەکانم نەدا و بووە دەمەقاڵێمان، منیش ڕادیۆکەم لە نزیکم بوو هەڵمگرت و بە ئەحمەدم دادا. ئەحمەد زۆر گریا، نەمزانی دەستی شکاوە. هەر ئەوکات پەشیمان بوومەوە و ئەحمەدم لە باوەشکرد و تێر تێر ماچم کرد، بەڵام هاوسەرەکەم لە جیاتی ئەوەی ئەحمەد ژێر بکاتەوە، قسەی نەشیاوی زۆر پێگوتم، بەس من لەبەر ئەحمەد هیچم نەگوت".

باوکی ئەحمەد دەڵێت: "ئەگەر ئەمجارە هاوژینەکەم و پۆلیس بمبەخشن، بەڵێن بێ ببم بە کەسێکی دیکە و هەرگیز هەڵسوکەوتی لەو جۆرە دووبارە ناکەمەوە".

بەڵام دایکی ئەحمەد کە بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ قسەی دەکرد، دەڵێت هاوژینەکەی ئەویشی ئەشکەنجە داوە. دایکی ئەحمەد بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو ڕۆژە باوکی ئەحمەد گوتی هەڵسە ئەحمەد ژێر بکەوە، بەڵام من نەمتوانی ژێری بکەمەوە چونکە نەخۆش بووم، کەچی لە جیاتی ئەوەی هاوکاریم بکات و منداڵەکە ژێر بکەینەوە، بە پارچە سۆندەیەک بەربووە گیانی من، پاشان لە ئەحمەدی دا، ڕادیۆکەی بەر دەستی ڕاوەشاند و بەر دەستی ئەحمەد کەوت، ئەحمەد زۆر گریا، دوای چەند ڕۆژێک بردم بۆ نەخۆشخانە، بەڵام دکتۆرەکان هیچ گوێیان پێنەدا، بۆیە بڕیارم دا لە پۆلیس سکاڵا لەسەر باوکی تۆمار بکەم".

(ڕووداو) لە بنکەی پۆلیس قسەی لەگەڵ دایکی ئەحمەد کرد کە بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە بانگ کرابوو، بەڵام ئەو دەیگوت حەز ناکات لەوە زیاتر مێردەکەی بگیرێ و حەز دەکات بەیەکەوە بڕۆنەوە ماڵەوە.

دایکی ئەحمەد گوتی: "ئێمە لەگەڵ خوشکەکەم لە خانوویەک دەژین، ئەگەر هاوژینەکەم لەگەڵم نەیەتەوە ڕێگەم پێنادەن بگەڕێمەوە ئەوێ، من باوکی ئەحمەدم خۆشدەوێ، حەز دەکەم بەیەکەوە بین".

باوکی ئەحمەد خەمی لەدەستدانی منداڵەکەیەتی، چونکە بە گوتەی خۆی ئاوەڵزاوایەکی هەڕەشەی لێکردووە منداڵەکەی دەفرۆشێ، وەک چۆن پێشتر منداڵەکەی خۆی فرۆشتووە. دایکی ئەحمەدیش ئەو قسەیەی باوکی ئەحمەدی پشتڕاست کردەوە و گوتی "بەڵێ هەڕەشەی لێکردین و گوتی منداڵەکەتان دەفرۆشم".

نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە ڕانیە، ئاگاداری دۆسیەی ئەو خێزانەن و کاریان لەسەر کردووە. ملازم حەمە سلێمان، لێپرسراوی نووسینگەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو منداڵە ڕۆژی 2017/12/3 وای بەسەرهێنراوە، بەڵام دوای نۆ ڕۆژ پێی زانراوە، ئەویش دوای ئەوەی ئەحمەد باری تەندروستی ناجێگیر بووە و گەیەنراوەتە نەخۆشخانە".

بە گوتەی حەمە سلێمان، ژنەکەش باری تەندروستی ناجێگیر بوو، منداڵەکەشی تووشی بەدخۆراکی بووبوو، بەڵام ئێستا باشترە و تەندروستی بەرەو جێگیربوون دەچێ.

بەهۆی نەبوونی شەڵتەر لە ڕانیە، دایکی ئەحمەد لە بەشی گرتن و گواستنەوەی ڕانیە دانراوە، باوکی ئەحمەدیش سکاڵای لەسەر تۆمار کراوە و ئەویش لە گرتن و گواستنەوەی ڕانیە ڕاگیراوە.

ڕائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت: "شوێنەواری ئەشکەنجەدان لەسەر جەستەی منداڵەکە دیار بوو، قۆڵێکی شکابوو، باوکی منداڵەکە بەپێی ماددەی حەوت لە یاسای توندوتیژی خێزانی دەستگیرکرا". گوتیشی: "دایک و باوکی منداڵەکە بە ڕواڵەت وا دەردەکەوتن کە نەخۆشیی دەروونییان هەیە، بەڵام دوای ئەوەی پشکنینی پزیشکییان بۆ کرا، دەرکەوت هیچ کێشەیەکیان نییە، بۆیە لەسەر تاوانی ئەشکەنجەدانی ئەحمەد، باوکی بە کەفالەتی 150 هەزار دینار ئازاد کرا، بەڵام لەبەر داوایەک دادوەر بڕیاری ڕاگرتنی داوە و دەبێ بگوازرێتەوە بۆ بەشی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی".





دوای نۆ ڕۆژ ئینجا زانراوە ئەحمەد دەستی شکاوە

> ئەحمەد تووشی بەدخۆراکی بووە
>
> پۆلیس



**ژیلەمۆ عەبدولقادر**
موقەدەمی مافپەروەر

## شووی کرد و حاشایان لێکرد

خۆشەویستیی کچەکە بۆ کوڕەکە بە جۆرێک بوو، ئامادەبوو هەموو قوربانییەک بدات، یەکێک لەو قوربانیانەش حاشالێکردنی بوو لەلایەن کەسوکارەکەی، بەڵام ئەو کوڕەکەی هەڵبژارد، مادام ئەو بە خواستی دڵی خۆی گەیشت. چش لە حاشای کەسوکار.

ماوەیەک لەمەوبەر کوڕێک سەردانی کردین، نامەی ئەو کچەی پێبوو کە دەیویست بیخوازێ، بەڵام کەسوکاری کچەکە ڕێگربوون لە بەیەکگەیشتنیان. ئەو کوڕە بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕاینەوە و گوتی: "من دەمێکە ئەو کچەم خۆشدەوێ، هەر بەڕاستیش خۆشم دەوێ و پێی ڕانابوێرم، چەند جارێک چوومەتە خوازبێنی، بەڵام باوکی بەبێ هیچ هۆکارێک کچەکەم ناداتێ، هەر تەنیا ئەوەندە دەڵێت جارێ کچەکەم بەشوو نادەم، لە کاتێکدا کچەکە تەمەنی ئاسایی شووکردنی تەواو کردووە".

ئەو کوڕە لەگەڵ کچەکە پلانێکیان دانابوو، هاتبوو بۆ ئەوەی بزانێ پلانەکەیان تا چەند یاساییە؟ سەردەگرێ یان نا، پلانەکەشیان ئەوە بوو لەگەڵ کچەکە بچێتە دادگا و بەبێ پرسی کەسوکارەکەی گرێبەستی هاوسەرگیری بکەن، لەوێ بەدوای باوکیدا بنێرن کە کچەکەی شوو بەو کوڕە دەکات و ناگەڕێتەوە لای. بە کوڕەکە ڕاگەیەنرا کە مادام هەردووکتان تەمەنی یاسایی شووکردن و ژنهێنانتان تەواو کردووە، دەتوانن ئەو کارە بکەن، بەڵام دادگا ناتوانێ بانگی باوکی بکات، لەو حاڵەتەدا دەبێ سکاڵا هەبێ، ئینجا بانگی باوکی دەکرێ. وا باشترە ڕەزامەندی کەسوکارەکەتان وەربگرن، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا کێشەی کۆمەڵایەتیتان بۆ دروست نەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ بانگی باوکی کچەکە بکرێ و ئامۆژگاری بکرێ کە ڕێ لە شووکردنی کچەکەی نەگرێ.

دوای کوڕەکە، کچەکەش هاتە لامان و گوتی من ئیدی ناگەڕێمەوە ماڵ ئەگەر باوکم ڕازی بێ یان نا من شوو بەو کوڕە دەکەم. قسەکردن لەگەڵ باوکم بێ سوودە، چونکە بەس من دەزانم چەند ڕقی لەو کوڕە دەبێتەوە، چەند جارێک پێمگوتووە من شوو بەو کوڕە دەکەم، بەڵام باوکم تەنیا یەک قسە دەزانێ "من جارێ بە شووت نادەم، ناتدەم بەو کوڕە، خێزانەکەیان باش نین و لەگەڵ ئێمە ناگونجێن". بە کچەکە ڕاگەیەنرا کە بەپێی یاسا مافی خۆتە شوو بکەی، بەڵام ڕەزامەندیی کەسوکارەکەشت گرنگە.

کوڕەکە حەزەری هەبوو لەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەریی قسەکانی کچەکە، بۆیە گوتی "من ناتوانم بەو شێوەیە مارەت بکەم، چونکە باوکت هەڕەشەی لێکردووم کە وازت لێ بهێنم، بۆیە حەز دەکەم بانگی باوکت بکەن و لێرە قسەی لەگەڵ بکەن، بەڵکو ڕازی ببێ و مارەکردنەکە بەبێ کێشە کۆتایی بێ".

بانگی باوکی کچەکە کرا، کاتێک کچەکەی بینی لەگەڵ کوڕەکە هانایان بۆ پۆلیس بردووە، زۆر گلەیی لە کچەکەی کرد کە نەدەبوایە کارەکە بگاتە پۆلیس، کچەکەش گوتی ناچار بووە وا بکات، چونکە قسەی خۆش لەگەڵ ئەو سوودی نەبووە. بۆ باوکی کچەکە ڕوونکرایەوە کە کچەکەی مافی خۆیەتی شوو بکات، ئەگەر ڕێگری لێ بکات ئەوە بەپێی یاسا تاوانبار دەبی و سزا دەدرێی، بۆیە باوکی کچەکە ڕازی بوو کچەکەی شوو بە کوڕەکە بکات، بەڵام کارەکە دەبێ بەپێی عورفی کوردەواری بەڕێوەبچێ، واتا سەرەتا ژن بێن داوای کچەکە بکەن، پاشان ئەوان وەڵامیان بدەنەوە و دواتر مەلا بێنن و مارەی بکەن، ئینجا لە دادگا گرێبەست بکەن. باوکەکە کچەکەی پێشکەشی کوڕەکە کرد، بەڵام گوتی حاشاتان لێدەکەم و سەردانتان ناکەم و سەردانیشم مەکەن. کچەکە بەو مەرجەی باوکی ڕازی بوو، شووی بە کوڕەکە کرد.

بەپێی یاسای باری کەسی، هەر کەسێک ڕێ لە هاوسەرگیری بگرێ، ئەگەر ڕێگرەکان لە خزمی پلە یەک بن، ئەوە سزا دەدرێن بە بەندکردن کە لە دوو ساڵ کەمتر نەبێ و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێ.

## داوای 10 هەزار دۆلاریان لە بکوژەکە کردووە

# خۆی لەسەر کێشەیەکی هاوڕێکەی بەکوشتن دا

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

(س.ع) ی تەمەن 30 ساڵان بەسەر دەمەقاڵێی نێوان براکەی و یەکێک لە شاگردەکاندا دەچێ کە لە خواردنگەی براکەی کاری کردووە، پەلاماری شاگردەکە دەدات کە گەنجێکی تەمەن بیست ساڵانە بەناوی (م). ئەمە دەبێتە سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی کێشە لەنێوان ئەوان و هاوڕێیەکی (م) بەناوی (خ. ف)، لەو کێشەیەدا (خ) دەکوژرێ و (س)یش دەکەوێتە زیندان.

براکانی (س.ع) لە هەولێر خواردنگەیەکی بچووکیان هەیە و ڕۆژانە کاری تێدا دەکەن. (س) لە نزیکی ماڵیان لە پارچە زەوییەکی بەتاڵدا خەریکی باڵندە بەخێوکردنە. کاتێک بۆ نانخواردن دەچێتە چێشتخانەکەیان، دەبینێ برا بچووکەکەی کە تەمەنی 18 ساڵانە، لەگەڵ یەکێک لە شاگردەکانیان بەناوی (م) کە هاوتەمەنن، دەبێتە کێشەیان. (س ) دەڵێت "کاتێک چوومە خواردنگەکە، بینیم (م) کە مێرمنداڵێکە و هاوڕێ و هاوتەمەنی من نییە، دەمانچەکەی دەرهێناوە و دەیەوێت تەقە لە براکەم بکات، بۆیە پەلامارم دا، لێمدا و دەمانچەکەم لێسەند. دواتر زۆر هەوڵیدا دەمانچەکەی بدەمەوە، بەڵام نەمدایەوە، بۆیە چووە لای پۆلیس و سکاڵای لەسەرم تۆمار کرد، منیش پێمگوت بڕۆ سکاڵاکە بکشێنەوە، دەمانچەکەت دەدەمەوە".

(م) لەبری کشاندنەوەی سکاڵاکە، چوو ناسیاوێکی خۆی بەناوی (خ. ف) هێنا کە کوڕی یەک گەڕەکن و منداڵی گەڕەکی شەهیدانی سێتاقانن، بەڵام (س) دەمانچەکەی ناداتەوە.

### داوای 10 هەزار دۆلاری لێکردم

(س) باس لەو گەنجە دەکات کە کوشتوویەتی و دەڵێت: "دوای بانگی عەسر بوو، (خ) لەگەڵ (م) هات بۆ شوێنی کۆترەکانم، کە ئەوکاتە من و هاوڕێیەکم بەناوی (ر) دانیشتبووین، (خ) داوای 10 هەزار دۆلاری کرد لەحەقی ئەوەی من لە (م)م داوە کە ناسیاوی ئەوە، دواتر سکاڵاکەیان دەکشێننەوە، بەڵام من ئامادە نەبووم ئەو پارەیە بدەم".

### شەڕە تەقەی نێوان (خ) و (س)

لەبەرئەوەی (س) ئامادە نەبوو لەگەڵیان ڕێکبکەوێت، شەڕ لەنێوانیان دروست دەبێت، (س) دەڵێت: "ڕازی نەبووم لەگەڵیان ڕێکبکەوم، بۆیە بووە دەمەقاڵێمان، (خ) دەمانچەی دەرهێنا، ئێمەش هەڵهاتین، بەڵام ئەو تەقەی لێکردین، دواتر بە ئۆتۆمبێل دوامانکەوت، لەلای هۆتێل فەرید لە گەڕەکی سێتاقان دووبارە تەقەی لێکردینەوە، منیش بە دەمانچەکەی (م) ڕووبەڕووی بوومەوە و تەقەم لێکرد، گوللەیەکم لە ڕانی دا، ئەویش بە برینداری هەڵات".

دوای ئەوەی (خ) بە دەستی (س) بریندار دەکرێ، (م) دەیگەیەنێتە نەخۆشخانە و دوای ڕۆژێک مانەوەی لە نەخۆشخانە، و بەهۆی خوێنبەربوونەوە گیانی دەردەچێ، (س) و (ر)ی هاوڕێی کە بەهۆی ڕووداوەکەوە هەڵاتبوون، ڕۆژێک دواتر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێن و ئێستا هەردووکیان لە زیندانن.

(ر) کە بەهۆی ڕووداوەکەوە دەستگیرکراوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "من هیچم نەکردووە، هیچ پەیوەندییەکیشم بە کێشەی نێوان ئەوانەوە نییە".

(س ) پێیوایە شەڕ یەخەی گرتووە، ئەگینا ئەو بەنیازی کوشتنی (م) نەبووە. (س) دەڵێت: "ئەوان یەخەیان پێگرتم و دەیانویست پارەم لێبستێنن، من کوڕی بنەماڵەیەکی ناسراوی ئەو شارەم، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم شارە حەزیان بە نەمانی (خ.ف) دەکرد، چونکە کەسێک بوو ڕەوشتی باش نەبوو، چەندینجار بەهۆی هەڵسوکەوتەکانی زیندانی کراوە و حوکم دراوە، بەڵام هەموو جارێک دوای ئازادبوونی لە زیندان دووبارە هەمان کردەوەی دووبارە کردووەتەوە".

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەبارەی ئەم کەیسەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای ئاگاداربوونمان لە حاڵەتی کوشتنی کەسێک بە دەمانچە، پۆلیس دەستبەجێ گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە. شەڕەکە لە نێوان دوو گەنج بووە، دوای ڕۆژێک توانرا تاوانبارەکە دەستگیر بکرێ، کەسی کوژراویش دوای گەیشتن بە نەخۆشخانە و ڕۆژێک مانەوەی لەوێ، بەهۆی خوێنبەربوونەوە گیانی دەرچووە". گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر ئاماژەی بەوەدا کە هەتا ئێستا هیچ کەسێکی کوژراوەکە سکاڵای لەدژی تۆمەتبارەکە تۆمار نەکردووە.

سەبارەت بە پێشینەی تاوانی کەسی کوژراویش، گوتەبێژی پۆلیس هەولێر گوتی "پێشتر چەند جارێک زیندانی کراوە و حوکمیش دراوە، بەڵام نزیکەی ساڵێک دەبێت ئازاد کرابوو".



# مزگەوتێکی چوارقوڕنە دەکرێتە قوتابخانە

عومەر چاوشین
رووداو- رانیە

بەهۆی کەمیی باڵەخانەی خوێندن لە ناحیەی چوارقوڕنەی سەر بە قەزای رانیە، بەشێکی مزگەوتێکی شارۆچکەکە دەکرێتە قوتابخانە.

بە بڕیاری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رانیە، بۆ ئەمساڵی خوێندن بەشێکی مزگەوتێکی ناحیەی چوارقوڕنە کراوەتە شوێنی خوێندنی 120 قوتابیی قۆناغی بنەڕەتی (67 کوڕ و 55 کچ).

پشکۆ محەممەد، دانیشتوویەکی ئەو گەڕەکەی مزگەوتەکەی لێیە، بە (رووداو)ی گوت: "بەهۆی کەمیی باڵەخانەی قوتابخانە و قەرەباڵغیی پۆلەکان، بۆ ئەمساڵی خوێندن بڕیار درا قوتابخانەیەک بەناوی قوتابخانەی باڵای بنەڕەتی، لە نێو مزگەوتی سەید ئەمین لە گەڕەکەکەمان بکرێتەوە". گوتیشی: "کە ئەو قوتابخانەیە کرایەوە، زۆر هەوڵمان دا کە منداڵەکانی گەڕەکەکەمان لەو قوتابخانەیە بخوێنن، بەڵام پەروەردە ڕێگەی نەدا".

غەریب ئەحمەد، بەڕێوەبەری ئەوقافی راپەڕین پشتڕاستی کردەوە کە بەشێکی مزگەوتێکیان دراوە بە پەروەردە بۆ ئەوەی قوتابخانەیەکی بنەڕەتی تێدا بکەنەوە. غەریب ئەحمەد گوتی: "لەسەر داوای وەزارەتی پەروەردە لە سنوورەکە بەشێکی مزگەوتی سەید ئەمین کراوە بە قوتابخانە. ئێستا قوتابییەکان لە نهۆمی دووەمی مزگەوتە و ژێرزەمینەکەی دەخوێنن".

بەڵام بە گوتەی غەریب ئەحمەد، ئەو هۆڵ و ژوورانەی قوتابییەکان وانەی تێدا دەخوێنن، نەک هەر بە کەڵکی خوێندن نایەن، بەڵکو زۆریش خراپن، چونکە شوێنەکە پێشتر کۆگا بووە و زۆر تاریکە، هەتاو لێی نادات".

بوونی ئەو قوتابخانەیە لە نێو مزگەوتێکدا لە کاتێکدایە چەندین باڵەخانەی حکومی کە قوتابخانەشیان تێدایە، لەلایەن حیزبەکانەوە داگیرکراون و چۆڵی ناکەن. (رووداو) لەسەر ئەو قوتابخانەیە پەیوەندی بە گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردە و دوو بەرپرسی پەروەردەی رانیەوە کرد، بەڵام بە بیانووی نەبوونی زانیاری ئامادەنەبوون لێدوان بدەن.

## ئەوقافی رانیە

## شوێنی خوێندنی قوتابییەکان تاریکە و هەتاو لێی نادات

کاسترۆ مەعروف، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت ئاگادارە کە قوتابخانەیەکی سنووری پەروەدەی رانیە لە نێو مزگەوتێکدایە. کاسترۆ دەڵێت "ئەو شوێنە نەک هەر بۆ قوتابخانە بەڵکو بۆ مزگەوتیش گونجاو نییە، شوێنی خوێندنی قوتابیەکان بە هیچ جۆرێک هەتاو لێی نادات، ئەمەش کاریگەری زۆری دەبێ لەسەر دەروونی قوتابی، رەنگە تووشی نەخۆشیشیان بکات".

کاسترۆ گوتی کە زانیاری هەیە لەو دەڤەرە باڵەخانەی قوتابخانە داگیر کراوە، بەڵام قوتابی لەبەر بێ جێگەیی لە نێو مزگەوت دەخوێنن. ئەو دەڵێت نەدەبوو مامۆستا و کەسوکاری قوتابیان قبوڵ بکەن رۆڵەکانیان لە شوێنێک بخوێنن کە هیچ مەرجێکی پەروەردەی تێدا نییە "بەڵام بەداخەوە هەندێک بەڕێوەبەر و مامۆستا بۆ ئیمتیازات هەموو شتێک قبوڵ دەکەن".



120 قوتابی لە هۆڵی مزگەوتێکی چوارقوڕنە دەخوێنن

کاسترۆ باسی دیاردەیەکی دیکەشی کرد کە لە هەندێک قوتابخانەدا هەیە و دەڵێت: "زۆربەی قوتابخانەکان ژمارەی قوتابییان زۆر زۆرە، سەرباری ئەوەش زۆرجار ژوورێکی قوتابخانەکە کراوەتە شوێنی نوێژکردن، ئەمەش لەسەر حیسابی قەرەباڵغبوونی ژوورەکانی دیکە تەواو بووە". گوتیشی: "تەنیا لە چوارقوڕنە لە 10 قوتابخانە، ژوورێک کراوەتە مزگەوت".

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت یاداشتێکی لەبارەی ئەو قوتابخانەیە ئامادە کردووە و بەنیازە بیداتە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی.

# رێکخراوێکی ئیتالی هیوا بە بێهیواکانی جەنگ دەبەخشێتەوە

سامان بەشارەتی
رووداو- سلێمانی

ئەحمەد منداڵێکی تەمەن شەش ساڵە و خەڵکی مووسڵە، ئەو کاتەی دەیەوێت لە شەڕی نێوان سوپای عێراق و چەکدارانی داعش هەڵبێت، مینێکی چێنراوی پێدا دەتەقێتەوە و قاچی چەپی لەدەستدەدات. هەر لەو رووداوەدا تەواوی ئەندامانی خێزانێکی دراوسێشیان دەکوژرێن. ئەحمەد بەهۆی ئەوەی لەڕووی دەروونییەوە تووشی شڵەژان هاتووە، تا ئێستا هەوڵەکان لەگەڵی بێسوود بوون بۆ ئەوەی دووبارە قسە بکات.

فیراس یونس کە خاڵی ئەحمەدە بە (رووداو)ی گوت: "باری دەروونیی ئەحمەد زۆر خراپە و تووشی شۆک بووە، لەهەموو شتێک دەترسێ، بەتایبەت کە ناوی داعش بهێنرێ".

بەشێک لەو قوربانیانەی لە مەڵبەندی راهێنانەوەی ئێمرجنسی- سلێمانی دەبینرێن، لە مووسڵی وێرانەی شەڕی داعشەوە هاتوون، بەهۆی ئەو بۆمبە چێندراوانەی داعش لەوێ دەیشاردنەوە، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی مووسڵ گیانیان لەدەستداوەو بەشێکیشیان وەکو ئەحمەد بەشێکی جەستەیان لەدەستداوە.

خەتاب محەممەد کە قوربانییەکی جەنگە دەڵێت: "دەپەڕینەوە بۆ گۆگجەلی، سوپای عێراق لە گۆگجەلی بەلای گۆڕستانێکدا تێدەپەڕین داعش بەهاوەن لێیدان و ئێمە وماڵی پوورم کە پێکەوە بووین، بەرکەوتین. کوڕی پوورم هەر لەوێ کوژرا، منیش قاچم پەڕی و دایکم دەستی بریندار بوو، خوشکەکەم قاچی بریندار بوو، پوورم و دوو منداڵیشی بریندابوون".

## تاوەکو ئێستا 10 هەزار پەلی دەستکردی بۆ قوربانیانی مین و تەقەمەنی دروستکردووە

پەلە دەستکردەکانی مەڵبەندی راهێنانەوەی ئێمرجنسی — سلێمانی، تەنیا هیوای قوربانیانن، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دەست بە ژیان بکەنەوە.

مین و تەقەمەنییەکان دوای ساڵانێکی زۆریش دەتوانن خەڵک لەنێو ببەن. تاوەکو ئێستاش تیمەکانی هەڵگرتنەوەی مین، سەرجەم مین و تەقەمەنییەکانی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران-عێراقیان پووچەڵ نەکردووەتەوە. رێبوار یەکێکە لەو قوربانیانەی کە مین پێیدا تەقیوەتەوە و هەردوو قاچی لەدەستداوە. ئەو دەڵێت "لە ساڵی 2002 وام لێهات، لەوکاتەوە سەردانی ئەم نەخۆشخانەیە دەکەم، ئەمە چوارەم جارە قاچم بۆ دروستدەکەن، هەر کاتێک ئازارم هەبێت یان قاڵبەکەم تێکبچێت دێمە ئێرە و بۆم چاکدەکەنەوە".

ئەوانەی دێنە سەنتەرەکە تەنیا قاچ و دەستیان بۆ دروستناکرێ، بەڵکو هەوڵ دەدرێ لە ماوەیەکی دیاریکراودا پیشەیەکی خۆژێنیشیان فێر بکەن.

فریاد قاچێکی لەدەستداوە، لە دوای ئەوەی کە فێری دارتاشییان کردووە، هەر لەلایەن مەڵبەندی ئێمێرجنسییەوە دوکانێکیان بۆ داناوە، بۆ ئەوەی بژێوی رۆژانەی خۆی و منداڵەکانی پەیدا بکات.



دوو لە قوربانییانی مین لە مەڵبەندی راهێنانەوەی ئێمرجنسیی سلێمانی

فریاد کەریم بە (رووداو)ی گوت: "کاتێک قاچم لەدەستدا نائومێدبووم لە ژیان گوتم ئیدی ژیانم نییە، بەس سوپاس بۆ خوا کە چوومە ئێمێرجنسی قاچیان بۆ دروستکردم و هاوکارییان کردم بۆ ئەوەی بچمە دەورەی دارتاشییەوە، دواتریش لەسەر ئەرکی خۆیان دووکانێکیان بۆ دانام و ئێستا بژێوی پێنج منداڵەکەم لەسەر ئەم دووکانەیە".

رێکخراوی ئێمێرجنسی ئیتاڵی لە ساڵی 1994 لە ئیتاڵیا دامەزراوە و دکتۆر جینۆ سترادا وەک بەڕێوەبەری جێبەجێکار بەڕێوەی دەبات. رێکخراوەکە لە ساڵی 1998 ەوە لە کوردستان دەستی بەکار کردووە و مەڵبەندێکی راهێنانەوەی لە سلێمانی دامەزراندووە.

مەڵبەندەکە لەو ماوەیەی لە کوردستانە 10 هەزار پەلی دەستکردی بۆ قوربانیانی مین و تەقەمەنی دروستکردووە. 22 هەزار پەلی دەستکردی چاککردووەتەوە یان گۆڕیویەتی. 97 خانووی بۆ کەمئەندامان نۆژەنکردووەتەوە. هەروەها 364 وەرشەی کارکردنی بۆ کەمئەندامان داناوە.

هاوار مستەفا، بەڕێوەبەری گشتی ئێمێرجنسی ئیتالی لە عێراق دەڵێت: "مەڵبەندی راهێنانی ئێمێرجنسی ئیتاڵی هیوایەکە بۆ هەزاران کەمئەندام و بەهەزاران لەوانەی کە دەست و قاچیان پەڕیوە بەهۆی مین و تەقەمەنییەوە، ئیدی کە دێن بۆ ئێرە کارمەندەکانمان لە دەرگاوە تاوەکو دەچێتە دەرەوە لە خزمەتیاندا دەبین، ئێمە مەبەستمانە باشترین خزمەتگوزارییان پێشکەش بکەین، بە دروستکردنی پەلی دەستکرد بۆیان، چ قاچ بێت یان دەست، کە دەڕواتە دەرەوە بە خەندە و پێکەنینەوە دەگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگە".

## کوردستان ڤاڵمارای بەداخستن دا

ڤاڵمارا یەکێکە لە مینە مەترسیدارەکان، کاتێک دکتۆر جینۆ سترادا، دامەزرێنەری رێکخراوی ئێمێرجنسی ئیتاڵی دێتە کوردستان و دەبینێ بە هەزاران مینی ڤاڵمارا چێندراون، بڕیار دەدات دوای گەڕانەوەی بۆ ئیتاڵیا، دەست بە هەڵمەتی کەمپین و نارەزایەتی بکات بۆ داخستنی ئەو کارگە ئیتاڵییەی ئەو جۆرە مینەی دروست دەکرد. ساڵی 1998 ئامانجەکەی بەدیهێنا و کارگەی بەرهەمهێنانی ڤاڵمارا داخرا.



# چایچییەک خاڵی هاوبەشی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانە

فەرهاد چۆمانی
رووداو- هەولێر

ماوەی 20 ساڵە بەبێ ئەوەی تاکە رۆژێکیش لە کارەکەی پشووی وەرگرتبێ یان دواکەوتبێت، وەک چایچی پەرلەمانی کوردستان کار دەکات. مەهدی تەمەنی 40 ساڵە و خەڵکی دەوروبەری هەریرە، لەمنداڵییەوە لە شاری هەولێر دەژی. لە خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستانەوە چایچییە، تاکە کەسێک کە چای پێنەداوە جەوهەر نامیق سالم، سەرۆکی کۆچکردووی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستانە. تاوەکو ئێستا سەدان پەرلەمانتار گۆڕاون و ئەو هەر لەسەر کارەکەی بەردەوامە.

هۆگریی مەهدی بۆ قۆری و چادان بەجۆرێکە، لە کاتێکدا ماڵباتەکەشیان تازیەبار بووبن ئەو هەر هاتووەتەوە سەر کارەکەی خۆی. ئەو دەڵێ بەرلەوەی لە پەرلەمانی کوردستان وەک چایچی دەستبەکار ببم، پێشتر جار جار لە پرسەکاندا چایم بۆ میوانانی پرسە تێکردووە.

مەهدی رۆژانی سەرەتای کارکردنی لە چایخانەی پەرلەمان باس دەکات و دەڵێ "سەرەتا من هاتمە لای مام عەباس کە لێرە چایچی بوو. رۆژانی سەرەتا کارەکە بۆ من زۆر زەحمەت بوو، لەنێو ئەو هەموو ژوور و ڕاڕەو و بینا گەورەیەدا هیچ شوێنێکم پێ نەدەزانی، ئەگەرچی ئەودەم تەنیا فراکسیۆنی سەوز، زەرد و پێنج ئەندامی ئاشوورییەکان هەبوون، بەڵام هێشتا بۆ من زۆر سەخت بوو، بەڵام ئێستا کە ژمارەی فراکسیۆنەکان زۆر زیاترن، کارەکە بۆ من زۆر ئاسانە و رۆژێک بەبێ قۆری و چایدانەکانم هەڵناکەم".

## لە سەرۆکەکانی پەرلەمان تەنیا جەوهەر نامیق سالم چای دەستی مەهدی نەخواردووەتەوە

رۆژانە سەدانجار زەنگی تەلەفۆنی چایخانەکەی لێدەدا، هەرجارەو لە فراکسیۆن و ژوورێکەوە داوای چای و قاوە دەکرێ، ئەندامانی پەرلەمان میوانیان دێن، میوان کەسێک بێت یان دەیان میوان بن دەستبەجێ چایی و قاوە ئامادەیە و دەیگەیەنەتە بەردەستیان.

پەرلەمان شوێنی کێشمەکێشی سیاسی و هەندێکجار گفتوگۆی توندیشە، فراکسیۆنە جیاوازەکان شەڕی بردنەوەی زۆرترین دەستکەوت دەکەن، لەنێو ئەم پەرلەمانەدا مەهدی ماوەی بیست ساڵە بەبێ جیاوازیکردن لەنێوان ئەندامانـدا کارەکانی خۆی دەکات، ئەمەش وایکردووە هەموو فراکسیۆنەکان متمانەی تەواوی پێ بکەن و دوای هەر گفتوگۆیەک چایەکی دەستی مەهدیش بخۆنەوە.

کە چووینە پەرلەمان لەگەڵ مەهدی یەک بە یەک سەرمان بە ژووری فراکسیۆنەکاندا کرد. بەشێک لە ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕان لە ژوورەکەیان دانیشتبوون، وەک ئەوەی چاوەڕێی مەهدی بکەن پێشوازییان لێ کرد. مەحموود حاجی عومەر، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لەبارەی مەهدی دەڵێ "ئێمە متمانەی تەواومان بە مەهدی داوە، یەکێک بووە لەو کەسانەی ئەهلی متمانەیە و وەک یەکێک لە خانەوادەی خۆمان دایدەنێین".

بۆ ئومێد خۆشناو زۆر خواردنەوەی چایی و قاوە پەیوەندیدار بووە بە دەستاوی مەهدی چایچی. لە مەهدیشدا خۆشەویستی بۆ کارەکەی خۆی لە هەموو شتێک زیاتر سەرنجی ئەوی راکێشاوە.

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ: "من رۆژانە میوانی زۆرم دێن، چای و قاوەکانی مەهدیش دەم و جەمیان نییە، بەهۆی خۆشیی قاوە و چاییەکانی ئەو ماوەیەک بڕیارمدا خواردنەوەیان تەرک بکەم، بەڵام ئێستا دووبارە دەستم پێکردووەتەوە".

تەلار لەتیف، ئەندامی فراکسۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان بەر لەوەی ببێتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان وەک میوان چەند جارێک سەردانی پەرلەمانی کردووە و ئێستاش پەرلەمانتارە، ئەو سەربوردەی خۆی لەگەڵ مەهدی باس دەکات و دەڵێت: "من لە خولی پێشوو وەک میوان هاتوومەتە پەرلەمان، ئێستاش کە پەرلەمانتارم لە هەردوو کاتەکەدا قاوە و چایی خۆشم خواردووەتەوە، مەهدی بووەتە نموونەی ئاکار و ئەدەبێکی جوان بۆ ئەو هاوڕێیانەشی کە لە چایخانەکەدا کاری لەگەڵ دەکەن".

رۆژێ دەیانجار لە دەرگای فراکسیۆنە جیاوازەکان دەدات، ئەو بە چای و قاوەی گەرمەوە و ئەندامانیش بە سۆز و خۆشەویستییەکی گەرمەوە فەرمووی لێ دەکەن. جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە نووسینگەکەی خۆی کارەکانی دەکات و چاوەڕێیە مەهدی بە قاوەیەکی قەزوان ماندووبوونەکەی بڕەوێنێتەوە.

جەعفەر ئیمنکی دەڵێ: "ئێمە سەربەرزین کە میوانەکانمان دێن قاوە و چایی خۆش دەخۆنەوە، مەهدی کوڕێکی دڵسۆزە و کارەکەی خۆی خۆشدەوێ، من زیاتر چایی دەخۆمەوە، بەڵام قاوەیەکەشی نائاساییە و نایابە".

پەرلەمانی کوردستان لە خولی چوارەم دایە، خولەکان بەدوای یەکدا دێن و مەهدیش لێبڕاوانە بەردەوامە لەسەر کارەکەی.



مەهدی 20 ساڵە چایچیی پەرلەمانی کوردستانە

# لە کوردستان پزیشک و نەخۆش لە یەکدی رازی نین

سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی

بەپێی راپرسییەکی (رووداو)، نە هاووڵاتیان لە پزیشکان رازین، نە پزیشکانیش لە هاووڵاتیان. شارەزایەکی سیستمی تەندروستیش دەڵێ ناکرێ پزیشکی باش و پزیشکی کەمتەرخەم هەمان مووچە و پێزانینیان هەبێ، وەک ئەوەی لە کوردستان هەیە.

پەیوەندیی نێوان پزیشک و نەخۆش لە بناغە گرنگەکانی پیادەکردنی زانستی پزیشکییە. زۆربەی زانکۆ و کۆلێژە پزیشکییەکان وانەی تایبەت لەوبارەیەوە بە قوتابییەکانیان دەڵێنەوە، بەڵام راپرسییەکی (رووداو) دەریدەخات زۆرینەی رەهای خەڵک لە کوردستان جیاوازی دەبینن لە شێوازی مامەڵەی پزیشک لە نەخۆشخانە حکومییەکان لەلایەک و کلینیک و نەخۆشخانە ئەهلییەکان لەلایەکی دی.

راپرسییەکە لە رێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک کراوە و 2100 کەس بەشدارییان تێدا کردووە. تەنیا 10%ی بەشداربووان وای دەبینن پزیشک لە نەخۆشخانەی حکومی و کلینیکەکەی، وەکو یەک لەگەڵ نەخۆش رەفتار دەکات.

بێریوان رێوار، یەکێک لە بەشداربووانی راپرسییەکە دەڵێ: "لە نەخۆشخانەی حکومی زۆر بە بێباکی پێیانگوتووم وەرە بۆ عیادەکەم. ئەو دکتۆرەی وای پێیگوتم زۆریش خۆی پێ دیندار و موسوڵمان بوو".

## پزیشکانیش ناڕازین

بۆ دەرخستنی روانینی پزیشکان بۆ هەڵسوکەوتی نەخۆشەکانیان، (رووداو) ئەم پرسیارەی ئاراستەی پزیشکان کردووە: تا چەند لە هەڵسوکەوت و پێزانینی نەخۆش بەرامبەر پزیشک لە کوردستان رازیت؟ بۆ راددەی رەزامەندییەکەش ئەم پلانە دیاریکران: (0%، 25%، 50%، 75% و 100%). لە راپرسییەکەدا 208 پزیشک بەشدارییان کرد، بەڵام تەنیا چوار پزیشک کە دەکاتە 2%ی بەشداربووان 100% لە نەخۆش رازی بوون. 115 پزیشکیش کە دەکاتە 55%ی بەشداربووان، بە رێژەی 25% رازی بوون.

راپرسییەکی (رووداو)

**90%ی خەڵک دەڵێن مامەڵەی پزیشک جیاوازە لە کلینیک و لە نەخۆشخانە**

**تەنیا 2%ی پزیشکان بە تەواوی لە هەڵسوکەوتی نەخۆش رازین!**

## "هەڵە گەورەکە لە نۆڕینگەیە"

پزیشکێکی پسپۆڕ بە پێویستی نازانێ پزیشکان عیادەیان هەبێ، بە مەرجێ تەواوی ئەرک و مافەکانیان لە نەخۆشخانە حکومییەکان بۆ دابین بکرێ.

د.زانیاری نووری عوسمان، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەناوی و پزیشکی پسپۆڕی هەناو، دەڵێ "ئەم سیستمی عیادەیە حکومەتەکانی عێراق دایاننا، ئەویش چونکە بەپێی هەوڵ و ماندووبوونی پزیشکەکان، مووچەیان پێ نەدەدان، بۆیە ئازادیان کردن لە رێگەی کلینیکی تایبەتەوە قەرەبووی ئەو کەموکورتییەی مووچەکەیان بکەنەوە".

د.زانیار پێیوایە بەشێکی بەرچاوی ئەو جیاوازیی مامەڵەیەی هەیە لە نێوان نەخۆشخانە و کلینیک بە ئەنقەست نییە "لە نەخۆشخانە لە چوار کاژێردا 150 نەخۆش دەبینی، پشکنینی پێویست نییە و کارەکان بە ئاسانی بەدەستەوە نایەن، بەڵام لە عیادە لەوانەیە 20 نەخۆش ببینی، هەموو پشکنینێک هەیە و هەموو دەرمانێکیش بەردەستە، بۆیە سەیر نییە لە عیادەکە نەخۆشەکە هەست بە گرنگیپێدانی زیاتر بکات".

بەڵام دکتۆر زانیار بەدووریشی نازانێ بەشێک لە پزیشکان بە ئەنقەست ئەو جیاکارییە بکەن و هانی خەڵکی بدەن سەردانی عیادە بکەن "ئێمەش بەشێکین لەم کۆمەڵگەیە، چۆن بەقاڵ و فیتەر و مامۆستای خراپ هەن و ناکرێ بگشتێنرێن، لەنێو ئێمەش پزیشکی خراپ هەن و ناکرێ بەهۆیانەوە باشیی هەموو پزیشکەکان لەبیر بکرێ".

پزیشکە پسپۆڕەکە بە سەختی دەزانێ هاووڵاتیان بتوانن سیستمی تەندروستی و کاری پزیشکان هەڵبسەنگێنن و دەڵێت "جارێ سەرەتا دەبێ خەڵک بزانن ئیشی پزیشک و برینپێچ و پەرستار چییە، ئەوسا هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەن، من مامۆستای زانکۆم بینیوە برینپێچ هەڵەی هەبووە لە کەیسی منداڵەکەیدا، کەچی دەیگوت هەموو پزیشکانی ئەم وڵاتە خراپ و کەمتەرخەمن".

شارەزایەکی سیستمی تەندروستی دەڵێ، عێراق بەگشتی خاوەنی سیستمێکی تەندروستیی هێندە خراپە کە دایکی سیستمەکەش (رووسیا) بڕوای پێی نەماوە و گۆڕیویەتی.

د.رێبین زیخانی کە لە ئەمریکا بواری سیستمی تەندروستیی خوێندووە، بە (رووداو)ی گوت: "ئێمە خاوەن سیستمێکی سۆسیالیستیی مەرکەزیی دواکەوتووین کە لە وڵاتە سۆسیالیستییەکانیش باوی نەماوە و رووسیای داهێنەری ئەم سیستمە سۆسیالیستییە گۆڕیویەتی".

دکتۆر رێبین دەڵێ پێویستە دەسەڵات بۆ نەخۆشخانەکان شۆڕ بکرێتەوە و ئەوان بۆیان هەبێ مووچەی پزیشکی باش زیاد بکەن و هی پزیشکە خراپەکان کەم بکەنەوە، یان تەنانەت بتوانن دەریشیان بکەن "لێرە ئەو پزیشکەی بە باشترین شێوە لە نەخۆشخانە خزمەت دەکات و لەگەڵ نەخۆشەکانی رووخۆشە و شکۆیان دەپارێزێ، هەمان مووچەی پزیشکێکی کەمتەرخەمی هەیە کە کارەکانی لە نەخۆشخانە ناکا و لە نەخۆشەکانی تووڕە دەبێ، واتە رێوشوێنێک نییە هانی پزیشک بدات لەگەڵ نەخۆش بە باشی و رێکوپێکی مامەڵە بکات لە نەخۆشخانە حکومییەکان".

شارەزاکەی سیستمی تەندروستی بە هەڵەی دەزانێ پزیشکێک یان کارمەندێک بۆی هەبێ هەمانکات لە کەرتی حکومی و تایبەت کاربکات و تەنانەت کەرتی حکومی بکاتە بازاڕێک بۆ بەرەودان بە کارەکانی لە کەرتی تایبەت "دەبێ پزیشک سەرپشک بکرێ یان لە نەخۆشخانەی حکومی کاربکات، یان لە کەرتی تایبەت. ئەڵبەت ئەگەر مووچەیەکی زۆر باش لە کەرتی حکومی نەبێ، ئەوە هەمووی روودەکاتە کەرتی تایبەت، بۆیە پێش هەموو شت دەبێ گوزەرانی پزیشک لە نەخۆشخانەکان باش بکرێ و هێندەی کار و ماندووبوونیان مووچەیان پێ بدرێ".



هاووڵاتییان دەڵێن پزیشکان لە نۆرینگەکانیان رووخۆشترن

# ئەو خۆراکانەی دژی دڵەکزێن

رووداو- مێڵسکۆم

دڵەکزێ (راستییەکەی گرفتی گەدە و سووریێنچکە نەک دڵ)، ئازار و سووتانەوەیەکە لە سەرووی گەدە و پشت کۆڵەی سنگ کە بە زۆری لە ئەنجامی گەڕانەوەی ترشەڵۆکی نێو گەدە بۆ سورێنچک روودەدات. دەرکەوتووە ئەم خۆراکانە دڵەکزێ کەم دەکەنەوە:



1

**شوفان:** هەم هەستی تێرییەکی درێژخایەن دەبەخشێ و هەم دژی دڵەکزێیە، شوفان باشترین ژەمی بەیانیانە بۆ ئەو کەسانەی دڵەکزێیان هەیە.



2

**زەنجەفیل:** یەکێکە لە چارەسەرە میللییە دێرینەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرفتەکانی گەدە و ریخۆڵە، ئێستاش دەرکەوتووە دڵەکزێ کەم دەکاتەوە.



3

**ئەلۆڤێرا:** جگە لە خاسییەتەکانی لە چاککردنەوەی برین، ئەگەری روودانی دڵەکزێش کەم دەکاتەوە.



4

**مۆز:** ترشی و گەڕانەوەی ترشی گەدە بۆ نێو سورێنچک کەم دەکاتەوە لە زۆربەی خەڵکیدا، بەڵام 1%ی خەڵکی دەڵێن لەگەڵ خواردنی مۆز زۆرتر تووشی دڵەکزێ دەبن.



5

**کاڵەک:** هەمان روونکردنەوە لەبارەی مۆز، بۆ کاڵەکیش راستە



6

**مریشک و قەل:** بەبێ پێست و بێ سوورکردنەوە، گۆشتی پەلەوەرەکان دژی دڵەکزێن



7

**ماسی:** ئەمیش نابێ بەشێوەی سوورکراوە ئامادە بکرێ. ئامادەکردنی بەشێوازەکانی دیکە، دژی دڵەکزێیە



8

**کەرەوز:** جگە لەوەی دژی دڵەکزێیە، پڕە لە ئاو و کەمترین وزە دەدات و نابێتە هۆی قەڵەوی. هەروەها ئارەزووی خواردن کەم دەکاتەوە و پڕ ریشاڵی خۆراکییە.



9

**مەعدەنووس:** هەزاران ساڵە مەعدەنووس بەکارهاتووە بۆ گرفتەکانی گەدە و بەدهەرسی و ئێستاش خۆراکناسان رێنمایی دەدەنە ئەوانەی دڵەکزێیان هەیە، مەعدەنووس لە ژەمەکانیاندا زیاتر بکەن.



10

**بڕۆکلی و هاوپۆلەکانی:** کەلەرم، بڕۆکلی، کاهوو، پاقلەمەنییە سەوزەکان و هاوشێوەکانیان هەموو دژی دڵەکزێن.



11

**برنج و ساوەر:** ئەمانە خۆراکێکی سووکن لەسەر گەدە و دژی گەڕانەوەی ترشی گەدەن بۆ نێو سورێنچک.



# واز لە خواردنی شەکری دەستکرد بهێنە

رووداو- مێڵس لاین

شەکری دەستکرد وەکو هیچ کانزا و ڤیتامینێک نادات جەستە، زیانی زۆریشی لێدەدات، بۆیە گرنگە هەموو مرۆڤێک بیر لە پلانێک بکاتەوە بۆ وازهێنانی یەکجارەکی لە خواردنی شەکری دەستکرد، یان کەمکردنەوەی، ئەویش لەبەر ئەو هۆکارانە.

### 1 - فرکتۆزێکی زۆر دەداتە جەستە:

شەکر لە گلوکۆز و فرکتۆز پێکهاتووە. گلوکۆز وەکو سەرچاوەی وزە لەلایەن خانەکانی جەستەوە بەکاردەهێنرێ، بەڵام فرکتۆر تەنیا لەلایەن جگەرەوە بەکاردەهێنرێ. کاتێک بڕێکی زۆر شەکر دەخۆی، بڕێکی زۆر لە فرکتۆز دەچێتە جگەر، کە دواتر فرکتۆزە زیادەکە وەکو چەوری لەسەر جگەر دەنیشێ و ئەگەر چارە نەکرێ، بۆ نموونە کەسەکە وەرزش نەکات، ئەو چەورییە جگەر پەکدەخات.

### 2 - هیچ کانزا و ڤیتامینێکی تێدا نییە:

شەکر تەنیا وزەیەکی بەتاڵە. بێئەوەی هیچ ڤیتامین و کانزایەک بدات، وزەیەکی زۆر دەدات. واتە هەم قەڵەوت دەکات، هەم رێگەت لێدەگرێ خۆراکە بەسوودەکان بکەیتە سەرچاوەی وزە.

### 3 - چەورییە زیانبەخشەکانی خوێن بەرزدەکاتەوە:

شەکری دەستکرد دەبێتە هۆی بەرەڵابوونی چەورییە زیانبەخشەکان لە جگەرەوە بۆ نێو سووڕی خوێن، بەهۆیەوە بڕی چەورییە زیانبەخشەکانی نێو خوێن زیاد دەکات. لە توێژینەوەیەکی نوێدا بۆ ماوەی 10 هەفتە چاودێری دوو گرووپ لە خەڵک کراوە کە 20%ی وزەی وەرگیراویان بەشێوەی شەکر پێدراوە. گرووپێکیان بەشێوەی گلوکۆز و گرووپێکی دیکە بەشێوەی فرکتۆز. لە ئەنجامدا، دەرکەوت گرووپی فرکتۆز ئەم جیاکارەوانەیان هەبوو:

- ئاستی چەورییە سیانییەکان (ترایگلیسراید) لە خوێنیان بەرزتر بوو
- ئاستی چەورییە هەرە زیانبەخشەکان (LDL، VLDL) لە خوێنیان بەرزتر بوو
- ئاستی شەکری خوێنیان بەرزتر بوو
- بڕی ئینسۆلینی خوێنیان بەرزتر بوو، خانەکانی جەستەیان کەمتر وەڵامیان بۆ کاری ئینسۆلین هەبوو
- چەوریی ورگیان زیاتر بوو.

بەگشتی ئەو 20% فرەکتۆزەی لە خۆراکەکاندا بوو، بەشێوەیەکی بەرچاو زیانی لە باڵانسی چەورییەکانی خوێن دا و رێگەی خۆشکرد بۆ کۆنیشانەی میتابڵیکی کە بەردی بناغەی تووشبوونە بە قەڵەوی، نەخۆشییەکانی دڵ، شەکرە و کەمبوونەوەی تەمەن.

### 4 - کاریگەریی ئینسۆلین کەم دەکاتەوە:

ئەرکی سەرەکی ئینسۆلین ئەوەیە شەکری نێو خوێن ئاراستەی خانەکانی بکات تاوەکو وەکوو سەرچاوەی وزە بەکاری بهێنن، بەڵام خۆراکی رۆژئاوایی و لەنێویاندا شەکری دەستکرد، وا لە خانەکانی جەستە دەکەن گوێڕایەڵی هۆرمۆنی ئینسۆلین نەبن و شەکرەکە وەربگرن، بەهۆیەوە ئاستی شەکری خوێن بەرز دەبێتەوە. کاتێک ئەمە روودەدات، پەنکریاس بڕی زۆرتری ئینسۆلین دەردەدات بۆ رزگاربوون لەو شەکرە زۆرەی نێو خوێن. زۆربوونی ئاستی ئینسۆلینی خوێن، وادەکات بڕێکی زۆرتری چەوری لە شانەکانی جەستەدا کەڵەکە ببێ و بەهۆیەوە قەڵەوی روودەدات. کاتێک پەنکریاس زۆر ماندوو دەبێ و توانای جارانی نامێنێ، دەبێ چاوەڕێی تووشبوون بە شەکرەی جۆری دوو بکەی.

### 5 - تووشی نەخۆشییە سەردەمییەکانت دەکات:

- **قەڵەوی:** جگە لە کالۆرییە زۆرەکەی، شەکری دەستکرد ئاستی هۆرمۆنەکانی ئینسۆلین و لێپتین تێکدەدات کە هەم ئارەزووی خواردن زیاد دەکەن، هەم کۆبوونەوەی چەوری لە جەستەدا زیاد دەکەن.
- **شەکرە:** شەکری دەستکرد هۆکاری سەرەکیی تووشبوونە بە شەکرە، بە رێگای ناڕاستەوخۆ
- **نەخۆشیی دڵ:** شەکری دەستکرد ئاستی کۆلیسترۆڵ و چەورییە سیانییەکان بەرز دەکاتەوە کە رێگە خۆشدەکەن بۆ تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن.

### 6 - شەکر ئاڵوودەت دەکات:

شەکر هاوشێوەی ماددە هۆشبەرەکانی وەک کۆکایین ماددەیەک لە مێشکدا دەردەدات کە پێیدەگوترێ دۆپامین و خۆشییەکی کاتی دروستدەکات. بۆیە سەرەتاکانی وازهێنان لە شەکر سەختن و جەستە هەمیشە داوای دەکات، تاوەکو لەگەڵ دۆخە نوێیەکە رادێی.

### 7 - شەکر هۆرمۆنی لێپتین ناکارا دەکات:

هۆرمۆنی لێپتین و گرێلین ئاماژە بە مێشک دەدەن کە ئیدی خواردن بەسە و کەسەکە بەشی پێویست خۆراکی وەرگرتووە. بەڵام زۆر خواردنی شەکری فرکتۆز کارایی ئەم دوو هۆرمۆنە کەم دەکاتەوە، بۆیە کەسەکە سەرەڕای خواردنی بڕی پێویستی خۆراک، هەر هەستی تێربوونی نییە و حەزدەکات زۆرتر بخوات.

# ئەمریکا ستراتیژێـــ بەرەنگاربوونـەوەی ئێـ



ئێستا 2000 سەربازی ئەمریکی لە سووریان
(فۆتۆ: AFP)

**ڕووداو- هەولێر**

لەگـەڵ ئاوابوونـی خەلافەتەکـەی داعش، جموجوڵی سـەربازیی ئەمریکاش لە ناوچەکە ڕووی لە کزبوون ناوە، بەڵام وەک بەرپرسـانی ئیدارەی ئەمریکـی ئاشـکرایان کـردووە، کۆشـکی سپی خەریکی داڕشتنی ستراتیژێکە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی ئێران کـە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا بە هەڕەشەیەکی گەورەتر و درێژخایەنتر لە داعشی دەزانن.

بەگوێـرەی ڕاپۆرتێکـی ڕۆژنامـەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، بەرپرسانی واشنتن سـەرقاڵی هەڵسەنگاندنی ئەوەن لە کوێ و بە چ شێوازێک بەرپەرچی فراوانخوازییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت بدەنەوە، لە کاتێکدا هەنگاوەکانی تاران هەر یەکە لە واشنتن، ڕیاز و تەلەڤیڤی تووڕە کردووە.

بەرپرسـێکی باڵای کۆشکی سپی بە (وۆڵ ستریت)ی ڕاگەیاند "سەرۆکایەتیی کۆشکی سپی مەبەستیەتی ڕێگە نەدات ئێران و گرووپەکانی سـەر بەو وڵاتە لە سووریا بنکە دابمەزرێنن و دواتر بۆ هەڕەشـە لەسەر هاوپەیمانەکانمان و خۆمان لە ناوچەکەدا بەکاری بهێنن".

بەرپرسـەکە ئەوەشـی خسـتووەتەڕوو کە کارەکان لە قۆناغی هەڵسەنگاندندان و "شێواز و ڕێگەی جیـاواز هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانە".

بەرپرسـانی ئاگادار لە پلانەکە ئاشـکرایان کـردووە کـە ژەنـەراڵ ئێچ ئاڕ مەکمەسـتەر، ڕاوێژکاری ئاسایشـی نیشـتمانیی سـەرۆکی ئەمریکا، لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا گوتارێک سـەبارەت بە سیاسـەتی ئەمریکا لە سووریا پێشکەش دەکات، لەوێدا تیشک دەخاتە سەر ستراتیژی نوێی واشنتن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران.

ئێستا 2000 سـەربازی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریان، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت یەکێک لەو پرسانەی لە گوتارەکەی مەکمەستەر و ستراتیژە نوێیەکەی ئەمریکادا پەنجەی لەسەر دابنرێت، ئـەوە بێت کە ئایا ئەرکـی بەرەنگاربوونەوەی ئێران بەو هێزە دەسـپێردرێت یان نا. پێشـتر جەیمـس مەتیس، وەزیـری بەرگریی ئەمریکا ڕایگەیاندبوو کە هێزەکانیان بۆ ماوەیەکی نادیار لە سووریا دەمێننەوە، تاوەکو دڵنیا بن لەوەی داعش جارێکی دیکە شـوێنی خۆی لە سووریا قایم ناکاتەوە و نابێتەوە بە هەڕەشەیەکی نوێ بۆ سەر ناوچەکە.

بـەڵام ژمارەیـەک بەرپرسـی ئەمریکی کە قسەیان بۆ ڕۆژنامەکە کردووە، دەڵێن ئەو هێزانە دەکرێت وەکوو بەشێک لە هەوڵەکانی ئەمریکا بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی پلانـی فراوانخوازیـی ئێـران لە ناوچەکە بەکاربهێنرێـن. هیلال یان کۆریدۆری شـیعی بەشێکی سـەرەکیی پلانی ئێران بۆ پەلهاویشتن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێکدەهێنێ کە خاڵی کۆتاییەکەی لە سووریا و لەسەر دەریای نێوەڕاستە. ئێران دەیەوێت بەو ڕێگایەدا چەک و تەقەمەنی بۆ هاوپەیمانەکانی خۆی لەسەر سنووری ئیسرائیل بنێرێ.

مـارک دوبویتـس، بەڕێوەبـەری گشـتیی ناوەندی بەرگریی لە دیموکراسـی لە واشنتن، دەڵێ "وجوودی سـەربازیی هێزەکانی ئەمریکا دەبێت بەشـێکی سـەرەکی بێت لە ستراتیژی سسـتکردنی ئێـران لـە ناوچەکـەدا، چونکە بەبـێ هێزی سـەربازیی ئەمریـکا هیچ نفوز و باڵادەستییەکی سیاسیش مومکین نییە".

ناوەنـدی بەرگریـی لـە دیموکراسـی پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئیدارەی ئێستای کۆشکی سپیدا هەیە.

لە سـێ مانگی ڕابـردوودا، دۆناڵد ترەمپ،

## پەیمانگەیەکی ئەمریکی:

# ڕەنگە ئێران لە سووریاش حەشدی شەعبی کۆپی بکات

**ڕووداو- هەولێر**

دوای نزیکەی حەوت سـاڵ لە شـەڕی نێوخۆی سـووریا، هاوسـەنگیی سـەربازی بەتەواوی بەلای ڕژێمـی دەسـەڵاتدارەدا شـکاوەتەوە. هێزەکانـی لایەنگری ئەسـەد توانیویانە دەست بەسەر زۆربەی ناوچە شارییە گرنگەکانی سووریادا بگرنەوە. یەکێک لـەو فاکتەرانەی ڕۆڵی سـەرەکی لە سـەرکەوتنی دیمەشقدا هەبوو میلیشیاکانی لایەنگری ڕژێم بوون. بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتێکـی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت لـە واشـنتن (MEI) ، هەمـان ئـەو میلیشیایانە لە داهاتوودا مەترسیی گەورە ڕووبەڕووی سەقامگیری و ئاشتەوایی سووریا دەکەنەوە.

لە قۆناغی بەرایی شەڕی نێوخۆی سووریادا، هێزە چەکدارەکانی حکومەتی سووریا نیوەی هێزی خۆی لەدەسـتدا، ئەم دۆخە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە. حاڵی حازر ژمارەی هێزەکانی سـوپای سووریای عەرەبـی لە نێـوان 20 بۆ 25 هەزار سـەربازدایە، لە کاتێکدا ژمارەی هێزە میلیشـیاییەکان لە نێوان 150 بـۆ 200 هـەزار چەکـدارە. ئـەم جیاوازییـە گەورەیەی ژمارەی هێزە فەرمییەکان و میلیشیاکان ڕەنگدانەوەی زۆری لەسەر داهاتووی سووریا دەبێت.

پرسیار ئەوەیە بۆچی هێزە فەرمییەکانی سووریا بـە ڕێژەی ٪1000 دابـەزی، لە کاتێکدا حکومەتی سووریا دەیتوانی بە درێژکردنەوەی ماوەی خزمەتی سەربازی و ناونووسـکردنی زۆرەملەی گەنجان ئەو بۆشـاییە پـڕ بکاتـەوە؟ ڕاپۆرتەکەی (MEI) هۆکارێکی ئەمە بۆ پێکهاتە و هەیکەلـی دەسـەڵات لە سـوپای سـووریا و سیاسـەتی دیمەشـق بەرامبـەر کۆمەڵـگای سـوننەی ئەو وڵاتە دەگەڕێنێتەوە.

سـووریا وڵاتێکی زۆرینە سوننەیە، بۆیـەش ئاسـاییە زۆربـەی سـوپای ئـەو وڵاتـە لـە سـەرباز و فەرمانـدەی سوننەمەزهەب پێبکێن، بەڵام "دەسەڵاتی ڕاسـتەقینەی هێـزە سـەربازییەکان لـە شـوێنێکی دیکە کۆببـووەوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە دەسـتی کەمینەی عەلەویدا بـوو"، بـە جۆرێک هێزە گرنگەکانی سـووریا هەموویان سـەر بە ناوچە عەلەوییەکان بوون، لەوانـەش هێزی تایبەت، فیرقەی چوار و هێزەکانی پڵنگ بە فەرماندەیی سوهەیل حەسەن.

لـە زۆربـەی حاڵەتەکانـدا بەرپرسـە عەرەبـە سوننەکانی سوپای سووریا بۆ پۆستی لۆجیستیکی دادەنران کە کاریگەرییەکی ڕاسـتەوخۆیان لەسـەر ڕووداوەکانی مەیدانی شـەڕ نییە. ژمارەیەکی زۆری فەرماندە سـوننەکان یاریدەدەرێکی عەلەویشـیان هەبـووە، بـۆ ئـەوەی هەمـوو هەڵسـوکەوت و جموجوڵێکیان بە دەزگا هەواڵگرییەکانی حکومەتی سـووریا بدەن. ئامادەکارانـی ڕاپۆرتەکە پێیانوایە ئـەم پێکهاتـە تایفییـەی هەیکەلی دەسـەڵات لە سـوپای سـووریا بووە هۆی ئەوەی "لە سـەرەتای سـەرهەڵدانی قەیرانی سـووریاوە، هیچـکام لە 20 فیرقەکەی سـوپای سـووریا نەتوانن تەنانەت یەک لەسەر سێی هێزەکانی خۆیشیان ڕەوانەی شارەکان و مەیدانەکانی جەنگ بکەن".

هەڵوێسـتی حکومەتی سـووریا لـە مانگەکانی یەکەمـی قەیرانـی سـووریادا هۆکارێکـی دیکـەی کەمبوونـەوەی ژمارەی هێـزە چالاکە فەرمییەکانی سووریا بوو. بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریا، هەر لە سەرەتاوە لەسەر بنەمای تایفی کاردانەوەی بەرامبەر سـەرهەڵدانەکان نواند و ناڕازییەکانی بە "سـوننە توندئاژۆکان" وەسف کرد. لەو کاتەشەوە سوننەکانی سوپا دڵسـارد بوونەوە و حکومەتیش زیاتر پشتی بە تاقم و میلیشیا لایەنگرەکانی بەست.

### ● میلیشیا ملهوڕەکان

میلیشـیا و تاقمـە چەکـدارە نافەرمییـەکان لەلایەکەوە ئەسـەدیان لەسـەر کورسـی دەسەڵات هێشـتەوە و لەلایەکـی دیکەشـەوە دەسـەڵاتی ڕاسـتەوخۆی حکومەتیـان لەسـەر میلیشـیاکان کەمکردەوە، لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆری ئەو میلیشـیایانە هیچکات بەشـێوەیەکی فەرمی تێکـەڵ بە دامەزراوە سـەربازییەکانی سـووریا نەکران.

یەکێـک لـەو هێزانـەی ڕاپۆرتەکەی (MEI) ئاماژەی بۆ دەکات، هێزەکانی بەرگریی نیشـتمانین کە ڕژێمی سـووریا بـە پـارە و ڕاهێنانی ئێرانی دروسـتیکردوون. ئەم هێزە چەندینجار لەگەڵ سـوپای سووریای عەرەبی و میلیشیاکانی دیکە و تەنانەت حیزبوڵڵای لوبنانی تووشـی شەڕ و پێکدادان بوون. خەڵکی ناوچەکان هێزەکانی بەرگریی نیشتمانی بە ڕفاندن و ڕاوەڕووت و تاوانی دژی هاووڵاتیان تۆمەتبار دەکەن.

شـەڕی نێوخـۆی سـووریا قازانجی سیاسـی و ئابووریـی گـەورەی بـۆ میلیشـیاکان هەبـووە، بەوانەشـەوە کە لایەنگری سەرسـەختی ئەسەدن، ئەم دەسـتکەوتە سیاسـی و ئابوورییەش وادەکات گرووپەکان بە ئاسـانی دەسـتبەرداری دەسەڵات و هێزی خۆیان نەبن. وەکوو توێژەرەکانی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاماژەی بۆ دەکەن "دەستکەوتە ئابوورییەکانی شەڕ بۆ میلیشیاکان بەربەستی گەورە بۆ سەقامگیرکردنەوە یان ئاوەدانکردنەوەی سووریای داهاتوو دروست دەکات".

### ● ململانێی ئێران و ڕووسیا

ڕووسیا و ئێران لەساڵی 2011 وە دوو پاڵپشتی سەرەکی مانەوەی ئەسەد لەسەر کورسی دەسەڵات بوون، بۆیەش چاوەڕێ دەکرێت هەر ئەو دووە ڕۆڵی سەرەکییان لە هەنگاوەکانی دوای شەڕی نێوخۆی سـووریادا هەبێت، بەڵام کێشەی میلیشیاکان هـەر لە ئێسـتاوە ململانێ و ناکۆکی لە نێوان مۆسکۆ و تاراندا دروستکردووە. ڕاپۆرتەکـەی (MEI) ئـەوە دەخاتەڕوو کە ڕووسیا دەیەوێت هەموو ناوچـە کۆنترۆڵکـراوەکان بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی دیمەشق، بەڵام لاوازیی هێـزە فەرمییەکان مۆسـکۆی ناچـار کـردووە هەمـوو هەوڵەکانـی کۆنترۆڵکردنـەوەی ناوچـەکان لـە کۆریدۆری دیمەشـق، حمس و حەلەب چڕ بکاتـەوە و لـە ناوچەکانی دیکەی سووریا پشـت بە سیاسەتی دروستکردنی ناوچەی ئارام دەبەسـتێ. جیا لەمەش ڕووسیا دەسـتی بە پلانـی بنیاتنانەوەی دامـەزراوە سـەربازییەکانی سـووریا کـردووە، لەو چوارچێوەیەشـدا بەنیـازە میلیشـیاکانی نزیـک لـە حکومەت بهێنێتە ژێـر فەرمانی ڕاسـتەوخۆی حکومەت.

لە ماوەی دوو سـاڵی ڕابردوودا ڕووسـیا هەوڵی دروستکردنی دوو لیوای نوێی بەناوی لیوای چوارەم و لیـوای پێنجەم داوە، بەڵام هیچکام لە هەوڵەکان نەیانتوانی ئامانجەکەی خۆیان بپێکن کە بریتییە لە لاوازکردنی دەستی گرووپە میلیشیاییەکان. ئامانج لە دروسـتکردنی لیوای پێنجـەم ئەوە بوو جارێکی دیکـە عەرەبە سـوننەکان هان بدرێن بێنـەوە ناو دامەزراوە سەربازییەکانی حکومەت، بەڵام ئەو هێزە تاوەکـوو ئەیلولی ئەمسـاڵیش لەلایەن ژەنەراڵێکی ڕووسییەوە فەرماندەیی دەکرا کە لە شەڕی سووریادا کوژرا.

لەلایەکی دیکەوە ئێران لە 2012 وە هەوڵ دەدات کۆمەڵێک دامەزراوەی سـەربازیی هاوتەریب لەگەڵ دامەزراوە فەرمییەکان دروستبکات کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە میلیشیا شیعەکانی ئەفغانستان، عێراق، لوبنـان و یەمەن پێکدەهات. ئەم تێڕوانینە تایفییە پـاش ماوەیەکی کەم لەگەڵ سـتراتیژی حکومەتی سووریاشدا یەکیگرتەوە.

ئێسـتا هەموو گرووپە میلیشـیا گەورەکانی کە لە سـووریان ڕاسـتەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشت بە هاوکارییەکانی ئێران دەبەسـتن. ئیدارەی ئەمریکی پێیوایە 80%ی هێزی چەکداری بیانی لە سـووریا پەیوەندییان بە سـوپای قودس و حەشدی شەعبی عێراقەوە هەیە.

ڕاپۆرتەکـەی (MEI) جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو میلیشیایانە هەم خۆیان دەستکەوتی ئابووری و سیاسـیی زۆریان بەدەستهێناوە و هەمیش ڕۆڵێکی سـەرەکییان لـە جێبەجێکردنـی پلانی ئێران بۆ دروستکردنی هیلال یان کۆریدۆری شیعەدا هەبووە، بۆیەش "مەحاڵە ملکەچی داوای ڕووسیا و حکومەتی ناوەندیی سووریا بن".

ناوەنـدە ئەمریکییەکـە پێیوایـە "بـە لۆژیکی کارکردنی ئێران چاوەڕێ دەکرێت نوسخەی حەشدی شـەعبی عێراق لە سـووریاش دووبارە بکەنەوە، بە جۆرێـک وەکوو هێزێکی میلیشـیایی نوێنەرایەتی دەسـەڵاتی ئێـران بکەن و دەسـەڵاتی دامـەزراوە دەوڵەتییەکانی سـووریا لاواز بکەن".



ژمارەی ئەندامانی میلیشیاکان لە سووریا گەیشتووەتە 200 هەزار چەکدار

## زۆرینەیان بیانی بوون و لە کۆمـ

# چی بەسەر گ لەداعش دڕێـ



حازمییەکان قەناعەتیان وابوو کە خۆتەقاندنەوە مرۆڤ لە گوناهـ پاک ناکاتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

لە کۆتایی 2014 دا داعش دەستی بەسەر ناوچەیەکـی بەرفراوانـی عێراق و سـووریادا گـرت. لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارە بیانییەکان دەستیان بە ژیانی ئاسایی خۆیان لەنـاو خەلافـەت دەکرد و دەسـتیان کرد بە خوێندنـەوە، گفتوگـۆ و گوتـاردان لەبارەی ڕوانگـەی داعـش بـۆ دەوڵـەتـی ئیسـلامی، بـەڵام هەمـوو چەکدارانـی داعش خاوەنی یەک لێکدانەوە بۆ ئیسـلام نەبوون. تەنانەت هەندێـک لەوانـە لەلایەن داعـش خۆیەوە بە کەسانی "توندڕەو" وەسف دەکران.

گۆڤـاری (فۆریـن ئەفەیـرز)ی ئەمریکی لەگەڵ ژمارەیەک کەس قسـەی کـردووە کە پێشـتر سـەر بە داعش بوونـە، یان لانیکەم ئـاگاداری ناکۆکییەکانـی ناو داعـش بوون. ئەوان باسـی گرووپێک دەکـەن کە تەنانەت هەندێـک لـە سـەرکردە باڵاکانـی داعـش و هاوڕێکانی خۆشیان بە "کافر" دەزانی، داعش لە وەڵامدا ژمارەیەکی لێکوشتن و ژمارەیەکی کەمیشیان ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشیان جێهێشتبوو.

### ● ئایدیۆلۆژیا پێش سیاسەت

سەرەتای کێشەی داعش لەگەڵ لێکدانەوەی ئەو گرووپە بۆ ئیسلام بۆ ئەوکاتە دەگەڕێتەوە کـە ژمارەیەک لـە چەکـدارەکان کەوتنە ژێر کاریگەریـی بۆچوونەکانی ئەحمـەد حازمی، گوتاربێـژی توندڕەوی سـعودی. حازمی لە کتێبێکـدا بەنـاوی "نەزانین بیانـوو نییە لە ئیسـلامدا" باس لەوە دەکات کە ئەوانەی بە بیانـووی نەزانین لە گوناهێک خۆشـدەبن و ئەو کەسانەش کە ستایشی ئەو لێخۆشبوونە دەکەن "کافرن".

لایەنگرانی حازمی لە سووریا و عێراق بڕوایان وابوو خەڵکی ڕەسـەنی ناوچەکان کە پێشتر دادگای حکومەتـی ناوەندییـان بەکارهێناوە یـان لە هەڵبژاردنەکاندا بەشـدارییان کردووە کافرن. داعش لە سەرەتای 2014 بایەخێکی زۆری بـەو گرووپە نەدا، بەڵام پاش ماوەیەک هەستیان کرد ڕووی تۆمەتەکانی حازمییەکان خەریکـە ئەبووبەکر بەغدادیـش دەگرێتەوە. یەکێـک لـە کۆنەچەکدارەکانـی داعـش بـە گۆڤارە ئەمریکییەکەی گوتووە "من جەماعەتم جێهێشـت، چونکە ئەمیرەکەم لەسەر ڕێگای ڕاسـت نەبوو، بڕواش ناکـەم بەغدادی ئاگای لەو مەسەلەیە نەبووبێ".

لایەنگرانـی حازمی لە داعشـدا پێیانوابوو دەبێ ئایدیۆلۆژیا پێش زەروورەتە سیاسییەکان بخرێت. بۆ نموونە ئەبوو عومەری کوەیتی کە شێخێکی داعش بوو، سەرکردایەتی داعشی بە کافر ناوبرد، کاتێک داعش ئامادە نەبوو گۆڕی سـۆفییەک لە ڕەققە بتەقێنێتەوە، ماوەیەک دواتر داعش ئەو شێخەی کوشت.

داعـش ژمارەیەکـی زۆر چەکـداری بیانـی بەبیانـووی "پاکبوونەوە لـە گوناهی ڕابـردوو" ڕاکێشـابوو. جەماعەتـی حازمـی دژی ئەو سیاسـەتە بـوون و پێیان وا نەبوو خۆتەقاندنـەوە بەنـاوی ئایینـەوە بتوانێـت

# ـــک بـــۆ ـــران دادەنێ

سەرۆکی ئەمریکا، جەختی لەوە کردووەتەوە کە پلانێکی بەرفراوانیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی نفوزی ئێران لە ناوچەکەدا هەیە. بەڵام لە هەمان ماوەدا فۆکەسی هێزەکانی ئەمریکا لەسەر بەزاندنی داعش لە عێراق و سووریا بووە، ئێستا بەرپرسانی ئەمریکی دانیان بەوەدا ناوە کە پرۆژەی ئەمریکا بۆ لێدانی داعش یارمەتی ئێرانی داوە و دەستی ئەو وڵاتەی لە ناوچەکەدا بەهێزتر کردووە.

بەپێی مەزندەکانی ئیدارەی ترەمپ، نزیکەی 80%ی هێزی پیادەی لایەنگری حکومەتی سووریا لەو چەکدارانە پێکدێن کە ئێران لە میلیشیا شیعەکانی ناوچەکە بۆ پشتگیری لە رژێمی سووریا کۆیکردوونەتەوە. بەپێی راپۆرتەکەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)، هەندێک لە مەزندەکان ئاماژە بۆ 125 هەزار چەکداری سەر بە ئێران دەکەن لە سووریا.

بەڵام بەرەنگاربوونەوەی ئێران و بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا بێ مەترسیش نییە. ئەزموونی دەیە و نیوی رابردووی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەیسەلمێنێ کە تاران دەتوانێت لە هەموو ساتێکدا میلیشیا شیعەکانی عێراق لەدژی هێزەکانی ئەمریکا بەکاربهێنێ. لە ساڵانی سەرەتای رزگارکردنی عێراقدا، ژمارەیەکی زۆر سەربازی ئەمریکی بەهۆی هێرش و بۆمبدانانەوەی میلیشیا شیعە عێراقییەکانی نزیک لە ئێرانەوە کوژران.

مانگی رابردوو مایک پۆمپیۆ، سەرۆکی ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکا (CIA)، لە نامەیەکدا بۆ قاسم سولەیمانی فەرماندەی باڵای سوپای قودس، هۆشداری دا لەوەی ئیدارەی ئەمریکا، ئێران بە بەرپرسیاری هەموو هێرشێک دەزانێت کە لە عێراق بکرێتە سەر بەرژەوەندییەکانی. بەگوێرەی میدیاکانی ئێران، (CIA) هەوڵی دابوو نامەکە بەدەستی بگەیەنێتە دەستی سولەیمانی، کاتێک فەرماندەکەی سوپای قودس سەردانی ئەبوو کەمالی کردبوو لە سووریا. میدیاکانی تارانیش ئەوەیان پشتڕاست کردووەتەوە کە سولەیمانی ئامادە نەبووە نامەکە بکاتەوە.

بەگوێرەی راپۆرتی رۆژنامە ئەمریکییەکە، بەرپرسانی ئەمریکی و ئیسرائیلی بە تایبەتی نیگەرانی هەوڵەکانی ئێرانن بۆ دامەزراندنی بنکەی سەربازی لە باکووری سووریا کە دەکرێت لە درێژخایەندا بۆ مووشەکی دووربڕیش بەکاربهێنرێن. جیا لەمەش ئیسرائیلییەکان هۆشدارییان بەهێزەکانی حیزبوڵڵای لوبنان داوە کە بیر لە نزیکبوونەوە لە بەرزاییەکانی جۆلان نەکەنەوە، بەڵام هەفتەی رابردوو وێنەکانی قەیس خەزعەلی، سەرکردەی میلیشیای عەسایبی ئەهلی حەقی عێراقی، لە چەند کیلۆمەترێک دووری ئەو بەرزاییانە بڵاوبووەوە.

شەڕی نێوخۆی سووریا و شەڕی نێودەوڵەتیی دژی داعش خەریکە دەبێتە بناغەی سەرهەڵدانی شەڕ و ململانێی نوێ لە ناوچەکەدا، بەتایبەتیش شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل. تەلەڤیڤ و وڵاتانی عەرەبی سوننەی ناوچەکە نیگەرانی ئەوەن کە ئێران براوەی سەرەکی ئەو دوو شەڕە بێت. لە یەک ساڵی رابردوودا ئەمریکا لە هەوڵدا بووە بە هاوکاریی رووسیا ناوچەی ئارام لە سووریا دروست بکات کە بەشێکیان دەکەونە سنوورەکانی رۆژئاوای سووریا لەگەڵ ئوردن و ئیسرائیل. رەخنەگرانی ئەو پلانە پێیانوایە پلانەکە بەهۆی یارییەکانی رووسیا و نەبوونی هێزی سەربازیی ئەمریکا بەپێی پێویست نەبووە و لەرزۆکە، پلانەکە نەیتوانیوە رێگە لە هەڕەشەی ئێران و میلیشیا شیعییەکانی بگرێ.

# هەزاران "چەکداری سێبەر"ی رووسی لە سووریان



کۆمپانیای واگنەر پارە دەداتە سەربازانی پێشووی سوپای رووسیا و رەوانەی ناوچەکانی شەڕیان دەکات، لەوانەش ئۆکراینا و سووریا

**رووداو- هەولێر**

سەرەتای تشرینی یەکەمی ئەمساڵ، رێکخراوی داعش گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوە کە تێیدا دوو پیاوی رووسی بە ناوەکانی رۆمان سێرگێیڤیچ زابۆلۆتۆنی و گریگۆری سورکانۆ بەجلی گرتووخانەکانی داعشەوە لەسەر ئەژنۆن. دوو چەکدارە رووسییەکە لە کاتی شەڕی نێوان داعش و سوپای سووریا لە نزیک دێرەزوور دەستگیرکرابوون، بەڵام وەزارەتی بەرگریی رووسیا دەمودەست رەتیکردەوە دەستگیرکراوەکان سەربازی سوپای رووسیا بن.

حکومەتی سووریا جگە لە میلیشیا شیعەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە ئێران بۆی کۆدەکاتەوە، لەلایەن هیچ گرووپێکی دیکەی جیهانەوە پشتگیری لێناکرێ، ئەو چەکدارە رووسیانەش کە بەرگری لە رژێمەکەی ئەسەد دەکەن، هیچ پەیوەندییەکیان بە سوپای رووسیاوە نییە.

رۆمان سورکانۆ، برای گریگۆری، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رادیۆی سڤۆبۆدای رووسی، پەردەی لەسەر نهێنیی چوونی براکەی بۆ سووریا لادا و رایگەیاند: "بەڵێ ئەوە برای منە، ئەوان سەربازی حکومەت نین، بەڵکو بە پارە شەڕ دەکەن، حکومەت پشتگیری لەو کۆمپانیا سەربازییە تایبەتە دەکات کە بە واگنەر ناسراوە".

دیمیتری ئوتکین، مولازمی خانەنشینکراوی سوپای رووسیا، سەرۆکی کۆمپانیای واگنەرە. کۆمپانیاکەی هەوڵ دەدات سەربازانی پێشووی سوپای رووسیا بەپارە رابکێشێتە نێو هێزێکی پیادە و رەوانەی ئەو ناوچانەیان بکات کە سوپای رووسیا تێیاندا شەڕی هەیە، لەوانەش ئۆکراینا و سووریا. رۆمان سورکانۆ دەڵێت براکەی تەنیا لە سووریا شەڕی نەکردووە، بەڵکو لە ساڵی 2014 دوو جار رەوانەی رۆژهەڵاتی ئۆکراینا کراوە بۆ ئەوەی یارمەتی هێزە جوداخوازەکانی ئەو ناوچەیە بدات.

## شاردنەوەی ژمارەی کوژراوان

نیڤان سلیشکین، نیشانشکێنی رووسی تەمەن 23 ساڵ، بەرلەوەی لە سووریا بکوژرێ، لە رێگەی یەکێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە نامەیەکی بۆ دەزگیرانەکەی ناردبوو کە تێیدا دەڵێت: "بەزوویی چاومان بە یەکدی دەکەوێتەوە و باوەشێکی توند بە یەکدا دەکەین".

نیڤان بە زیندوویی نەگەڕایەوە رووسیا، بەڵام ناویشی لە لیستی کوژراوانی سوپای رووسیا لەشەڕی دژی داعشدا نەبوو.

نیڤان خەڵکی ناوچەی شاخاویی ئۆزیۆرسکە لە باشووری رۆژئاوای رووسیا و وەکوو هاوڕێکانی بە ئاژانسی (ئەسۆشێیتد پرێس)ی ئەمریکییان گوتووە، بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ زەماوەندەکەی لەگەڵ کۆمپانیای واگنەر گرێبەستی کردبوو. بەگوتەی یەکێک لە هاوڕێکانی، نیڤان لە کاتی پێشڕەویی هێزەکانی لایەنگری ئەسەد لە کێڵگە نەوتییەکانی باکووری تەدمور کوژراوە. ئاندرێی زۆتۆڤ، هاوڕێی نیڤان، بە ئاژانسە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە "وەکوو زۆربەی چەکدارە رووسەکان، ئەویش بۆ دابینکردنی پارە رووی لە سووریا کردبوو".

رووسیا لە رۆژی 30ی ئەیلولی 2015 وە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بۆ پشتگیری لە مانەوەی رژێمی سووریا بەشداری شەڕە، بەڵام چەندین مانگ پێش ئەو رۆژەش چەکدارانی گرووپی واگنەر لە سووریا بوون. بەپێی راپۆرتێکی ماڵپەڕی رووسی (فۆنتانکا)، لە سەرەتای 2015 وە نزیکەی 3000 چەکداری گرووپی واگنەر لە سووریا شەڕیان کردووە.

هەفتەی رابردوو، ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی رووسیا، بە سەردانێکی چاوەڕواننەکراو گەیشتە سووریا. لەوێ لە گوتارێکدا بۆ سەربازانی سوپای رووسیا گوتی: "وەکو سەرکەوتوو دەگەڕێینەوە وڵات". پوتین هیچ ئاماژەیەکی بەو چەکدارە رووسیانە نەکرد کە بە گرێبەست لە سووریان. چاوەڕێ دەکرێت سەربازان و راوێژکارانی سەربازیی رووسیا بۆ ساڵانێکی زۆر لە سووریا بمێننەوە. بەگوێرەی راپۆرتەکەی (ئەسۆشێیتد پرێس)، چەکدارە خاوەن گرێبەستەکانیش لە داهاتوودا پاسەوانی ئەو کێڵگە نەوتییانەی سووریا دەبن کە بەپێی گرێبەستێک دراون بە کۆمپانیایەکی رووسی و خاوەنەکەی بازرگانێکی رووسیە بەناوی یەڤگینی پریگۆژین. پریگۆژین بەهۆی رێستورانتە گەورەکانییەوە بە "شێفی پوتین" ناوی دەرکردووە و لە چەند ساڵی رابردوودا بەهۆی نزیکبوونەوەی لە پوتین توانیویەتی دەستی بە گرێبەستەکانی وەزارەتی بەرگریی رووسیاش رابگات.

چەکدارانی وەکوو نیڤان سلیشکین رۆڵی سەرەکییان لە شەڕی نێوخۆی سووریادا هەبووە، ئەوان لەلایەکەوە رۆڵی هێزی پشتیوانیان بۆ هێزە فەرمییەکانی رووسیا گێڕاوە و لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی نهێنی و نافەرمیبوونیانەوە یارمەتیدەرن لەوەی ژمارەی کوژراوە رووسییەکانی شەڕی دژی داعش کەم بکەنەوە. بەگوێرەی وەزارەتی بەرگریی رووسیا، لە شەڕی سووریادا 41 رووسی کوژراون، بەڵام ماڵپەڕی فۆنتانکا دەڵێت 73 چەکداری گرێبەستی رووسیش لەو شەڕەدا کوژراون. تیمی زانیارییەکانی جەنگیش کە گرووپێکی رووسین، ژمارەی چەکداری کوژراوی خاوەن گرێبەستی رووسی بە 101 کەس دادەنێت. کریملین و وەزارەتی بەرگریی رووسیا هەمووکات خۆیان لەو پرسیارانە دەدزنەوە کە تایبەتن بە چەکدارە گرێبەستەکان.

101
چەکداری گرێبەست لە سووریا کوژراون
ئاژانسێکی رووسی

مارک گالیۆتی، توێژەر لە پەیمانگای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە پراگ، بە ئاژانسە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە "خەڵکی رووسیا زۆر حەزیان لە ئیمپراتۆرییەتێک نییە کە کوڕەکانیان رەوانەی شەڕ بکات و دواتر لە تابووتدا بۆیان بهێنێتەوە. خەڵکی رووسیا حەزیان لە شەڕی سووریا نییە".

گالیۆتی ئەوەشی گوت کە کۆمپانیایەکی وەکوو واگنەر یارمەتی کریملین دەدات "هێز رەوانەی شەڕەکان بکات، کاتێکیش سەربازانی ئەو هێزە کوژران، حکومەت دەتوانێت خۆی لێ بێدەنگ بکات".

کۆمپانیای کەرتی تایبەتی سەربازیی لە رووسیا قەدەغەن، بە گوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی، دیمیتری ئوتکین لە کریملینەوە نزیکە و کانوونی یەکەمی پارساڵ لە وێنەیەکدا کە لە کریملین گیراوە، لەگەڵ پوتین دەرکەوتووە. کریملین وێڕای پشتڕاستکردنەوەی وێنەکە، ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە ئوتکین بۆ وەرگرتنی "میدالیای ئازایەتی" لە کریملین بووە.

## کارەکان بەبێدەنگی دەکرێن

بەگوێرەی راپۆرتە تایبەتەکەی (ئەسۆشێیتد پرێس)، کۆمپانیاکانی وەکوو واگنەر لەگەڵ خاوەن گرێبەستەکان و خێزانەکانیان رێککەوتوون بەهیچ شێوەیەک باسی چالاکییەکانی خۆیان بۆ میدیا نەکەن. ئەوانەش کە بە زیندوویی لە شەڕ گەڕاونەتەوە، قەرەبوویەکی زۆریان وەرگرتووە بۆ ئەوەی بێدەنگ بن، بۆیەش هەموو هەوڵەکانی ئاژانسە ئەمریکییەکە بۆ قسەکردن لەگەڵ چەکدارە گەڕاوەکان یان خێزانەکانیان بێ سوود بووە.

چەکدارانی واگنەر لە سووریا بەناوی ئەو کۆمپانیایەوە کار ناکەن، بەڵکو لەژێر ناوی کۆمپانیایەکی سێبەرن بەناوی ئێڤرۆ پۆلیس. گرووپی فرۆنتاکا پێیوایە ئێڤرۆ پۆلیس تەنیا بۆ پەردەپۆشکردنی چالاکییەکانی واگنەرە و هەوڵێکیشە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە رێگەی ئەو ناوەوە بیانوویەکی یاسایی بۆ مانەوەی هێزەکانی واگنەر لە سووریا بدۆزنەوە، باشترین بیانووش کێڵگە نەوتییەکانە، چونکە "دواجار دەبێ هێزێک هەبێت ئەو کێڵگانە بپارێزێت".

## ـــارەکانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەتەوە هاتبوون

# ـــرووپە ـــدەترەکە هات؟

حازمییەکان لە جیاتی پێنج نوێژ حەوت نوێژیان دەکرد



گوناه پاکبکاتەوە، وەکوو چۆن دژی سروودە پڕوپاگەندەییەکانی داعشیش بوون، چونکە بە بۆچوونی ئەوان چەکدارە بیانییەکان لە یەک وشەی سروودەکان تێناگەن و تەنیا ریتمی سروودەکە رایاندەکێشێ.

چەکدارێکی پێشووی داعش کە خەڵکی ئاسیای نێوەڕاستە، بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە کە ئەوان ئامادە نەبوون لە ژێر ئاڵای داعشدا شەڕ بکەن، چونکە "ئاڵای راستەقینەی ئیسلام تەنیا بەشی یەکەمی شەهادەی تێدایە، نەک بەشی دووەمی کە باسی ئەوە دەکات محەممەد نێردراوی خوایە". ژمارەیەکی دیکەشیان پێیانوابوو نابێت "رواڵەت بکرێتە پێوەر یان ئاماژە بۆ جیاکردنەوەی موسوڵمان و ناموسوڵمان"، لەوانەش ریشی درێژ، سمێڵی کورت، قژی درێژ و جلی درێژ و نەریتی. زۆرینەی ئەو گرووپە چەکداری بیانی بوون و لە کۆمارەکانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەت و تونسەوە هاتبوون. ئەوان رێگەیەکی درێژ و مەترسیداریان بڕیبوو بۆ ئەوەی بگەنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی "خەلافەت". بۆیەش ئامادە نەبوون ئەو شتانە قەبووڵ بکەن کە خۆیان بە لادانیان دەزانین.

### ● کاردانەوەی داعش

ناکۆکیی نێوان حازمییەکان و داعش لە ساڵی 2015 گەیشتە لوتکە. بۆ جێبەجێکردنی لێکدانەوەی خۆیان بۆ شەریعەت، زۆربەی ئەندامانی ئەو گرووپە چوونە ناو هێزی پۆلیسی داعش کە بە "حسبە" ناسرابوو. بەڵام لەوێش بێ ئومێد بوون، چونکە ئەو خەڵکانەی ئەوان دەستگیریان دەکردن، دادگای ناوچەکە ئازادی دەکردن. بۆیەش هەندێکیان بڕیاریان دا خۆیان لە دەرەوەی دامەزراوە یاسایی و شەرعییەکانی داعش سزای خەڵک بدەن.

سەرکردایەتیی داعش لەبەرامبەر ناکۆکیی نێوخۆییدا لێخۆشبوونی نەبوو، بۆیەش بڕیار درا لەناویانبەرن. ئەمەش حازمییەکانی دابەش کرد. وەکوو لە راپۆرتی گۆڤارە ئەمریکییەکەدا هاتووە "هەندێکیان هەوڵی خۆشاردنەوە لەناوچەکانی خەلافەتیان دا، هەندێکیان داوایانکرد بۆ شەڕی مووسڵ رەوانە بکرێن، ژمارەیەکیشیان بەرەو سنوورەکانی تورکیا رایانکرد". هەندێکیشیان هەوڵی شاردنەوەی بیروڕای خۆیان دا، بۆ نموونە یەکەمجار نوێژەکانیان لە مزگەوت دەکرد و دواتر هەموویان لە ماڵەوە دووبارە دەکردەوە. بە پێچەوانەی چەکدارانی دیکەی داعش، حازمییەکان هەفتانە دووجار رۆژوویان دەگرت و رۆژانەش لە بری پێنج جار حەوت جار نوێژیان دەکرد.

چەکدارانی پێشووی داعش بۆ گۆڤارە ئەمریکییەکەیان ئاشکرا کردووە کە هەرکەسێک لێی ئاشکرا ببوایە لە جەماعەتی حازمییە، یەکسەر دەستگیر دەکرا یان دەکوژرا، تۆمەتەکەشیان "بێ بڕوایی" بوو. یەکێک لە چەکدارە کۆنەکانی تاقمی حازمی باس لەوە دەکات کە پاسەوانانی گرتووخانەکان زوو زوو گومانلێکراوەکانیان تاقیدەکردەوە بۆ ئەوەی بزانن کێ حازمییە. یەکێک لە تاقیکردنەوەکانیش لە رێگەی گۆشتی مریشکەوە بوو. حازمییەکان لە گرتووخانە گۆشتی مریشکیان نەدەخوارد، لەبەر ئەوەی دڵنیا نەبوون بەشێوازی ئیسلامی سەربڕدراوە یان نا.

### ● چارەنووسی حازمییەکان

حازمییەکان ماوەیەکی زۆر لە نێو داعشدا بوون، شارەزای ئایدیۆلۆژیا و ستروکتوری داعش بوون، خۆیشیان بڕوایان بە هەمان نوسخەی ئاینی هەیە کە داعش و گرووپە توندئاژۆکانی دیکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کاری پێدەکەن، واتە وەهابیزم، بەڵام وەکوو یەکێک لە کۆنە چەکدارانی داعش دەڵێت "حکومەتەکان نازانن ئێمە (واتە حازمییەکان) زیاتر لە هەموو کەس خەڵکمان لە چوونە ناو داعش پەشیمان کردووەتەوە".

دۆگماتیزم و وشکیی بیرکردنەوەی حازمییەکان کێشەی گەورەی لە نێوان خۆشیاندا دروستکردووە، بە جۆرێک جار هەبووە لەسەر کێشەی زۆر رواڵەتی شەرعی فەتوای تەکفیر لەدژی یەکێک لە ئەندامانی ئەو گرووپە دەرکراوە. ژمارەیەکیش لەو گرووپە وازیان لە رێنماییەکانی حازمی هێناوە و بوون بە لایەنگری سەرکردەیەکی دیکەی سەلەفی، لەوانەش حلمی هاشمی کە خەڵکی میسر بوو.

حازمییەکان لەناو داعش بە حازمی یان "تەکفیرییەکانی دەوڵەت" ناویان دەرکردبوو. تیمی ئامادەکاری راپۆرتەکەی (فۆرین ئەفەیرز) پێیانوایە ئەگەر رۆژێک لە رۆژان ئەو جەماعەتە بڕیاری پێکهێنانی گرووپێکی چەکداری توندڕەو بدەن، ئەوا زۆر لە داعش دڕەندەتر دەبن.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# دوورخستنەوەی حیزبی دەعوە

زۆرجار لە خوێندنەوەی مێژوودا ئەو پرسیارەت بەخەیاڵدا دێت ئەگەر ئەو ڕووداوە ڕووی نەدابا، ئاراستەی ڕووداوەکان چۆن دەبوون؟ یان دەپرسی ئەگەر فلانە سەرکردە لەو هەلومەرجەدا نەبا، یان فلان حیزبی سیاسی نەگەیشتبایە حوکم، مێژوو بە چ ئاقارێکدا دەڕۆیشت؟ ئەگەر هیتلەر نەبووایە بە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، ئایا جەنگی دووەمی جیهانی ڕوویدەدا، یان بەو جۆرە دەبوو کە ئێستا لە مێژوودا دەیخوێنینەوە؟ لەمێژووی خوێناویی عێراقیشدا ئەوەت بەخەیاڵدا دێ ئەگەر کودەتا بەسەر ڕژێمی مەلەکیدا نەکرایە، حەفتا ساڵی ڕابردوو عێراق چۆن دەبوو؟ ئەی ئەگەر عەبدولکەریم قاسم تیرۆر نەکرایە و بمایە، ئایا ئاراستەی ڕووداوەکانی عێراق بەو جۆرە دەبوون؟ ئەگەر بەعس و سەدام نەبووایەن، عێراق دەبووە وێرانە؟

مەبەستم لە ورووژاندنی ئەو پرسیارانە هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکانی ڕابردوو نییە، چونکە زەمەن ناگەڕێتەوە تا ڕێ لەوانە بگرین کە ڕوویانداوە، بەڵام دەتوانرێت بەکەڵک وەرگرتن لە مێژوو، بە سیاسەتی حەکیمانە ڕێ لە دووبارەبوونەوەیان بگیرێت. منیش لێرەدا مەبەستمە ئەو پرسیارە بکەم کە ئایا دەتوانین بۆ داهاتوو ئاراستەی ڕووداوەکانی عێراق بە ئاقارێکدا بەرین، ڕێگربێت لە دووبارەبوونەوەی ئەو ڕووداوە تاڵانەی مێژوو؟

ئایا ڕووخانی بەعس و دەستگیرکردنی سەدام و بەشێک لە سەرانی دەسەڵاتی ستەمکاری ئەوکات و دادگایی و ئیعدامکردنیان، بوو بە پەند بۆ دەسەڵاتدارانی دوای سەدام؟ دڵنیام وەڵامەکەی لای زۆرینەمان بەو جۆرەیە کە نەخێر کەسیان عیبرەتیان لەو ڕووداوە وەرنەگرت و سەرەتاکانی گرتنەدەستی دەسەڵات و حوکمی سەدام بەراورد بکەیت بە حوکمی ئەمان، جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت. ئەم پرسیارە بۆ عێراقی دوای سەدام و حوکمی حیزبی دەعوەش هەر دروستە، ئایا ئەگەر حیزبی دەعوە نەهاتبایە سەر حوکم، عێراق چۆن دەبوو؟ لەبری ئەو عەقڵیەتەی لە منداڵدانی دەعوەوە سەری هەڵداوە و عێراقی گەیاندووەتە لێواری هەڵوەشانەوە، ئەگەر حیزبێکی شیعی عەلمانی یان حیزبێکی تری سیاسی خاوەن دونیابینییەکی نیشتمانی حوکمی بگرتایەتە دەست، عێراق دەبوو بەم زەلکاوە سیاسییە؟

مانەوەی ئەم عەقڵیەتە لە حوکمڕانی و چەسپاندن و درێژەکێشانی بۆ داهاتوویەکی دوورتر کە دەستپێکەکەی بە تیرۆر و وێرانکردنی نیوەی خاکی عێراق لە مووسڵ و دیالە و سەلاحەدین و ڕومادی و فەلوجە و کۆمەڵکوژی و شەڕی تایفی نێوان پێکهاتەکان و پاکتاوکردنی کریستیانەکان لە بەسرە و بەغدا و جینۆسایدی خورماتوو و پاکتاوی ڕەگەزیی کورد لە کەرکووک دەستپێکردبێت، چەند ساڵێکی تر ڕووداوگەلی لە تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفال زیاتر لە مێژووی عێراقدا تۆمار دەکرێن. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێستا گەلانی عێراق دەتوانن چی بکەن بۆ ئەوەی ڕێ لە ڕوودانی ئەو وێرانکاریانەی داهاتوو بگرن؟

ئەزموونی ئەم چواردە ساڵەی ڕابردوو دەریخست گۆڕینی دەموچاوەکان، هیچی لە عەقڵیەتی حوکمڕانی نەگۆڕیوە. ئەو عێراقەی کە پێکهاتەکانی ناو خۆی و جیهانی دەرەوە، دوای سەدام بە عێراقی (هیوا و ئاشتی) ئومێدیان لەسەر هەڵچنیبوو، زۆر زوو ئاراستەکەی گۆڕا بۆ عێراقی تۆڵەکردنەوە و سڕینەوەی جیاوازی. ئەمەش لە دەستپێکی حوکمی حیزبی دەعوەوە کە (جەعفەری) نوێنەرایەتی ئەو عەقڵیەتەی گواستەوە بۆ ناو حوکمڕانی، دەستپێکرد. لایەنە عێراقیەکان پێیانوابوو بە گۆڕینی جافەری ڕێگە لەو ئاراستەیە دەگرن، بەڵام مالیکی هات و خراپتر بوو.

نووری مالیکی خزمەتێکی گەورەی بەو دۆستانەی عێراق و ئەو پێکهاتانە کرد کە ئومێدیان لەسەر عێراقێکی جیاواز هەڵچنیبوو، زوو نائومێدی کردن و هەموویان تێگەیشتن کە درێژەدان و مانەوەی ئەم جۆرە لە حوکمڕانی، عێراق بەرەو هەڵوەشانەوە و گۆڕەپانی جەنگێک دەبات کە ناوچەکە بەخۆیەوە دەسووتێنێ. بەڵام هەڵەی گەورەیان کرد و ئەمجارەش دەرفەتی ئەوەیان ڕەخساند کە مالیکی بگۆڕن بە کارەکتەرێکی تری ناو منداڵدانی هەمان قوتابخانەی سیاسی. عەبادی هات و درێژەی بە هەمان ئەو ستراتیجە دایەوە کە حیزبی دەعوە بۆ تەشەیوعی ناوچەکە دایڕشتووە، بەڵام بە زمانێکی نەرم و پێچەوانەی دەمارگیرییەکەی مالیکی، ئەم بە عەسابێکی سارد و بە لێوێکی پڕ لە خەندەوە ئەوەی مالیکی خەونی پێوە دەبینی، کردی بە واقیع.

ئێستا عێراق لەبەردەم دۆخێکی هاوشێوەی نارەزاییەکانی کۆتایی حوکمی جەعفەری و مالیکیدایە، سوننەی عەرەب بەهۆی ئەوەی بستێ خاکیان نەماوە بە سوتماک نەکرابێ لەسەر دەستی عەبادی و هەزاران کەسیان بە بیانووی شەڕی داعشەوە پاکتاوکراون، کوردیش بەهۆی ئەو تاوانکاریانەی لە خورماتوو کراون و هەروەها بەهۆی ئەو سیاسەتەی لە بەعەرەبکردنەوەی کەرکووک و داگیرکردنەوەی بەشی زۆری خاکی کوردستان لەلایەن عەبادییەوە ئەنجامدراون، گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی مانەوەی عەبادی لە حوکم دەرفەتی ژیان بۆ غەیرە شیعە لە عێراق ناهێڵێتەوە.

لەبەرئەوەش کە عێراق بەرەو هەڵبژاردن دەڕوات، قسەوباسی مانەوە یان گۆڕینی عەبادی بە کارەکتەرێکی تری سیاسی بووەتە باسی گەرمی کۆڕ و کۆبوونەوەکان، تەنانەت هێزە نێودەوڵەتیەکانیش بوون بە بەشێک لەم گفتوگۆیانە. لەبەر ئەوەی شێوازی مامەڵەکردن و جۆری سیاسەتکردنی عەبادی جیاواز بوو لە مالیکی و بەهۆی ڕووپۆشێکی تاکتیکیانەی نەهجی شیعی لەم قۆناغەدا، وێناکە بەو جۆرە دەرکەوتووە کە مالیکی نزیک لە ئێران و عەبادی نزیک لە ڕۆژئاوایە، بۆیە خەریکە مەیلێک لای ئەمریکا و ئەوروپا دروست دەبێت بۆ پشتیوانی لە مانەوەی عەبادی و سەرەتاکانی گوشار لەسەر هێزە عەرەبیە سوننەکان و لەسەر کوردیش بۆئەوەی پشتگیری لە مانەوەی عەبادی بکەن، دەرکەوتووە.

لە کاتێکدا عەبادی وەک پرۆسەیەکی تەواوکاریی ئامانجەکانی داعش چەندین ملیۆن عەرەبی سوننەی ئاوارە کردووە و شارەکانی لەگەڵ زەوی تەختکردوون، زەمینەی بۆ حەشدی شەعبی خۆشکردووە سیاسەتی تەشەیوع لەناوچەکانیان پەیڕەو بکەن، هەروەها نیوەی خاکی کوردستانی داگیر کردووە و جینۆسایدی لە خورماتوو ئەنجامداوە، ئایا کورد و عەرەبی سوننە دەست دەنێنە سەر برینەکانی دڵیان و دەکەونە ژێر فشارە نێودەوڵەتییەکانەوە، یان بەدوای بەدیلدا دەگەڕێن؟ ئایا بیرکردنەوە لە بەدیل ئەمجارەش هەڵەکانی پێشوویان پێ دووبارە دەکاتەوە کە کارەکتەرێکی تری ناو هەمان نەهجی سیاسی شیعی بهێنن بۆ تەواوکردنی ستراتیژی شیعی؟ یان بەدوای دەرچەی تردا دەگەڕێن بۆ ڕزگارکردنی عێراق لەو شێوازە لە حوکمڕانی.

کوردستان پێشتر بەهۆی ئەو ستراتیجە شیعیەی حیزبی دەعوەوە ناچار بوو ڕێگەی جیابوونەوە بگرێتەبەر، ئێستا بەهۆی ئەو گوشارە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەی لەسەرێتی، ناچارە جارێ مەحکومی بەغدابێت، بەڵام بۆ ئەوەی عێراق لەو عەقڵیەتە ڕزگار بکرێت، باشترین بژارە ئەوەیە کورد عێراق لەو دۆخە ڕزگار بکات کە ئێستا گیرۆدەی بووە لەنێوان بەرەی مالیکی و بەرەی عەبادی، ڕێگەی دروست ئەوەیە لەگەڵ پێکهاتەی عەرەبی سوننە و چەند هێزێکی تری ناو ماڵی شیعی (عەللاوی و موقتەدا و حەکیم) پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن هاوپەیمانییەک دروست بکەن و بەیەک لیست بچنە هەڵبژاردنەوە تا ئەمجارە حیزبی دەعوە لە حوکم دووربخرێتەوە نەک عەبادی بگۆڕن بە کەسێکی دیکە.



چۆلی فایەق

# ئایین بۆ پەروەردە یان بۆ فێربوون؟

وانەی ئایین لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا، بەشێوەی سیستەمی پەروەردەیی عێراق، پڕ لە برینی قووڵ و ئاریشەی ئاڵۆزە، ئەگەر بە لەسەرخۆیی و حەکیمانە چارەی بۆ نەدۆزینەوە و بوێرانە بە چارەسەری نەگەیەنین، سەری هەموومان دەخوات.

سیستەمی پەروەردە بەگشتی کەلێن و بۆشایی زۆرە، بەڵام ئایین بەتایبەت، لە هەموویان دەردەدارترە لەنێو ئەم پرۆسەیەدا. جاران کۆی سیستەمەکە تارمایی (بەعس)ی بەسەرەوە بوو، دواتر وردە وردە هەوڵدرا خۆی لێ ڕزگار بکرێت، هێندێ هەنگاو بۆ چاکسازیی لە وانەی ئایین نران، وەلێ شتێکی ئەوتۆ نەبوون کە بتوانێت گرفتەکانی پرۆسەی پەروەردەی دینی، چارە بکات.

لەم ساڵانەی دوایی، کەسانێکی ئیسلامیستی میانڕەو (ئیسلامی سیاسی) ئەرکی دارشتن و نووسینەوەی پرۆگرامەکەیان پێ سپێردرابوو، بەڵام ئەمانیش بە تەنگەنەفەسییەوە، مامەڵەیان لەگەڵ بابەتەکەدا کرد. وانەی ئایین، پڕ بوو لە بابەتی خورافیی وەها کە عەقڵی منداڵێکی پۆلی سێ و چواری سەرەتایی وەرینەدەگرت و بەرگەی نەدەگرت. چ پێویست دەکات باسی دەجال و عەزابی قەبر بۆ منداڵێکی دە ساڵانە بکەین؟ مرۆڤ لەم قۆناغە منداڵیەیدا پێویستی بە هەڵنان (الترغیب)ە نەک تۆقاندن (االترهیب).. هەروەتر، ئەم پرۆگرامە پڕ لە تەکفیر بوو، وەها لە زەینی منداڵێکی 12 ساڵانە دەچەقێنرا، هەر کەسێ پێبەندی ئایینی ئیسلام نەبێت و شەهادە گۆ نەکات، کافرە. بە شێوەیەکی ڕەهایی، پێبەندیی ئایینی لە دەرەوەی ئیسلام، بە کوفر هەژمار دەکرد. چ پێویست دەکات ئەم منداڵە بئاخزێنینە نێو شەڕی کوفر و ئیمانەوە؟ هەروەها کاتێ ئەم پرۆگرامە دێ ئافرەتی بێ سەرپۆش، بە لادراو لە ئاکار و ڕەوشت وێنا دەکات، ئەم منداڵە چۆن لە دایکی بڕوانێت کە سەری کۆتە؟ زمانی پرۆگرامەکەش تا بڵێی کوردییەکی خراپ و خواروخێچە، لەبەرئەوەیش لە زۆر جێ ئەوان هاتوون کتومت هێندێ بابەتیان تەرجەمە کردووە، زمانەکەی هیچ تێگەیشتنێک نادات بەدەستەوە و ڕەچاوی ڕێزمان و ڕستەسازی کوردییان تێدا نەکراوە. ئەمانە و دەیان گرفت و بێسەروبەریی تر لە پرۆگرامی پەروەردەی ئایینی کە لەجیاتی هێوری، پەشێوی لەنێو جڤاکدا، دەنێتەوە.

پێشتر، هەموو هەوڵەکان بە دیوی چاکسازیی پرۆگرامەکە هەنگاویان دەنا، هەموو تەمای ئەوەیان بوو ئەوەی هەیە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و جارێکی تر دابڕێژرێتەوە. بەڵام، بەم دواییانە، بەتایبەت کە چەند هاوڕێیەکی ئایینناسمان کاریان لەسەر ئاشکراکردنی گرفتە قووڵەکانی پرۆگرامی پەروەردی دینی کرد، هەنگاوەکان بەرەو ڕادیکاڵێتی چوون و پسپۆڕان و شارەزایانی بوارەکە، لە بری چاکسازی، ئەمجارە داوای گۆڕینی ڕیشەیی پرۆگرامەکەیان کرد.

## گۆڕینی ڕیشەیی یان چی و چۆن؟

لە مانگی ئاداری 2017 ئێمە وەک بژاردەیەک لە پەروەردەکار و لێکۆڵەرانی دیناسی، بە دەستنیشانکردنی (وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی هەرێمی کوردستان) لە ماوەی 3 ڕۆژی کۆنفرانسی یەکەمی (ئایندەی وانەی ئایین) بە چڕی لەگەڵ خاتوون (دیانا موری) پرۆفیسۆری دیناسی لە (زانکوی هارڤەر)ی ئەمریکاوە، ئەم باسەمان تاووتوێ کرد. هەڵبەت بە ئامادەیی لایەنی فەرهەنگیی کونسوڵخانەی ئەمریکا.

گۆڕینی ڕیشەیی، مەبەستمان ئەوەیە، لە بنەڕەتدا شتێک نەمێنێت بە ناوی (پەروەردەی ئیسلامی) یان (پەروەردەی ئایینی) بەڵکوو پرۆسەکە لە پەروەردەکردنەوە بۆ فێرکردن و خوێندن بگۆڕێت. بەو ئاگاییەی لە نێزیکەوە هەمە، ئێستە لە نێوەندە ئەکادیمییە ئایینناسییەکانی جیهاندا، مشتومڕی زۆر لەسەر ئەم باسە هەیە، ئایا پەروەردەی دینی بێت یان خوێندنی دینی؟

ئێمە ئەوەمان بەلاوە پەسەندە و داوای ئەوەیش دەکەین، پەروەردەی دینی بە خوێندنی دینی بگۆڕێت. خۆ لەنێو بیرمەند و فەیلەسووفان لەسەر ئەوەیش دەمەتەقێیەکی زۆر هەیە، ئاخۆ قوتابخانە بۆ پەروەردەیە بان بۆ فێرکردن؟ بەشێک لە بیرمەندان لایان وایە پەروەردە بەشی ماڵە، فێرکردن پشکی قوتابخانەیە. ئێمە خوێندنی دینی بە باش و پەروەردەی دینی بە خراپ دەبینین، ئەمەیش بە چەند ئەرگیۆمێنتێک:

1_ کاتێ منداڵ لە سەرەتاوە لەسەر یەک ئایین پەروەردە دەکرێت و تەنیا ئایینی ماڵبات و دەوروبەرەکەی بە حەق دادەنرێت، بە سرووشتی حاڵ، ناخی بەرەو توندڕۆییەکی شاراوە پەلکێش دەکرێت. بەڵام کاتێ لە منداڵییەوە بە خوێندن زانیاری لەسەر هەموو دینەکان پەیدا کرد و حەقیقەتیان لەنێو یەک دینی دیاریکراو بۆ قۆرخ نەکرد، هەنگێ کە پێگەیشت، تێدەگات و بە چاوێکی بابەتیانەوە لە ئایینەکان دەڕوانێت.

2_ پەروەردی دینی، سلووکێکی کەنارگیری پەرگیری ئایینی دێنێتە ئاراوە، مرۆڤ کاتێ کەلتووری ئایینەکانی تری بە قێزەونییەوە لە مێشک نرا، دوورەپەرێز دەبێت و تێکەڵاویی کۆمەڵایەتی نابێت. بەڵام ئەگەر لە منداڵییەوە بابەتیانە دابونەریتی گشت دینەکانی تر فێر کرا، ئەوسا لە تێکەڵاوی ئەوانی دی سڵ ناکاتەوە و فۆبیای بۆ چێ نابێت.

3_ پەروەردەی دینی کار لەسەر ئەوە دەکات وا مامەڵە لەگەڵ دین بکەین کە ئێمە حەزمان پێیەتی .. بەڵام خوێندنی دینی، ناچاری ئەوەمان دەکات وەها لەتەک دیندا هەڵسوکەوت بکەین وەک ئەوەی هەیە نەک وەک ئەوەی ویستی ئێمەیە.

4_ منداڵێکی کاکەیی لە وانەی پەروەردەی ئیسلامی لە پۆل دەچێتە دەر، لە تاقیکردنەوەکانیش دەبوردرێت. بەڵام لە وانەی فێرکردنی دینی، هیچ کەس بێبەش نابێت، منداڵێکی موسڵمان لەنێو قوتابخانەیەکی مەسیحییشدا، ئامادەیی دەبێت. هەڵگری هیچ ئاینێک لە وانە و تاقیکردنەوەکانی وانەی خوێندنی دینی هەڵاوێر ناکرێت.

بە ئەمانە و چەندان بەڵگە و ئەرگیۆمێنتی دیکەش، دەتوانین بیسەلمێنین خوێندنی دینی لە پەروەردەی دینی باشترە، بگرە بەراورد ناکرێن، چون پەروەردەی دینی (جا ئیسلامی بێت یان مەسیحی هەر ئاینێکی تر) بۆ ئێستامان، زیان و ئەنجامی خراپی هەیە.

بەشێکی دی لە گفتوگۆکان ئەوەیە کە وانەی ئایین هەر لە بنەڕەترا نەهێڵدرێت. ئەمە زێتر دەنگی نادینییە ڕادیکاڵەکانە. بەشێکی دی هاواری ئەوە دەکەن پەروەردەی ئیسلامی نابێت دەستکاری بکرێت و دەبێت پتریش بنەما ئیسلامییەکانی تێدا دابکووترێت. ئەمانەیش دینییە توندڕەوەکانن. ڕاستی ئێمە بەدەست هەردوو بەرەوە گیرمان خواردووە، ئەو دوو بەرەیەی من ناویان دەنێم سەلەفی دینی و سەلەفی نادینیی، ئاخر لە مێنتاڵی و دونیابینیان بۆ دین، لە ئەنجامدا یەک دەگرنەوەو و لە یەک کانیاو ئاو دەخۆنەوە. واقم وڕ نامێنێت ئەگەر ئەم دوو بەرەیە بە خەستی و سەختی ڕووبەڕووی ئەم هەنگاو و داوایەی ئێمە بووەستنەوە، ئاخر خۆری بازرگانییەکەیان ئاوا دەبێت.

وانەی ئاین لە قوتابخانە گرنگیی خۆی هەیە، دەتوانین بە مامەڵەیەکی درووست، سوودی باشی لێ وەربگرین (هەڵبەت ئەوە بۆچوونی دکتۆر دیانا مۆری سیکۆلاریست)یشە و ئەمیش وەک دیناسێکی ئەزموونداری کە وەک ڕاوێژکار بەشداربووە لە پرۆگرامی ئایین لە چەندان وەڵاتی ئەوروپی و ئاسیایی، لای وایە گرنگە وانەی ئایین لە قوتابخانە هەبێت... بەڵێ منیش دەڵێم گرنگە، بەڵام بەو مەرجەی خوێندنی دینی بێت نەک پەروەردەی دینی. گرینکە، چوون ئەگەر لە قوتابخانەڕا، لە قۆناغی بنەڕەتیڕا، پەیتا پەیتا قوتابی بە ئایینەکەی خۆی و گشت ئایینەکانی تریش ئاشنا بوو، ئەوسا بانگخوازێکی توندڕەو و واعیزێکی خورافی، ناتوانێت زەفەری پێ ببات و لە خشتەی بەرێت. ئەگەر لە قوتابخانەڕا بە شێوەیەکی درووست، مەدەنی و سەردەمیانە منداڵ بە ئایین ئاشنا نەکەین، لات سەیر نەبێت، دوو ڕۆژی تر، کەسانێکی توندئاژۆ، بە سۆزی ئایینی، غەسل دەماغیان بکەن... با وانەی ئایین هەبێت، بەڵام خوێندن بێت .. خوێندنەکەش بە قۆناغبەندی بێت، بۆ نموونە دەکرێ لە یەک تا شەشی بنەڕەتی، وانەی ئایین تەنیا بریتیی بێت لە فێرکردنی ئەتەکێت و ئاکار، پێبەندبوون بە ڕێسا و ڕێنماییەکان. دواتر کە قوتابی بۆ قۆناغەکانی سەرەوە هەڵکشا، فۆکەسی تەواو بخرێتە سەر دیناسی.

گرفتێکی دیکەی ئێستەی وانەی ئایین، خوودی مامۆستاکانن. بە بەدوواداچوونە ڕۆژنامەییەکانی خۆم، ئاگەداری ئەوەم، مامۆستای وا هەیە، لە ڕێی وانەی ئایینەوە، چەندان قوتابی خۆی بۆ نێو ڕێکخستنەکانی حزب، ڕاکێشاوە. هیی وا هەیە، بە گوێرەی سەرودڵی خۆی، تەفسیری بۆ پارچە ئایەتێکی نێو کتێبەکە کردووە. هەیە لەسەر لەچک، تێکستی بریندارکەی نێو توراسی بۆ قوتابییە کچەکانی خوێندووتەوە... لەگەڵ ئەو گۆڕینە ڕیشەیی باسی لێ دەکەین، وەزارەتی پەروەردە، دەبێت زۆر بە جدی بیر لە ئامادەکردنی کادیری چالاک و بابەتیانەی وانەکە بکاتەوە، هێندێ فلتەری بەهێز دابنێت و بەدوواداچوونیشی بۆ بکات.

گرفتێکی تر ئەوەیە، تا ئێستە لە وەزارەتی پەروەردە، سەرپەرشتیار (مشرف)ی تایبەت بە وانەی دینمان نییە، بەڵکوو موشریفی زمانی عەرەبیان بۆ پرکردنەوەی ئەم کەلێنە داناوە. لە تۆماریش مامۆستای وانەی دین دەبێت بە مامۆستای زمانی عەرەبی ناوی تۆمار بکرێت.

دین بابەتێکی زیندووە، هەستیارە، جڤاکی شەڕقیانەی ئێمیە هێشتە بەر مۆدێرنێتێ نەکەوتووە .. ئیدی بۆ ئەوەی چەند گرۆیەکی توندڕەو دیوی دینی نەوەکانی ئایندە لە ئەوە زێتر هەڵنەقۆزنەوە، دەبێت حکوومەت و سیستەم، پرۆژە و ڕوئیای بۆ هەبێت. کوردستان خاکی فرەئاینییە، دەبێت هەر لە ڕێی خوێندنیشدا، ڕەگی ئەم تۆلێرانسە ئاینییە، لە دڵی منداڵانمان شین بکەینەوە.



بەهرۆز شوجاعی

سوپا ئایدیۆلۆژیکەکانی ئێران و عێراق

# لە SS ی ئەڵمانییەوە تا سوپای پاسداران

ئێس ئێس (SS: Schutztaffel) واتە سەرایای پاسداران، ڕێکخراوی پارامیلیتەری پارتی نازیی ئەڵمانیا بوو کە لەسەر "پاکیی نەژادی"، ئانتیسیمیتیزم (دژایەتیی نەژادی جوو) و وەلائی ڕەها بۆ ئادۆڵف هیتلەر و ئینتیمای نیشتمانی بۆ ئەڵمانیا دامەزرابوو. ئایدیۆلۆژیی ئێس.ئێس لەسەر بنەمای جەنگ بوو لە دژی دەوڵەتە دوژمنەکان، تێکەڵاویی نەژادی، جوو، کاتۆلیسیزم، فریماسۆنی، کۆمۆنیزم، کۆمار، تێکچوونی ئەخلاقی، کاپیتالیستەکان و ئەوانی دیکە. فەرماندەی SS، هاینریش هیملەر سەربازانی SSی وەکوو جەنگاوەرانی "ئایدیۆلۆژیک" پێناسە دەکرد. بەشێکی تر لە SS کە لە ساڵی 1938 دامەزرا، سەربازی جووتیار یان سەربازی گەل (Wehrbauer) بوو. جگە لە هێزی سەربازیی SS، واتە Waffen-SS شەڕێکی قورسیان لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا دەکرد، یەکینەکانی ئاسایشی ئەم هێزە واتە Sicherheitsdienst تاوانکارە سەرەکییەکانی هۆلۆکۆست و جینۆسایدی جوو بوون.

سوپایەکی ئایدیۆلۆژیک، لە ئێرانەوە بۆ عێراق

هاوشێوەی سوپای ئایدیۆلۆژیکی ئەڵمانیا کە فەرمانی لە سوپای گشتیی ئەڵمانیا Wehrmacht وەرنەدەگرت، لە ئێرانیش هەر لە سەرەتای شۆڕشەکەدا سوپایەکی ئایدیۆلۆژیک، لە دەرەوەی بازنەی ئەرتەشی ئێران بەناوی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی دامەزرا. سەرنجڕاکێشە کە هەم SS و هەمیش سوپای پاسداران ناوی پاسدار (پاسەوان)یان پێوەیە، چونکە هەردووکیان پاسی ئایدیۆلۆژییەک دەکەن. هەروەکوو SS کە سەربازی گەل (Wehrbauer) ی هەبوو، سوپای پاسدارانیش بەسیجی هەیە و هەر بەشێوەی SS کە گێشتاپۆ Gestapo ی هەبوو، سوپای پاسداران دەزگای ئەمنیەتی خۆی هەیە کە سەر بە وەزارەتی ئیتیلاعاتی ئێران نییە، هەرچەندە ئەم وەزارەتەش لەژێر سێبەری سوپای پاسداراندا کار دەکات. سوپای پاسداران جگە لە پاراستنی بەهاگەلی ئایدیۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەروەکوو SS ڕەسالەتی بڵاوکردنەوەی ئەو ئایدیۆلۆژییەی بۆ وڵاتانی دەوروبەر و جیهان هەڵگرتووە. هەم SS و هەمیش سوپای پاسداران باوەڕیان بە باڵادەستیی ئایدیۆلۆژییان هەیە. SS لە دەرەوەی ئەڵمانیاش چەندین بەتالیۆن و لیوای لە نەتەوەکانی تر دامەزراند، لەوانە کەتیبەی SS ی هەنگاری، پۆڵۆنی، ڕووسی، چیکی و تەنانەت کەتیبەی ئازەربایجانیان هەبوو کە لە ئاراستەی ئایدیۆلۆژیی SS دا شەڕی بە وەکالەتیان دەکرد. کەتیبەی ئازەریی SS یەکێک لە هێزە سەرەکییەکانی سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی وارشۆ بوو لە پۆڵۆنیا. سوپای پاسدارانیش لە دەرەوەی ئێران، لە لوبنانەوە بگرە تا یەمەن چەندین هێزی بەپێی ئایدیۆلۆژیی ئیسلامی شیعە دامەزراندووە. لە میانەی شەڕی ئێران و عێراقدا سوپای پاسداران، سوپای بەدری دامەزراند کە زۆربەی سەربازانی، ئەسیرانی پێشووی سوپای عێراق بوون. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە سەربازانی SS ی بیانی لە ئازەری و پۆڵۆنی و ڕووس زۆربەیان بە ئەسیری کەوتبوونە دەست ئەڵمانەکان. پاش نەمانی سەدام لەسەر حوکم، گۆڕەپانێکی ئاوەڵا بۆ بزاڤی سوپای بەدر و چەندین سوپای تری شیعە لە عێراق ڕەخسا.

جگە لە سوپای بەدر، ئێران یارمەتیی دامەزرانی (جیش المهدی) دا کە لە ساڵی 2008دا ناوی بۆ (سرایا السلام) گۆڕدرا. سوپای پاسداران دیسان هاوکاریی دامەزرانی (ع×ائب اهل الحق)ی بە فەرماندەیی قەیس خەزعەلی کرد. ساڵی 2007 سوپای پاسدارانی ئێران کەتایبی حیزبوڵڵای دامەزراند کە بەر لە هەموو شتێک لەدژی هێزە هاوپەیمانەکان شەڕیان کرد. پاش 2013 سوپای پاسدارانی ئێران چەندین گرووپی پارامیلیتەری وەکوو کەتائبی ئیمام عەلی، کەتائبی سەید شوهەدا، کەتائبی ئیمامی غائب و فەزڵ ئەلعەباسی دامەزراندووە. ئەم هێزانە و چەندین هێزی دیکە هەموویان لە ژێر سەیوانی حەشدی شەعبیدا کۆکرانەوە و تەنانەت ئەو گرووپانەی شیعەش نەبوون، کرانە ئەندام، وەکوو کەتیبەی (روح الله عیسی ابن مریم) و کەتیبەی بابلیون کە کریستیانن و کەتایب ئێزیدخان و کەتایب لالش کە ئێزدین. دامەزرانی ئەم بەتالیۆن و کەتیبانە لەلایەن سوپای پاسدارانەوە، کەتیبە نائەڵمانییەکانی SS دێنێتەوە بیر کە تەنانەت لەگەڵ ئایدیۆلۆژیی پاک و خاوێنیی نەژادی SS دا ناکۆک بوون.

## کورد و سوپای ئایدیۆلۆژیکی عێراق

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە یەکێک لە دژبەرانی سەرسەختی گشتپرسیی باشووری کوردستان، ئێران و سوپای پاسدارەکەی بوو. سوپای پاسدارانی ئێران بە چەندین ڕێگە هەوڵی داوە هەڵمەتی گشتپرسی پەکبخات و بە ڕووداوەکانی کەرکووک ئەم هەوڵانە گەیشتنە قۆناغێکی مەترسیدار لەسەر باشووری کوردستان. عەسایبی ئەهلی حەق یەکێک لە میلیشیا چالاکەکانی سەر بە حەشد بوو بۆ داگیرکردنی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان. سەرەڕای وەلائی جیاوازی ناو حەشدی شەعبی، حکومەتی ناوەندیی عێراق ئەو توانایەی نییە ئیرادەی خۆی بەسەر حەشددا بسەپێنێ، کە تا ئێستا سەلماندوویانە بەپێی بنەما ئایدیۆلۆژییەکان ئینتیمایان زیاتر بۆ تارانە و لەو ڕووەشەوە ئیتاعەتی فەرمانەکانی تاران دەکەن. هەوڵی بەغدا بۆ ئەوەی حەشدی شەعبی بخاتە بن سەیوانی حکومەتی ناوەندی لەوە ناچێت سەرکەوتوو بێت، بەپێچەوانەوە هێزە چەکدارەکانی عێراق بەگشتی دەکەونە ژێر سێبەری ئایدیۆلۆژیکی حەشد و سوپای پاسدارانی ئێران. لە ئایدیۆلۆژیی سوپای پاسداران و حەشدی شەعبیدا هیچ جێگەیەک بۆ دەربڕینی شوناسی ئەتنیکی و دەستەبەرکردنی سەروەری بۆ گرووپە ئەتنییەکان نییە. زوو یان درەنگ کوردستان ڕووبەڕووی شەڕێکی ئایدیۆلۆژیک لەگەڵ وەکیلی سوپای پاسداران واتە حەشدی شەعبی لە قاڵبی مەنزوومەی سەربازیی عێراقدا دەبێتەوە کە کیانی کوردی لە باشوور وەکوو ئیسرائیلی دووەم پێناسە دەکات. کێشەی کورد لەگەڵ بەغدا تەنیا لەسەر خاک نابێت، کێشەکە سنوورەکانی باوەڕی ئاینی و ئایدیۆلۆژیک تێپەڕ دەکات. لایەنی کوردی چەندە ئامادەیە بۆ ئەم شەڕە، لە ئایندەدا دەردەکەوێت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پەلەقاژەی لاهوور

1

لە روانگەی کوڕانی جەنگی تاڵەبانییەوە کە ئەندازیاری خیانەتەکەی 16ی ئۆکتۆبەرن (چونکە رێککەوتن لەگەڵ قاسم سلێمانی بۆ بەدەستەوەدانی کەرکووک لە پرسەی مام جەلالدا لە تاران لەلایەن ئاراسی برای لاهوور کرا و دواتر پاڤێڵیشیان هێنایە ناو هاوکێشەکەوە)، ئەوان خۆیان پێ وارسی راستەقینەی تاڵەبانییە. هۆکاری سەرەکیش ئەوەیە کە لە دوای نەخۆشکەوتنی تاڵەبانییەوە، دەزگا ئەمنی و ئیستیخباراتییەکەی ژێردەستی لاهوور و براکانی (کە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەیکەلیەتی بەڕێوەبردنی بۆ دانان و بودجەی پێدان)، پشکی شێریان هەبووە لە پاراستنی بنەماڵەی تاڵەبانی لەبەرامبەر ئەوانەی دەیانویست ببنە شوێنگرەوەی ئەو لەناو سیاسەتدا.

ئەو روانگایە لای ئەوان وا تەشەنەی کرد کە حیساب بۆ کوڕەکانی تاڵەبانیش نەکەن، تا وای لێهات گەلاوێژی خێزانی برایم ئەحمەد لێیان بێتە دەنگ و بڵێت ئەوێ شوێنی ئێوە نییە! چونکە بەو دەسەڵاتە رەهایە مافیاییەی کە هەیانبوو، وردە وردە جومگەکانی دەسەڵاتی ناو یەکێتییان کەوتە دەست و، تەنانەت بوون بە بەشێکی کاریگەر لەو پلانە ئیقلیمیانەش کە لەسەر کوردستان هەبوون. پەلاماری داعش بۆ سەر هەولێر و هاتنی بەپەلەی هێزەکانی دژە تیرۆری سەر بە لاهوور، هاوشان لەگەڵ قاسم سلێمانی، نیشانەی ئەوە بوو کە بە باشی ئاگایان لە هەموو پلانەکان هەبووە. ئەوێ رۆژێش پلان ئەوە بوو کە داعش هەولێر بگرێت. لە بنەڕەتدا ئەگەر تەماشا بکەی دەبووایە لە ئابی 2014دا، داعش پەلاماری کەرکووکی دابایە نەک هەولێر! (ئەگەرچی دوایی لە 2016دا، بە هاوکاریی حەشدی شیعی و ئێران داعشیان خزاندە ناو کەرکووکەوە، بەڵام ئەویش سەری نەگرت تا 16ی ئۆکتۆبەر کە سەرکەوتن) هەر بۆیەش دووبارە لە ئۆکتۆبەری ئەمساڵ، جارێکی دیکە ویستیان هەمان پلان بە حەشدی شەعبی (کە خۆیان بەشداری هێزەکانیان بوون) بۆ هەولێر دووبارە بکەنەوە کە ئەمجارەش سەری نەگرت.

ئەوان پێیانوابوو دوای کەرکوک، هەولێریش دەکەوێتە دەست حەشدی شیعی، لە سەرێک تۆڵەی 31ی ئاب لە پارتی دەکەنەوە، لەسەرێکی دیکەوە دەتوانن بەتەواوەتی دەست بەسەر حوکمی کوردستان و یەکێتیدا بگرن. حکومەتێکی نوێی موالیی ئێران و بەغدا رابگەیەنن و پارتی یان پەلکێشی شەڕی ناوخۆ بکەن، یانیش چاوشکێنی بکەن. ئەوە تابلۆ گشتیەکەیە و دەرکەوت دووبارە لێکدانەوەکانیان هەڵە بووە، ئەوەی بە (42 ساڵ) بە مامیان نەکرا، بەوانیش ناکرێت.

---

## سڕینەوەی قوباد تاڵەبانی

2

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی کۆنگرەی یەکێتی (کە بڕیارە سەرەتای ساڵی داهاتوو بکرێت)، ئەستێرەی بەختی قوباد تاڵەبانی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لەهەڵکشاندایە. بە تایبەتیش کە ئیدارەی ئەمریکا ئاگاداری ورد و درشتی دەستێکەڵکردنی لاهوور و جەماعەتەکەی لەگەڵ قاسم سولەیمانی و حەشدی شیعین و، ئاگایان لەوە هەیە کە چۆن بە نیازی دابەشکردنی کوردستانن. لاهوور لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر وای دانابوو کە بە هاوکاریی پاڤێڵ، دەست بەسەر یەکێتیدا بگرن و، تەنانەت دەیگوت ئەوانەی بەشدار بوونە لە بڕیاری ریفراندۆم بۆیان نییە لە کۆنگرەی داهاتوودا بەرپرسیارێتی وەربگرنەوە! ئەوەی لە حیساباتی لاهووردا نەبوو ئەوە بوو کە قوباد تاڵەبانی بەو شێوەیە بۆ داهاتووی حوکمڕانیی کوردستان و یەکێتی بەرجەستە ببێت.

بۆیە ئێستا بە هەموو لایەکەوە، جەماعەتی 16ی ئۆکتۆبەر خەریکی پاکانەکردن بۆ خۆیان و پەلاماردانی پارتی و حکومەتن. بەو پێیەی کە قوباد تاڵەبانی لەلایەن پارتییەوە پشتیوانی لێدەکرێت (چونکە ئەوان لای پارتی کۆتاییان هاتووە) و لەناوخۆی یەکێتیش ئیش بۆ ئەوە دەکرێت جێگەی باوکی بگرێتەوە و شانسیشی زۆرە. دەیانەوێ قوباد وەکو دەستەمۆی پارتی وێنا بکرێت (بۆیە چەپ و راست کەوتوونەتە پەلاماردانی هاوپەیمانی ستراتیژیی مامی گەورەیان!) تا مەرکەزییەتێکی بڕیاردان لەناو یەکێتیدا دروست نەبێت و ئەو پاشاگەردانییەی ئێستا هەیە، ئاوا بەردەوام بێت. هاوتەریب لەگەڵ ئەوەش هانی خەڵک دەدەن کە پەلاماری حکومەت و پارتی بدەن و وەزعی سلێمانی بە ئاراستەیەکدا ببەن، خەڵک 16ی ئۆکتۆبەری لەبیر بچێتەوە، کەشێک دروست بکەن کە کۆنگرەی یەکێتی نەبەسترێت، هەڵبژاردن نەکرێت و حکومەتیش (کە ئەمڕۆ وا خەریکە هەموو دنیا پشتیوانیی بێ قەیدو شەرتی بۆ دەردەبڕن) لەکەدار بکەن. ئەوان دەیانەوێ لە داهاتوویەکی نزیکدا هەرچۆنێک بێت لە سلێمانی خوێن بڕژێت، تا بەکراسێکی وەبکەن و بەوەش خیانەت و هەرزەیی خۆیانی پێ پەردەپۆش بکەن.

---

## ئەگەر راست دەکەن!

3

بانگەشە بۆ خۆپێشاندانی سەرتاسەری! و پێکهێنانی حکومەتی کاتی لەکاتێکدایە کە دەبێ ئەم حکومەتەی ئێستا تا چەند مانگێکی دیکە وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن دیاری بکات. بۆیە ئەگەر هێزە سیاسییەکانی سلێمانی بڕوایان بە خۆیان و دەنگدەرانیان هەیە و نییەتیان رووخاندنی حکومەت و فەوزا نییە، دەتوانن چەند مانگێکی دیکەش سەبر بکەن. خەڵک لە چەمچەماڵ دێننە سەر جادە، هەمان ئەو جادەیەی بەسەدان تانکەر نەوتی کەرکووکی پێدا تاڵان دەکرێ، بەڵام ناپرسن ئەو تانکەرانە هی کێن و ناشچن ئاگریان تێبەردەن، بەڵام ئامادەن بارەگای پارتی بسووتێنن!

ئەوانەی بانگەشە بۆ راپەڕین و رووخاندنی حکومەت دەکەن، گەیشتوونەتە لوتکەی ئیفلاسی سیاسی، هەم لەناو حزبەکانی خۆیاندا و هەمیش لەناو جەماوەری کوردستان. تا بینەقاقا غەرقی قەیرانی ناوخۆیین و تەنها ئارامبەخشیش ئەوەیە کە خەڵک لەدژی پارتی هان بدەن، لەکاتێکدا پارتی هیچ دەسەڵاتێکی لە زۆنەکەی ئەواندا نییە. خۆ ئەگەر دەتوانن بچنە ژێرباری ئیدارەدانی خەڵکی خۆیان، ئەوا پارتی پێش هەموو کەس پیرۆزباییان لێدەکات! چونکە لە ئەمری واقیعدا، دوو ئیدارەیی و دووڕوویی ئیداریش هەیە. بۆیە پارتی تەمەننا دەکات ئەوان لە یەکێک لەو دووانە دەرباز بن.

ئێستا ئەرکی بەپەلەی حکومەت ئەوەیە کە بێ گەڕانەوە بۆ حزبەکان و بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان (کە ئێستا وا خەریکی پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەرانیشن)، وادەیەک بۆ هەڵبژاردنەکان دیاری بکات و کۆتایی بەو موزایەداتە بێنێت.

---



مەجید نیزامەدین گلی*
بەرپرسی نووسینگەی تۆڕی میدیایی رووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان

دیپلۆماسی

# پێشبینییە ترسناکەکان

"ئێمە هاوپەیمانییەکی (نێودەوڵەتی) دادەمەزرێنین بۆ شەڕ لە دژی ئێران"، رۆژی پێنجشەممە، نیکی هایلی کە بەرپرسێکی باڵای ئیدارەی ئەمریکایە و کەسێکی نزیکە لە ترەمپ، ئەمەی راگەیاند. هەفتەی رابردوو سەرۆکی فەرەنسا داوای هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی کرد و زۆر لێدوان و وردەکاریی نێودەوڵەتی دیکە کە هەواڵی خۆشن بۆ باشووری کوردستان.

لەوانەیە ئەم شتانە روونەدەن. ئەمریکا لەوانەیە زۆر توندتر لە جاران بەرەنگاری ئێران و هاوپەیمانەکانی ببێتەوە لە عێراق و ناوچەکە. فەرەنسا و لایەنی دیکەی نێودەوڵەتی لەوانەیە هەوڵی جدی بدەن بۆ ئەوەی هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی ببێتە داواکارییەکی نێودەوڵەتی. بەڵام ئەمانە هەمووی ئەگەرن: لەوانەیە روودەن و لەوانەیە روونەدەن. یاخود لەوانەیە بە شێوازێک روودەن کە هەر لە بەرژەوەندی کورد نەبێت. بۆ نموونە: دەکرێت ئەمریکا لە جیاتی بەهێزکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە رێگای بەهێزکردنی عەبادییەوە هەوڵی بێهێزکردنی ئێران بدات لە عێراق.

ئەوەی ئێستا ئەمریکا لە عێراق دەیکات پاراستنی باڵانسی هێزە لەگەڵ ئێران نەک هەوڵدان بۆ بێهێزکردنی، بەڵام لە داهاتوودا ئەگەر ئەمریکا بەجدی بیەوێت باڵادەستیی ئێران لە عێراق کەم بکاتەوە، ئەوە واشنتن لەوانەیە پێویستی بە حەیدەر عەبادییەکی زۆر بەهێزتر بێت لەوەی ئێستا. نموونەیەکی دیکەش: لەوانەیە بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەربچێت (کە زۆر زەحمەتە) و بڵێن حەشدی شەعبی دەبێت هەڵبوەشێتەوە، بەڵام بەغدا لە وەڵامدا دەتوانێت ناوی ئەو هێزە شیعیە لە (حەشدی شەعبی)یەوە بگۆڕێت بۆ (فیرقەی 32ی سوپای عێراق) و لەڕاستیشدا وەکو خۆی بمێنێتەوە و لەجیاتی ئاڵای فاتمەی زەهراش تەنیا ئاڵای عێراق هەڵبکات و بەهەمان چەک لە کوردی دووزخورماتوو بدات.

مەبەستم ئەوەیە کە نابێت بڕیاربەدەستانی کورد بڕیار لەسەر پێشبینی گەشبینانە بدەن. یەکێک لە هەڵە گەورەکانی قۆناغی پێش گشتپرسی ئەوەبوو گوێ لەو راوێژکارانە دەگیرا کە پێشتر دەیانگوت "پلانێکی نێودەوڵەتی هەیە بۆ گۆڕینی سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست" کاتێک لێیانت دەپرسی چۆن دەزانیت؟ دەتبینی پێشبینییەکەی هیچ بنەمایەکی نەبوو.

مەرجیش نییە هەموو شتێک کە لەلایەن بەرپرسێکی ئەمریکاوە بگوترێت مانای ئەوە بێت کە روودەدات، بەتایبەتی لەم ئیدارەیەی ئێستا. یەک سەرچاوەی دیپلۆماسی ئەمریکی یان نێودەوڵەتی نییە بڵێت قسەکانی نیکی هایلی راستن کە ئەمریکا خەریکی پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران. لە راستیدا ئەنجامدانی ئەو پرێس کۆنفرانسەی رۆژی پێنجشەممە و ئەو لێدوانانەی هایلی لە دژی ئێران، زیاتر وا دەردەکەوت کە هەوڵێکی نیکی هایلی بێت بۆ ئەوەی جێگای ریکس تیلەرسن بگرێتەوە وەکو وەزیری دەرەوەی ئەمریکا.

بەڵام لە هەمان کاتدا دووریش نییە ئەو لێدوانەی هایلی سبەینێ ببێتە بڕیارێکی ئیدارەی ترەمپ، بەتایبەتی کە ئێستا ژەنەراڵ مەکماستەر و تیمەکەی بە جدی کار لەسەر مەسەلەی ئێران دەکەن.

بەهەرحاڵ نابێت بڕیاربەدەستانی کوردستان سیاسەتەکانیان لەسەر ئەو هیوایە دابڕێژن کە ئەمریکا و لایەنی دەرەکیی دیکە بێن بە سیحرێک هەموو نەیارەکانی کورد لە عێراق بێهێز بکەن و ئەم ئابلۆقەیەی سەر هەولێر بشکێنن. ئەوە یەک جار لە 2003 روویدا و دوعا بکە لە 2018 دووبارە ببێتەوە، بەڵام چاوەڕێی مەکە. هەروەها جگە لە گەڕان بۆ چارەسەرێک لە دەرەوەی عێراق و هەوڵدان بۆ پشتگیریی نێودەوڵەتیی زیاتر، تەماشای ناوەوەی عێراقیش بکە. لەوانەیە یەکێک لە کلیلەکانی شکاندنی ئەم ئابلۆقەیەی سەر هەرێمی کوردستان سوودوەرگرتن بێت لەو ناکۆکیە قووڵانەی لەنێو ماڵی شیعیدا هەیە.

جگە لەوە توانای ئێران لە عێراق سنووردارە و ئێران هەموو شتێکی بەدەست نییە و لە دوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە موبالەغەیەکی زۆر هەیە لەسەر قەبارەی باڵادەستیی ئێران لە عێراق. زۆربەی لایەنە سوننیەکان و بەشێک لە لایەنەکانی نێو ماڵی شیعی لەم دۆخەی ئێستا ناڕازین، بڕیاربەدەستانی کورد دەتوانن هاوپەیمانێتییان لەگەڵ بکەن. راستە دەستپێکردنەوەی دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراق و عەبادی زۆر گرنگە و گرنگە کورد سوود وەرگرێت لەو پشتگیرییە نێودەوڵەتیەی کە ئێستا بۆ دانوستاندنی نێوان هەولێر و بەغدا هەیە، بەڵام بڕیاربەدەستانی کورد دەتوانن شتی دیکەش بکەن بۆ باشترکردنی پێگەیان لە عێراق. بەغدا تەنیا عەبادی و حکومەت نییە و ئێران و قاسم سولەیمانیەکەشی هەموو شتێکیان پێ کۆنترۆڵ ناکرێت.

عێراق هێشتا لە فەوزا و قەیراندایە و ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەر روویدا بەهۆی بەهێزیی بەغدا و توانا و سیحری قاسم سولەیمانی نەبوو، بەڵکو زیاتر بەهۆی پەرتەوازەیی نێوماڵی کورد بوو. کورد دەکرێت لە جیاتی ئەوەی چاوەڕێی چارەسەرێکی نێودەوڵەتی بێت، دەستبکات بە پرۆسەی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان و کاریان لەگەڵ بکات. هەولێر دەکرێت ببێتە سەنتەری هاوپەیمانێتییەکی سیاسی نوێ لە عێراق کە ئەمریکا و عەبادی (یان هەر کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران) پێویستیان پێبێت لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا.

*بەرپرسی نووسینگەی رووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان

---



رێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# سەرکردە گەنجەکان و مۆبایلە کۆنەکان

چەند ساڵێک لەمەوبەر، ئەو کاتانەی هێشتا "نۆکیا" کۆمپانیای پێشەنگی مۆبایلسازیی جیهان بوو، لە وتووێژێکدا سەبارەت بە نهێنیی سەرکەوتنی بەردەوامی کۆمپانیاکە، سەرۆکی ئەوسای نۆکیا، یۆرما ئۆڵلیلا گوتی؛ "ئێمە بەوە دڵخۆش نابین کە هەنگاوێک لەپێش رکابەرەکانمانەوە بین. هەوڵی بەردەوامی ئێمە ئەوەیە کە هەمیشە سێ هەنگاو لەپێش ئەوانەوە بین، بەمشێوەیە ئەگەر رکابەرەکانمان هەنگاوێکیش لێمان نزیک ببنەوە، ئێمە دوو هەنگاومان دەرفەت دەمێنێ تا پێ هەڵێنینەوە و پێشەنگایەتیی خۆمان بپارێزین".

ئەو کاتانەی نۆکیا بەڕێوەبوو تا بازاڕەکانی دنیا داگیربکا و لە کۆمپانیایەکی خۆماڵی و نەتەوەیی فینلاندییەوە ببێ بە کۆمپانیایەکی بان-نەتەوەیی و چوارقوڕنەی دنیای گلۆباڵ بتەنێتەوە، تووشی قەیرانێک بوو: قەیرانی گەشەسەندن. یۆرما ئۆڵلیلای سەرۆکی ئەوسای نۆکیا لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە، "ئێمە کە هاتین بیر لە سیاسەت و ستراتیژی پەرەپێدانی نۆکیا بکەینەوە، دوای بیرکردنەوە و مشتومڕێکی قووڵ و درێژخایەن، گەیشتین بەو قەناعەتەی گرینگترین مەرجی سەرکەوتن کە دەبێ لەسەری ساغ ببینەوە، دیاریکردنی بەهاکانمانە". ئۆڵلیلا دەگێڕێتەوە کە؛ "کاتێک خاڵبەخاڵ ئەو بەهایانەمان دیاری دەکردن کە دەبوو ببنە بنەمای تێکۆشانی داهاتووی نۆکیا، بەبێ دوودڵی هەموومان هاودەنگ بووین لەسەر ئەوەی گرینگترین بەها بۆ ئێمە ئەو پرێنسیپەیە کە: مشتەرییەکانمان خاوەنکاری ئێمەن"! واتە ئێمە بۆیە هەین چونکە مشتەرییەکانمان ئێمەیان هەڵبژاردووە. تا ئەوکاتەش دەتوانین سەرکەوتوو بین کە بەدڵی مشتەریەکانمان بین.

ڕەنگە ئەگەر ئەم وتانەی سەرۆکی پێشووی نۆکیا بۆ سەر زمانی سیاسەت وەربگێڕین، بکرێ باس لە "دیمۆکراتیزەکردنی پیشەسازیی مۆبایل" بکەین. سیاسەتی دیمۆکراتیزەکردنی پیشەسازیی نۆکیا، لەو خاڵەدا زیاتر بەرجەستە بووە کە لە دواساڵەکانی لوتکەنشینیی نۆکیادا، ئەو کۆمپانیایە تەرکیزی ستراتیژیی خۆی خستبووە سەر بەرهەمهێنانی موبایلی کەمنرخ و پەرەپێدانی نۆکیا لەناو بازاڕی وڵاتانی پەرەئەستێن و پڕچەشیمەتدا. سیاسەتی نۆکیا ئەوە بوو کە لەبری موبایلی کەم و گران، موبایلی زۆر و هەرزان بەرهەم بهێنێت.

هەڵبەت ئەم سیاسەتە تا سەر بۆ نۆکیا نەچووە سەر. هاتنە بازاڕی مۆبایلە زیرەکەکان، بوو بە سەرەتای وەدواکەوتنی نۆکیا لە رکابەرەکانی و ئاوابوونی ئەستێرەی بەختی ئەو کۆمپانیا زەبەلاحە، هیچ نەبێ لە بواری موبایلسازیدا. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە رکابەرەکانی نۆکیا تەنیا کاتێک توانیان پێشاوبڕی لە نۆکیا بدەنەوە کە یەکسەر شێوەی بیرکردنەوەی خۆیان سەبارەت بە فەلسەفەی موبایل گۆڕی. موبایلی زیرەک، بەرهەمی جۆرێکی جیاواز لە بیرکردنەوە بوو. سازکردنی موبایلی زیرەک بوو بە شۆڕشێک لەناو دنیای موبایلسازیدا. بەڵام بنەمای ئەم شۆڕشە پێش ئەوەی داهێنانی تێکنۆلۆژیی بێت، دارشتنی فەلسەفەیەکی نوێ بوو بۆ موبایل، کە سەرەتا لە فۆرمی "ئایفۆن"دا خۆی دەرخست. ڕەنگە کەس ئەوەندەی سەرۆکی کۆچکردووی ئەپڵ، ستیف جۆبز، بەجوانی ئەم فەلسەفە نوێیەی نەدرکاندبێ؛ جۆبز لە یەکێک لە وتووێژەکانیدا باسی لەوە کرد کە "بۆ ئێمە ئەوەندە بەس نییە پێداویستییەکانی مشتەرییەکانمان دابین بکەین. ئێمە پێداویستیی نوێ بۆ مشتەرییەکانمان دەخوڵقێنین!". واتە، ئەوەندە بەس نییە کە مرۆڤەکان بۆ پێوەندیگرتن پێویستیان بە موبایل هەبێت، دەبێ وا بکەین کە پێویستی و نیازی نوێ لە ژیانیاندا بێتە کایەوە و بۆ دابینکردنی ئەو نیازانەشیان دیسان هەر هەست بکەن پێویستە بگەڕێنەوە بۆ لای ئێمە! ئەمەش بەکردەوە دەکاتە ئەو شتەی کە Psychological manipulation یان "دەستکاریکردنی خولیا و خەیاڵ و ڕەفتاری مرۆڤەکان"ی پێ دەگوترێ. ( بیرێک لەو ململانێ سەرسوڕهێنەرە و، لەو پێشوازییە سەرشێتانەیەی مشتەرییەکان لە نەوەی نوێی موبایلە زیرەکەکان بکەنەوە، کاتێک مۆبایلێکی نوێ گەرماوگەرم دێتە ناو بازاڕ. ئەوە لەکاتێکدا چیدی هیچیەک لە داهێنانە نوێیەکانی موبایلە زیرەکەکان پێوەندییەکی بە مەبەستی سەرەکیی موبایلەوە نییە، کە کردەی پێوەندیگرتن بووە و بەس).

من لێرەدا نامەوێ ئاکامگیریی ئەخلاقی بکەم و بڵێم، موبایلە کۆنەکان لەسەر بنەمای بەهایەکی ئەخلاقیی دیمۆکراتیک بەرهەم دەهێنران و موبایلە زیرەکەکان بەرهەمی فێڵێک بۆ دەسکاریکردنی زەوقی مرۆڤەکان و بەتاڵکردنەوەی زیاتری گیرفانی مشتەری و پڕکردنی گیرفانی کۆمپانیاکانی بازرگانیی موبایلن. ئاخر دوایین قسە سەبارەت بە موبایلی زیرەکیش، هەر دڵی مشتەری دەیکات، هەڵبەت مشتەرییەک کە پێشتر دەسکاریی خولیا و خەیاڵی کراوە! هەر لێرەدا ئەوەش بڵێم کە ئێستا ئیتر وڵاتە پەرەئەستێنەکانی وەک هیندووستان کەوتوونە بەرهەمهێنانی جۆری هەرزانبایی لە موبایلە زیرەکەکانیش، بە شێوەیەک کە ئێستا ئیتر کەسانی کەمداهاتیش دەتوانن بە تێچوونی موبایلێکی سادەی جارانەوە، دەستیان بەنموونەی هەرزانتری موبایلە زیرەکەکان ڕابگات. ئەم دەسپێشخەرییانەش بێگومان، پشت بە ئایدیایەکی جیاواز دەبەستێ کە ڕەنگە لێرەدا پێویست بە لەسەرڕۆیشتنی زیاتری نەکات.

ئەوەی لێردا بەلای منەوە شیاوی وەبیرهێنانەوەیە، بایەخی یەکلاکەرەوەی بنەمای فکری و فەلسەفەی چالاکییە. ئەوەی کە تەنانەت ئەو موبایلانەش هەوڵ دەدەن شەیدای داهێنانە تەکنۆلۆژیەکانی خۆیانمان بکەن، پشت بە بەها و فەلسەفە دەبەستن. تەکنەلۆژیا تەنیا سەرخانە. ئەوەی دەیباتەوە، ئەو کەس و لایەنەیە کە خاوەنی ژێرخانێکی فکریی بەهێزترە و داهێنەرانەتر بیردەکاتەوە، جا چ لە دنیای بازرگانیدا و چ لە بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

هەرچەندە زۆرجار شوبهاندنی کۆمپانیایەکی بازرگانی بە حکومەت، بە کردەیەکی نادروست دەزانرێ، بەڵام حوکمڕانی و بازرگانی، هەردووکیان بواری بەڕێوەبردنن و هەردووکیان لەگەڵ مشتەری بەرەوڕوون (یەکیان مشتەریی کاڵا و، یەکیان هاووڵاتیان). بۆیە ڕەنگە ئەوانەی ئاگاداری زانستی بەڕێوەبەرین، لەسەر ئەو ڕاستییە کۆک بن کە لەدنیای سیاسەتیشدا وەک دنیای بازرگانی، بەبێ ڤیزیۆن، بەبێ "ڕوئیایەکی بەرچاوڕوونکەر"، سەرکەوتن مەحاڵە.

هێندێک لە زانایان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕێبەریکردن پێش ئەوەی پشت بە هەر بەهرە و توانایەکی دیاریکراو ببەستێ، پێویستی بە شێوەیەکی تایبەت لە تێڕوانینە. واتە ئەوەی کە مرۆڤ هەست و هەڵوێستی ڕێبەرایەتیخوازانەی هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە ڕەنگە کەم گەلی دنیا ئەوەندەی ئێمە کەسانی خوازیاری ڕێبەریکردنی تێدا هەڵکەوتبێت! کەسانی دەسەڵاتخواز لەناو ئێمەدا زۆرزۆرن. ئەوەی لای دەسەڵاتخوازەکانی ئێمە نییە، ڕوئیایەکی مۆدێرن و دیمۆکراتیکە، ڕوئیایەکی بەدیل کە مانا و ئاراستەیەکی هاوچەرخ بە دەسەڵاتدارێتی ببەخشێت. بەڕاست، ڕوئیای ئەوانە چییە کە هەموو ژیانیان بۆ شەڕی دەسەڵات و ڕێبەریکردنی کۆمەڵگەی ئێمە تەرخان کردووە؟! لە ڕێبەریکردندا بەدوای چ فەلسەفەیەکەوەن؟!

"خێڵاندنی حیزب و حیزباندنی کۆمەڵگە" جەوهەری سیاسەتی چارەکە سەدەی ڕابردووی حوکمڕانی لە کوردستان بووە. بەپێچەوانەی ڕواڵەتەکەی، ئەم سیاسەتە پشتی بە هیچ ڕوئیایەکی دیاریکراوی ڕێبەرایەتی نەبەستووە، بەڵکو ڕێک لە غیابی ڕوئیایەکی ڕوونی ڕێبەریدایە کە مێنتالیتەیەکی کولتووریی تەبا لەگەڵ تەبیعەتی مێژوویی کۆمەڵگەی ئێمە، چوارچێوەی سیاسەتی حوکمڕانی دیاری کردووە. تەنیا پشکێکی ئەم سیاسەتە کە هۆشیارانە و زانایانە بەرهەم هاتبێ، ماکیاژکردنی بووە بەکۆمەڵێک مەفاهیمی هەڵخەڵەتێنەری هاوچەرخی وەک "حیزبایەتی" و "پەرلەمانتاریزم' و "دیمۆکراسی". بەڵام ناشێ چیتر وڵات بە "غەریزەی کولتووری" بەڕێوە ببردرێت.

کۆمپانیای گەورەی نۆکیا لە کاتێکدا بەملەوە درا بەعەرزدا، کە هەروا لەپەستا خەریکی بەرهەمهێنانی نەوەی نوێی موبایل، بەڵام بەفەلسەفە کۆنەکەی خۆی بوو. نەوەی نوێی سەرکردەکانی کوردستانیش، ئەگەر بە ناوەڕۆک هەر میراتگری فکری و ئەخلاقیی حاکمانی پێش خۆیان بن و تەنیا بە ناو نوێ بن، حاڵیان لە حاڵی مۆبایلە کۆنەکانی نۆکیا باشتر نابێت! یۆرما ئۆڵلیلای سەرۆکی پێشووی نۆکیا لە یەکێک لە وتووێژەکانی ئەم دواییانەیدا لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئاخۆ چۆن بوو نۆکیا بەوهەموو توانایییەوە گۆڕەپانی بۆ ڕکابەرەکانی چۆڵ کرد، وەڵامی دابووەوە؛ "لەڕاستیدا ئێمە زوو هەستمان بەوە کرد کە تەکنۆلۆژیای موبایلی زیرەک، خاڵی لاوازی ئێمەیە لە ئاست ڕکابەرەکانمان. بەڵام تا هاتین بەخۆماندا بێینەوە، کار لە کار ترازا بوو.."

ساتەوەختێک دێ حکومەتیش هەست بە هەڵەی خۆی دەکا و تەنانەت ڕەنگە دروستترین لێکدانەوەش بۆ هۆکاری قەیرانەکانی بکات، بەڵام ئەی ئەگەر ئەو ساتەوەختە ئیتر درەنگ بووبێت؟ ئەی ئەگەر ئیتر کارلەکار ترازابێت؟! گەلۆ؛ حکومەت بە چی دڵگەرمە کاتێک مشتەرییەکانی (هاووڵاتییەکانی) لێی دڵکرمێ بووبن؟! ساتەوەختێک دێت کە چیتر "سیاسەتی پینەوپەڕۆ" و پووشبەسەرکردنی کێشە ڕیشەییەکان، تەنیا دەبێتە هۆی قووڵترکردنەوەی قەیرانەکان. لەو ساتانەدا وەسەرپێکەوتنەوە زۆر ئەستەمە، مادام نەتوانی فەلسەفەیەکی نوێ بۆ سیاسەت و ڕوئیایەکی جیاواز بۆ هەستانەوە دابڕێژی.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## مەلا داوای ریکلام لە کریستاڵ دەکەن

« 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net




